**مەملەکەتی نەزاکەتشا:**

ئەگێڕنەوە لەو ساڵ و عەیامانە، مەملەکەتێکی خۆشخەیاڵ هەبوو، مەردوومێکی برسی و ڕووت و ڕەجاڵیش وایانئەزانی هەرچی خەڵکی ئەو مەملەکەتانەی تریشن هەر وەک ئەمان ئەگوزەرێنن.. خۆشباوەڕو دڵساف و ساویلکە بوون، حوکمڕانەکان ڕۆژانە دەستبڵاوییەکی زۆریان لە بەڵێندا هەبوو، بۆ بەیانییەکەی بەڵێنی تازە ئەوەندە دڵخۆشکەر بوو، جێی بەوی دوێنێ لێژ ئەکردو بیر ئەچوونەوە.. جاروبارێ کە مەملەکەت ئارەزووی شەڕی هەڵئەسا، لە خوت و خۆڕایی فیتنەیەکی هەڵئەگیرسان و بە جۆرێکیش مێشکی ڕەعیەتەکەیان سیخناخ ئەکرد، زۆر بە گوڕ خۆیان بۆ شەڕ ئەکوتا و پێشبڕکێی گیانبازییان ئەکرد.

لای هەندێکی کەم لە خەڵکی مەملەکەت کە نزیکی کۆشکی شاهانە بوون، ژیان چ بەڵای نەبوو، بەوان بووایە خەڵکەکە نەک هەر ئاژەڵ و ڕەشە وڵاخ، بەڵکو ماڵ و مناڵەکەی خۆشیان بکردایەتە قوربانیی و لە گۆڕەپانی شاردا سەریان ببڕینایە.. لای ئەوانی تریش برسێتی ببووە دیاری خواوەندو بەندەی خۆی پێ تاقی ئەکردەوەو ڕۆژانە پێش ئەوەی لە خەو هەستن، دیارییەکە ئەگەیشتە ناو دڵی ماڵەکانیان.

دزیی سەر ماڵان، کەم بوو، لە جێی نەبووان بوو، لە زۆر مەجلیسدا باسی چاکەو جوامێریی ئەو دزانە ئەکرا کە چوونەتە سەر ماڵان و بە هەڵوێستێک مەردایەتیی و مێرخاسیی خۆیان نواندووە، هەر بۆ نمونە دزێک لە نیوەی شەودا هەڵئەکوتێتە سەر ماڵێک و ئەبینێ ماڵی پاڵێوراوێکی شورایە، کابرا مشت و مڕیەتی لەگەڵ ژنەکەی کە هەندێ پوڵی تری بە قەرز بداتێ، تا لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەدا خەرجی بکا بۆ ئەوەی دەنگی پێ کۆ بکاتەوە، ژنەکەشی بێ دڵیی ئەکاو ئەڵێ هەر وەک خولەکانی تر، ئەمجارەش بە دەستی بەتاڵەوە بۆمان دێیتەوە.. بۆ بەیانییەکەی کابرای دزە ئەکەوێتە بانگەشەکردن بۆ پاڵێوراو هەموو ئەقرەباو کەس وکاری خۆی رائەسپێرێ دەنگ بدەن بە پاڵێوراوەکە.

دیارترین سیفاتی مەملەکەتەکە ئەوە بوو، خەڵکەکەی دابەش ببوون بەسەر سێ توێژدا.. توێژی یەکەم : توێژە دەست ڕۆشتووەکە بوون، دەم هەراش و لە خۆڕازی، گاڵتەیان بە هەموو ئەوانی تر ئەکردو لە ناو خۆشیاندا کەسیان ئەوی تری لا پەسەند نەبوو.. خۆیان لە شەڕەچەلەحانێوە نەئەگلاند، وایان نیشان ئەدا بەڕێزترو داناترو ژیرترن لە هەمووانی تر.. خاوەنی زەوی و زارو کۆشک و تەلاری بڵند بوون، بەشێک لە موڵک و ماڵی گوندنشینەکانیشیان کڕیبووەوە، کردبوویان بە جێی سیاحەت و بەدیهێنانی خەونە فانتازییەکان.. هەر بەشێکیان لە دەوری دەستڕۆشتووەیەکی لە خۆیان باڵترەوە ئاڵابوون، لەبەردەمی ئەواندا ئەچوونەوە قۆزاخەی خۆیان و هەر لەگەڵ چاوی ئەوانیشیان لێ ئەپرا، ئیتر بکوژو ببڕ هەر خۆیان بوون.

توێژی دووەم: لەو کەسانە بوون، کە زمان درێژو جنێو فرۆش بوون، تێگەیشتبان و نەگەیشتبان، قسەی خۆیان هەبوو، زۆر جاران قسەکانیان ئەوەندە بێ کەڵک بوون، بە هیچ جۆرێک توخنی بابەتەکان نەئەکەوت.. ئەمان زۆرتر پێیان دائەگرت بۆ ئەوەی بگەنەوە بە توێژی یەکەم.. لە نێوانی ئەمان و ئەواندا، جارجارێ هەڵکشان و داکشان ڕووی ئەدا.. ئەم دوو توێژە پیلانگێڕو بە فرت و فێڵ بوون، بە گشتی بە هەردوولاین بەشێکی کەمی کۆمەڵگەکەی نەزاکەتشا بوون.
توێژی سێیەم: خەڵکی بێدەنگ و واق وڕماو بوون، هەموو شتێکیان ئەبینی و ئەوی نەشیان بینیبا درکیان پێئەکردو هیچیشیان نەئەوت.. لە درۆ گەورەکان ڕائەمان و بە بێزارییەوە وایان نیشان ئەدا کە خۆشباوەڕن و سەریان هەموو جۆرە کڵاوێکی بۆ ئەبێ.. نەدارو بێ بژێویی بوون، بێ فرت و فێڵ و دوور لە تەڵەکە بازیی، لەگەڵ ئەوەشدا گاڵتەیان بە هەڵپەی خەڵکانێک ئەهات، بۆ نان، پێیان وابوو ئەوە قەدەری ئیلاهییەو هەر ئەوەندەیان بۆ بڕاوەتەوە.. پەتای بیرکۆڵیی بە شێوەیەکی بەربڵاو تیایاندا بڵاو ببووەوە، ئەو بەڵێنە قەبەو درۆیینانەی ئەدران، زیاتر ڕووەو ئەمان بوو کە زۆرینەی ڕەعیەتەکەی نەزاکەتشایان پێک هێنابوو.. بڕوایان وابوو هەموو شتێک کۆتایی دێت، لەبەرئەوە زۆر لە خەمی میحنەتەکەیاندا نەبوون.. ناچار بوون باوەڕ بە درۆو بەڵێنە گەورەکان بهێنن، چون چارەسەری تر نەبوو، گەر بڕوایان نەهێنابا، ئایندەیان تاریک ئەبوو.. ئەم توێژە تا تینیان بۆ نەهاتبا نەئەتەقینەوە، کە ناڕەزاییشیان دەرئەبڕی، بەهۆی ناڕێک و پێکییانەوە، هەر بەقەدەر تەنکە بەفری دوای تاوە باران ئەمایەوە.
نەزاکەتشا خۆی ئەیزانی کێ تێر ئەکاو چ کەسێکیش برسی.

نەزاکەت حەزی بە سوعبەت نەبوو، هەر کەسێکیش لە بەردەمیا دەمی پان بکردباوە، خەنجەرەکەی هەڵئەکێشاو هەندێ تاڵە مووی بەر مەچەکی پێ ئەقرتاند.. حەزی بە گوێگرتن بوو لە دەنگدانەوەی دەرکەوتن و بڕیارەکانی، ئەمما لە زمانی ئەو کەسانەوە کە خۆی دیاری کردبوون.. ئەوانیش نەیانئەکردە نامەردیی و ئەوی ڕای مەردوومەکەی نەبووایە عەرزیان ئەکرد، چیرۆکی سەیرو سەمەرەیان بۆ ئەهۆنییەوە... پیرشالیار خزمێکی دووری هەبوو ناوی کەپاوان بوو، ڕۆژێ سەردانی ئەکاو چەند سەر مەڕێکی بەدیاری بۆ ئەهێنێ، پیرشالیاریش لە خزمەتی نەزاکەتشادا عەرزی خزمەتی کرد، کە پیاوێکی هەژار بە ناوی کەپاوانەوە، خەوی بە پاشاوە بینیوەو لەخەویا باڵای ئەوەندە کەڵەگەت بووە، هیچ مەملەکەتێکی دەرودراوسێ نەیتوانیوە تەماشای دەمو چاوی بکا.. پاش ئەوەی نەزاکەت دڵنیا بووەوە لەوەی کە پیرشالیار خۆی خەوەکەی لە کابرا بیستووە، بڕیاری دا کەپاوان بکرێ بە میرو سەروەت و سامانێکی باشیشی بدرێتێ.

خەڵک پەرۆشی دەرکەوتن و بینینی نەزاکەت شا بوون، ئەویش خوا هەڵناگرێ چەند ساڵ جارێک بە چەندین پاسەوان و عەرەبانەی یایەیلییەوە دوور بە دوور بە تەنیشتیاندا تێ ئەپەڕی و ئاسوودە بوو بەوەی ڕەعیەتەکەی لە دووریشەوە دەست بۆ هەموو عەرەبانەکان هەڵئەپرن.. لە راستیدا خەڵکەکە ئەیانویست ببینن بۆ ئەوەی پرێ پارەیان لێی دەستکەوێ.
نەزاکەتشای داپڕاو لە خەڵک، نە قسەی هاوشێوەی خەڵکی ئاسایی بوو، نە ئەوەی بیری لێ ئەکردەوە لە بیرکردنەوەی خەڵک ئەچوو، بە کورتی وەک ئەوە وابوو خەڵک لە مەشریق و ئەو لە مەغریب بێ.
هەم خۆی و هەم داروودەستەکەی لە خەمی خۆ دەوڵەمەندتر کردن و ناردنە دەرەوەی سەروەت و سامان بوون بۆ وڵاتە ئارامە دوورەکان، خەمی ئەوەیان بوو گەر لە مەملەکەتا قەوما، ئەوان پەناگەیەکی بێمنەتیان هەبێ.

مرخێش مرخێش، کاکە لاسیان دابووە پێش و جاروباریش لە پشتەوە زللەیەکیان پیا ئەکێشا، هەر ئەتوت دەمێکە نیشانی لێ ئەگرێتەوە.. ئەویش لە کسپەیەک و ئاو تێزانە چاوێک زیاتر بۆی نەبوو هیچی تر بڵێ.. ئەم کاکە لاسە بە ماددەی ٥٠٢٠٢ بەندی ٧ تۆمەتبار کرابوو، دەقی بەندەکەی نەزاکەتشا ئەڵێ:
"هەر کەسێک لە کاتی نزیک بوونەوە لە حەرەمی شاهانە، دارلاستیک یان قۆچەقانیی پێ بگیرێت، ئیشی قورس و زیندانی تاهەتایی بۆ دەبڕێتەوە"
لە راستیا کاکەلاس هیچ کامێک لەوانەی پێ نەبوو.. ئەم بەیانییە کاتێ بۆ کرێکاری ئەچوو ، تەنها دوو هێلکەی کوڵاوو دوونان لە توێشووەکەیدا بوو.. مەرزە کوێری ناحەزی کە لە حەرەمسەردا پشکنەر بوو، بە ئارەزووی خۆی بۆی تێکوشی و قۆچەقانییەکیشی لە باخەڵی هاویشت و وای نیشانی پاسەوانەکاندا کە ئەمەی پێ گرتووە.
ئێوارەیەکی باراناوی، هەروێکی تاڵی هێنابوو، نەزاکەتشا کتوپڕ لە کۆشک هاتە دەرو بەرەو باخەکە چوو.. پاسەوانەکان سەری دنیایان لێ هاتەوە یەک و هەر دوو دوو و سێ سێ ئەیاندا بە یەکا.. نەزاکەت زۆر بایەخی بەو شڵەژاوییەی ئەوان نەدا، هەر گەیستە ناو باخەکەو ڕەهێڵە دایکرد.. دەست و پێوەند بە پەلە سەیوانیان بۆ ڕاهێشت و بەری بارانەکەیان گرت.. نەزاکەت دیقەتی باخەوانەکەی دا لەبەر ئەو تاوە بە خوڕەدا لە لایەکی باخەکەوە خەریکی راست کردنەوەی خشتی لێواری باخەکە بوو.. بانگی کرد:
_تۆزێ بیربکەرەوە کوڕم، با تاوە بارانەکە تەواو بووایە، ئەوکاتە بچوویتایەتەوە سەر ئیشەکەت.
باخەوان کە چۆقەی دان و ترس و بیمەکەی تێکەڵ ببوو:

_پاشا گیان پێیان وتم هەر پشت راست بکەیتەوە، جەنابی پاشا لە پەنجەرەکەوە ئەتبینێ و فەرمانی کوشتنت دەرئەکا.
سەرباری دڵە پیس و کیناوییەکەی نەزاکەت، دارودەستەکەی ئەوەندەی تر دڕندە نیشانی خەڵکیان ئەدا، ئەمەش بۆ ئەوەی تا وێنەی نەزاکەت قێزەونتر بێ، خەڵکیی سازش و ڕیایی زیاتر بۆ ئەوان بکەن... نەزاکەت ئەو کەسەی دۆزییەوە کە بە ناوی ئەوەوە فەرمانە درۆییەکەی بۆ باخەوانەکە دەرکردبوو، سزای توندو بەندکردنی داو لە کارەکەشی دەریکرد.

ئسوڵ و عادەتیان وابوو هەر کە میوانێک بهاتبا، ئیتر هەموو عورفێکی خۆیان بیر ئەچووەو ئەیانویست ببن بە یەکێک لەوان، دیقەتێکی وردی نەزاکەت و ئەوانی تر بدرابا، ئەوەندە خۆیان بچووک ئەکردەوە، کە هەندێک پێی شەرم بوو دواتر ئەو بە فەرماندەو گەورەی خۆی بزانێ، دەسەڵاتیش نەبوو، ئەبووایە هەر ملکەچ بوونایە، دەی ئاوو نان و ئیسراحەتەکە لەوێدا بوو.
بۆنی ناوگەڵی نەزاکەت بە هیچ شتێک بن پڕ نەئەکرا، ئەو بۆنە سەرداری بێ سەر ئەکرد، بۆنەکە ئەگەیشتە دەوروبەر، پزیشکێک ڕای وابوو، بەکارنەهێنانی ناوگەڵی ئەو بۆنەی دروستکردووەو ڕایسپارد کە لە هەفتەیەکدا پێویستە سێ جار بپەڕێ.. ئەو ئەوەی نەکرد، لەبری ئەوە توندتر داپۆشی بەو هیوایەی بۆنەکە دەرنەپەڕێ.
ئەگێڕنەوە نەزاکەتشا شەڕێکی گەورەو گرانی لەسەر ئەو بۆنە نابووەوە، ئەچێتە وڵاتێکی دراوسێ و خاوەن ماڵ بە بۆنەکە کاس ئەبێ و ئیتر خۆی بۆ ناگیرێ و باسی ئەکا.. نەزاکەتیش کە ئەگەڕێتەوە هێرشێکی ناخافڵ ئەکاتە سەریان و تا دراوسێ خۆی ساز ئەکا، ئەم چەند شارو گوندێکیان ئەکاتە قاوەڵتی.. ئەم پاشایە هەروا حیز فرسەت بوو، ئەوەبوو کە سوپای دراوسێ بە ئاگا هاتەوە، ڕاماڵینێ ڕای ماڵی، خەڵک و خوا بۆی تێ نەکۆشینایە، نەجاتی دابوو.
میر ئەفراسیاو کە میرێکی سەدەمی پێشوو بوو، بە مەبەستی نزیک بوونەوە لە نەزاکەت دنیا گەڕا تا چارەسەری بۆنەکەی نەزاکەتشا بدۆزێتەوە.. حەکیمێک پێی وتبوو بەم شلەمەنییە ڕۆژانە سێ جار ئەو شوێنە چەور بکرێ ئیتر بۆنەکە بنبڕ ئەبێ.. مەرجی بەکارهێنان و سەرکەوتنی تیمارییەکەش سەری میرئەفراسیاو خۆی بوو.
هەردووکیان زۆر دڵخۆش بوون بەم تیمار کردنە.. هەرچی ئەفراسیاوە دێتەوە کۆشک و ئەبێتە کاربدەستی گەورە، بۆ نەزاکەتیش بۆن پڕینەکە گەورەترین دەسکەوت بوو.. هەواڵەکە گەیشتە گوێی دوابەیەکی دانیشتووانی مەملەکەت.. شالیارو وەزیرو گزیر لە هەمووان دڵخۆشتر بوون، کە ئیتر بە ئاسوودەیی ئەتوانن لای پاشاوە دابنیشن.

-خۆم ئەمزانی شتێکت لە ژێر سەرایە، ئەفراسیاوی هیچ و پووچ ..
))بۆ دەست و پێوەندەکەی)): بیخەنە ژوورێکەوە، نان و ئاوی نادەنێ تا بەو وەزعەوە ئەتۆپێ.
دوای ئەوەی پریاردرا بۆ ماوەی مانگێک نەزاکەتشا مەرهەمەکە بەکار بێنێ، فەرمانی دەرکرد کە ئەفراسیاو بۆ ماوەی مانگێک لەناو کۆشکا تاقی بکاتەوە، لەبەرئەوەی نەزاکەت لە بنەڕەتەوە متمانەی بە خۆی نەبێ، بە هیچ کەسی تری نەبوو..
ئەفراسیاو لە هەژدەمین ڕۆژی بەکارهێنانیدا بەیانیەکیان بینی وا گەڵ و گونی جۆرە کرمێکی هەڵهێناوە، هەرچەند ئەکا دەرەقەتی پاککردنەوەی نایەت، کرمەکەش لە هەر شوێنێک لێ ئەکاتەوە، جێگەی ئەبێ بە برین و خوێن فیچقە ئەکا، هانای بۆ حەکیمەکان برد، بەڵام تازە کار لە کار ترازابوو، بە هیچ کڵۆجێ چارەسەری نەبوو.
نەزاکەت بە هۆی ئەو پۆدرەیەوە کە دۆزیبوویەوە، سەروەت و سامانی زۆری کەڵەکە کردبوو، بە پارەی پۆدرە هەموو ڕەعیەتی دووچاری ئیفلیجیی کردبوو، کەس تاقەتی ئیشکردنی نەمابوو، هەموو جۆرە بەرهەمێکی خۆماڵی سفر بوو، هەموو شتێک لەو مەملەکەتەدا بۆ پارە ئەکرا.. پیشەسازی نەبوو، کشتوکاڵ لە خراپترین ئاستدا، خوێندن زۆر دواکەوتوو، ئاستی توێژینەوەکان لە ئاستی خوێندنی فەقێیەکاندا، ئەدەب و هونەر جێی گاڵتەوگەپی جارانی گرتبووەوە، کامەیان سووکتر بووایە، ڕەواجی باشتر بوو، ئەمە بە بەرنامە وا لێکرابوو، میللەتێک هەمووی پێئەکەنی، کاربەدەستان نەیانئەهێشت کەسە جدییەکان دەربکەون، ڕێگە بۆ لۆتی و شایەرو قەرەقۆزو لەیبوک و کۆلکە نوسەرو شاعیرەکان باش خۆش کرابوو.. هەموو گاڵتەیان بە کاری جدی ئەهات.. ئەم بە پارە هۆگر کردنەو ئیفلیج کردنی توانا مرۆییانە، بۆ نەزاکەت یەک و پێنج سەدی دەرهێنابوو.. هەر کات لە یەکێ وەڕز بایە تەنها ئەوەندەی ئەوت:
_لای خۆمان جێی مەکەنەوە.
ئەمە بەس بوو بۆ ئەو کەسە ڕەشاوی خۆی هەڵهێنێتەوە .

یەکسانی یان دادپەروەریی کۆمەڵایەتی کە ئێستەشی لەگەڵدا بێ، نەیتوانیوە لە کتێبەکان زیاتر دەرەتانێ بدۆزێتەوەو قەت نەیوێراوە سەرێ بکێشێتە دەرەوە، لە مەملەکەتەکەی نەزاکەتشادا وێردی سەر زاری دەستڕۆشتووەکان بوو، بەم زاراوە کشاوە داکشاوە وەهمییە، تەفرەی تەواوی ڕەعیەتیان دابوو، خۆڵیان کردبووە چاوی هەمووانەوە، ئێ ئیتر ئەمە سەروەریی خاک و کە بەس سەروەر نەبوو، یەکگرتوویی کە لەبەریەکی هەڵوەشاندبوون، قوتابخانەی فریودان کە بێ مامۆستاو میتۆدو تەختەڕەش بوو کەچی ئەو هەموو فێرخوازەی هەبوو، هەروا بێتەوە خۆیایەتی و بیری پێشکەوتنخواز کە کەس ماناکەی نەئەزانی و وەک تووتی ئەیانوتەوە، سەربەخۆیی و

رزگاریی، چاکسازیی و باشسازیی و خۆشگوزەرانیی و جوانکردن و باشکردنی ژیانی هەمووان، ئەمانە بنەڕەتەکانی خۆش هەڵخەڵەتاندنی خەڵکە ڕەشۆکییەکە بوون.. نەزاکەتشا ئەیزانی کەی ئەم هەستانەو زۆری هاوشێوەی ئەجوڵێنێ.

نەزاکەتشا شەڕێکی درێژ خایەنی دۆستانەی هەڵگیرساندو پێشتر هەموو ئامرازەکانی بۆ جوڵاند.. خەڵکەکە زۆر بە گەرمیی پێشوازیان لە شەڕ کردو بە شەڕی موقەدەسیان ناونا.. پەیتا پەیتا بە حەماسەوە، بە لێکدانەوەی جیاوازەوە خەڵکیی ڕوویان کردە شەڕگەکان.. جا چەک و تفاقی نەزاکەت هەر بریتی بوو لە تفەنگە شڕەکان و تیروکەوان و ڕم و چەکە سەرەتاییەکان، لەبەرئەوە لە هەندێ شەڕگەدا حاڵ باش نەبوو.

یاوەرسین، لە زۆرێکی شەڕەکاندا پاڵەوانبازیی ئەکرد، ئەم یاوەرسینە شارەزاییەکی زۆری لە هونەری جەنگیی گروپی بچووکدا هەبوو، زۆرترین هێرشەکانی بە پێنج تا شەش کەسەوە ئەکردو زۆر ئازایانە ئامانجی ئەپێکاو ئەو مەبەستەی بۆی ئەچوو ئەیگەیشتێ.

ناووناوبانگی یاوەرسین نەک هەر لە ناو سوپاکەی نەتزاکەتشادا لە هەڵکشاندا بوو، لە ناو دوژمنیشدا ترس و تۆقینی بڵاوکردبووەوە.. هەر شەڕگەیەک لە شکستدا بووایە خێرا نەزاکەت جوابی بۆ ئەنارد بیگاتێ، ئەویش کە هیچ دڵی بە کەس نەئەکرایەوە بۆ نەزاکەتیش هەروا بوو، بەڵام ئەچوو، ئەرکی خۆی بە سەرکەوتوویی ڕائەپەڕاندو ئەگەڕایەوە شەڕگەی سەرەکی خۆی.

شەوێکیان دوژمن هەلێکی قۆستەوەو کۆمەڵێک چەکداری تەیارو پڕچەکی نارده ناو خێوەتگەکەی یاوەرسینەوە.

زیاتر لە سی هێرشبەری ڕێکخراوو پڕ چەکی دوژمن بە ئاسانیی بە ناو خێوەتگەکەدا بڵاو ببونەوە، لە ڕێگەی سیخوڕێکی خۆیانەوە کە پێشتر سەواو مامەڵەیان لەگەڵ کردبوو.. چاوساغەکە پێشیان کەوت بۆ خێوەتەکەی یاوەرسین.. بە جارێک وەک ئەوەی دەستیان بەسەر وڵاتەکەدا گرتبێ، هەر هەموو خێوەتیان دایە بەر ڕێژنەی گوللە.. لەگەڵ ئەو تەقانەشدا دەنگی چەند ڕیزە فیشەکێکی زۆر بیستراو هێرشبەرانی دوژمن، یەکیان بە ساغی دەرنەچوو هەر هەموو کوژران.. سیخوڕەکە لە هەموویان داخ لەدڵ تر بوو بۆ بەلادا خستنی هێرشبەران، هەر ئەویش لە سەرەتاوە ڕێککەوتنەکی خۆی و دوژمنی بە یاوەرسین گەیاندبوو.

ئەم داستانە بە چەندین جۆری ئەفسانەیی گەیشتەوە خەڵکی مەملەکەت، یەک ئەیوت لە ئاسمانەوە فریشتە هاتوون بە هانایەوە، ئەوی تر سوێندی لەسەر ئەخوارد کە براکەی بە چاوی خۆی یاوەرسینی بینیوە هەشت دەستی تری لێ ڕواوەو بە دە دەست تەقەی لە دوژمن کردووە، یەکێکی تریان ئامۆزاکەی بۆی گێڕابووەوە کە

یاوەری یاوەرسین بووەو وتوویەتی:
_کاکەلاوی ئامۆزام ئەیوت نزیکەی سەد کەس تەقەیان لێکردووە، کەچی یاوەرسین هەر پێکەنیوە، ئایەتێکی خوێندبوو بە هیچ شتێک بریندار نەئەبوو.. ئیتر هەر یەکەو بە سورەتێ ئەیگێڕایەوەو بە ئارەزووی خۆی شان و باڵی بۆ پەیا ئەکرد.
لەم چیرۆکانە زیاتر گەیشتنە نەزاکەتشاو ئەویش هەر سەری ڕائەوەشاندو خۆی وا نیشان ئەدا کە باوەڕی پێکردوون و سەرسامە.. ناردی بە شوێن یاوەرسیندا بە پەلە بگاتە کۆشک.. ئەم هەواڵە مقۆ مقۆی زۆری لە ناو خەڵکدا دروستکرد، هەندێ کەس بێ ئەوەی دڵنیا بێ لە راستیی و دروستیی هەواڵەکە، ئەکەوتە سەرو پۆتەڵاکی یاوەرسین، کە ئەویش دەوڵەمەند ئەکەن و ئیتر خەمی نیشتیمان و خەڵکی نامێنێ.. هەندێکی تر پێیان وابوو یاوەرسین لەوە مەردترە پارەوپوڵ کاری تێ بکا، بەشەکەی تریش چاوەڕوانی کردنیان پێ باشتر بوو لەوەی لە نەدیتەو نەبیستە حوکم بدەن.
یاوەرسین بە ئەدەبەوە وەڵامی بۆ پاشا ناردەوە کە جارێ شەڕ گەرمەو شەڕگە پێویستی پێیەتی.. پاشا بەم هەواڵە قوشقی بوو، فەرمانی دەرکرد بیهێننە بەردەمی، ئەگەر بە خۆشی خۆی ملی نەدا، ئەوا بە باڵبەستکراویی بیهێنن..
خەڵکەکە بەم قسەو باسە وروژان و دەستە دەستە کۆ ئەبوونەوە بۆ پاڵپشتی کردنی یاوەرسین.. لە هەندێ شوێن ناڕەزایی بچوک بچوک و هاوسۆزیی نیشان ئەدراو بە زەبری هێز بڵاوەیان پێ ئەکردن.. زۆرینە بڕیاریاندا ئەو ڕۆژەی یاوەرسین ئەهێنن بۆ لای پاشا، سەرجەم دوکان و بازاڕ دابخرێ و بە هەر جۆرێک ژیانی یاوەرسین بکەوێتە مەترسییەوە، ئەمان ئاگر لە کۆشک بەرئەدەن.
کارەکە بەرەو شڵەژان ئەڕۆشت، بە ناچاری هەندێ لە ڕاوێژکارەکانی نەزاکەتشا چوونە بن دەستی و بە قسەی خۆش تێیانگەیاند.. کاتێ نەزاکەتشا لە هەستیاریی بارودۆخەکە گەیشت، بەرنامەی خۆی گۆڕی و فەرمانی دا یاوەرسین بە ناو خەڵکدا بێتە کۆشکەوەو گەرمترین پێشوازیی بکرێ.
چێشتەنگاوی ڕۆژی دوایی، یاوەرسین لە دەروازەی شارەوە بەناو دروشمی حەماسی و پشتگیریی خەڵک و چەپڵەکوتان دڕی بە ئاپۆرای خەڵک ئەدا بەرەو کۆشک.

خەڵکی پێویستیان بە فریادڕەسە، ئەوە پەیوەندی بەو تەنیاییەوە هەیە، کە مرۆڤەکان لە یەکتر جیا ئەکاتەوەو ناهێڵێ یەک بگرن.. هەموو بێتواناکان کە هەمووانن، چاویان لە دەستی ئەوانی ترە.. ئەو فریادڕەسە لە کەسێتی پاڵەواندا ئەبیننەوە، لەبەرئەوە بەردەوام هەلی دروستبوونی پاڵەوان هەیەو بەردەوام

خەڵکیش ئامادەیە بیکاتە نمونەی باڵای خۆی.. یاوەرسین هەڵکەوتوویەکی شەڕکەری ئەم دۆخە بوو.

سەرەتا نەزاکەتشا بیری لەوە کردەوە هەیبەتی یاوەرسین بشکێنێ و وەک هەر جەنگاوەرێکی تر دەستەمۆی بکا.. بەڵام دواترو کە بە کۆدەنگیی خەڵک و باری دەروونیی ڕەعیەتەکەیدا چووەوە.. بڕیاریدا بەکاری بهێنێ و بە هۆیەوە خەڵک لە حوکمڕانیی خۆی نزیک بخاتەوە.. هەرچەند پێویستییەکی ئەوتۆی بە خەڵکیش نەمابوو، تازە ئەو خاوەنی هێزو پارەو نفوزی خۆی بوو.

یاوەرسین کاتێ بەناو خەڵکەکەدا ئەڕۆیشت کەسی نەئەبینی، بەمجۆرە بیری ئەکردەوە:

وابزانم تێوەیان گلاندم، هەموو ئەو خەڵکە ئەیانەوێ لە ڕێگەی منەوە ژیانیان باش بکرێ، ئەیانەوێ تەریک نەبن و بەشدار بن لە پێشخستنی وڵات.. ئەوان ئومێدیان لەسەر کەڵەکە کردووم، باشە من لەناو ئەو هەموو چاو و ڕاوەی ناو کۆشک و دەوروبەری چیم پێ ئەکرێ؟

گەیشتە ناو کۆشک، بەڵام لە دوای خۆیەوە لای هەندێک لە مەردوومەکە، ناڕەحەتی ئەوەی دروستکرد، کە پێیان وابوو، ئیتر دەستی لێ ئەشۆن و ئەویش بوو بە یەکێک لە پیاوەکانی کۆشک.. پاشا لەبەری هەستاو بە گەرمی دەستیشی گوشی و دەستخۆشیی ئازایەتییە زۆرەکەی لێ کرد..

_ لە ئێستەوە ئیتر من نامەوێ تۆ لە دەست بدەم و بە خەسار بچی، ئەبیت بە بەرپرسی تەواوی پاسەوانەکانی کۆشک.

نەک هەر ئەم پۆستە، بەڵکو چاوەڕوانی پێدانی هەموو پۆستێکی تر بوو لە پاشاوە.. بە شێنەیی کەوتە قسە:

_ پاشامان پایەدار.. من سوپاسی هەر خەڵاتێکت ئەکەم جەنابت فەرمان بدەی.. بەڵام ناکرێ من ئەو کارە وەرگرم، لەبەرئەوەی من تەنهاو تەنها ئەزانم شەڕ بکەم و هیچی تر، من لە بەڕێوەبردنی ماڵەکەی خۆشمدا کۆڵەوارم، نەک سوپایەک لە پاسەوان.

سیفەتێکی تری نەزاکەتشا وەک هەر دیکتاتۆرێکی تر ئەوەبوو، بە هەر نرخێک بووایە پێویست بوو سوود لە تواناکانی یاوەرسین وەرگرێ.. لەبەرئەوەی یاوەرسین دیاردەیەکە هەیەو ئەمیش توانای جڵەو گرتنی ئەوی هەیە.. پەرلەی زۆری بۆ

یاوەرسین فڕێداو ئەویش بە حورمەتەوە هەمووی ڕەت کردەوەو ملکەچیی خۆی بۆ ئەنواند.. پاش تێفکرینی زۆر پاشا داوای لێکرد کە لە سەردانی داهاتوودا خۆی پێشنیازی کارێک بکات، هەرچییەک بێ پاشا قبوڵی ئەکات، بەمجۆرە ڕێککەوتن و پاشا فەرمانیدا تەدارەکی ماڵئاوایی بۆ ڕێک بخرێ و خۆی لە بەڕێکردنیدا ئامادە ئەبێ.

شار لە چاوەڕوانیی گەڕانەوەی یاوەرسیندا خرۆشابوو، پاشا هاتە دەرەوەو یاوەرسین و ئەوانی تریش بە دوایدا، هەر کە یاوەرسین بینرا خەڵک بە دروشمی جۆراوجۆرەوە گرتیانە باوەشیان و لە چاوتروکانێکدا کەوتە سەرشانی خەڵکەکە.. یاوەرسین دوای تێپەڕبوون لە کۆشک خەڵکەکەی ئارام کردەوەو سەرگوزشتەی بانگهێشتەکەی بۆ گێڕانەوە.. داوای لێکردن بە ڕاوێژ سێ کەس لە خۆیان دیاری بکەن و هاوکاری بکەن، تا شوێنێک بدۆزنەوە ببێتە دەرووی ئاوڕدانەوە لە خەڵک و خزمەتیان بکەن.. خەڵکەکە ئەوەندەی تر متمانەیان بە یاوەرسین پەیداکردو دەست بە جێ لە ناو خۆیاندا دوو پیاو و ژنێکی دانایان دیاریکرد، تا هاوکاریی یاوەرسین بکەن و ببن بە ڕاوێژکاری.. یاوەرسین هەر لە جێدا کۆبوونەوەی لەگەڵ " پیروەیس و گوڵەنارو سیاوەش" دەست پێکرد.

هەواڵەکە وەک خۆی گەیشتەوە بە نەزاکەتشا، پاش تێرامان و ڕاوێژکردن، بە خۆشحاڵییەوە پەسەندی کردو ئیتر ئەو چاوەڕوانی یاوەرسین بوو.

پاش کۆبوونەوە خێراکەی یاوەرسین و سێ ڕاوێژکارەکەی، لە بری لای پاشا بڕیاری گەڕانەوەیدا بۆ شەڕگەکان و خەڵکێکی زۆریشی بە چەک و تفاقی خۆیانەوە پێوە نیشت و لەشکرێک ڕووی لە شەڕگە کرد.

گوڵەنار کچێکی قەیرەی بیر تیژی زۆر جوان بوو، زۆر کەس بۆ ڕاو تەگبیر ڕووی تێ ئەکرد، شوو نەکردنی ئەگەڕایەوە بۆ کارەساتێک کە بەسەریدا هاتبوو، پێش ئەوەی هەراش بێ، لە گوندەکەی خۆیان لەسەر ئەسپێکی تیژ ڕەو ئەکەوێت و لە شاخەکە هەڵئەدێرێ.. ژیانی مسۆگەر نەمابوو، زۆری ویست تا هەستایەوە سەر پێ، لەو ڕووداوەدا کچێنیی لە دەست ئەدات.. ئەم حاڵەتەی کەس پێی نەزانی خۆی و دایک و ژنێکی سەردەرکردوو نەبێت.. ئەویش بۆ داپۆشینی ئەو نهێنییە، شووی لە خۆی حەرامکرد.

گوڵەنار لە کۆبوونەوەکەیدا لەگەڵ یاوەرسین، پێشنیازی ئەوەی بۆ کردن، پاشا هەندێ دەسەڵاتی خەرج کردن و بەگەڕخستن و بونیادی پرۆژەی نوێی پێ ببەخشێ، دەستکراوە بێ لە بڕیارەکانی خۆیدا.. دواتریش لەگەڵ پیروەیس و

سیاوەش بیریان لەو پرۆژانە کردەوە کە تێچوونیان کەم ئەبێت و ئەبێتە داهاتیش بۆ خەزێنەی مەملەکەت.

کاوێس کورە ٢ ساڵانەکەی یاوەرسین، ئەو منداڵەی دایکی بەسەریەوە ڕۆشت، پاکیزی مام ئەشکان گرتبوویە خۆی، کە ماڵیان لە چەپەکی شار بوو.. یاوەرسین پێش گەڕانەوەی بۆ شەڕگە، بە ئەلیاسی برا بچووکیدا ڕاسپاردەی ناردبوو شوێن گۆڕکێی پێ بکەن، بۆ سەلامەتیی ژیانی.. ئەیبەنە ماڵی باوەیاس.. باوەیاس ئەمەی بە شەرەفێکی گەورە زانی کە یاوەرسین متمانەی ئەوەی پێکردووە جگەرگۆشەکەی بخاتە ژێر سایەی ئەوەوە.. زۆری لە خۆی ئەکرد زۆر لە توانای خۆی زیاتر بەکاربهێنێ بۆ پاراستنی کاوێس..
ڕێک ئەو شەوە چەند چەکدارێک گەیشتنە ماڵی پاکیزو ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆری مام ئەشکان ئەدەن تا شوێن و ڕێی کاوێسیان پێ بڵێ، پاکیز بۆ سەلامەتی کارەکە بە باوکی نە وت ڕوو ئەکاتە کوێ، لەبەرئەوە نەیئەزانی لە کوێن و هەر ئەو وەڵامەی چەکدارەکانیشی دایەوە.. دواتر مام ئەشکانیان کوشت و تەرمەکەشیان بە دەرگاکەوە هەڵواسی ..
ئەم هەواڵە وەک خۆی گەیشتە نەزاکەتشا، تفی لە زارا وشک بوو، ئەو دڵنیا بوو لەوەی خەڵکەکە بە جۆرێکی تر هەواڵەکە لێک ئەدەنەوەو دوور نییە یاوەرسینیش هەر وا تێ نەگا کە پاشا لە پشتی کوشتنی مام ئەشکانەوە بێ.. بە پەلە بڕیاری دەرکرد:
بۆ تەواوی دانیشتوانی خۆشەویستی ئەم مەملەکەتە:
دوابەدوای کوشتنی بە ناهەقی مام ئەشکان، داوا لە هەمووانتان ئەکەم هاوکارم بن بۆ دۆزینەوەی بکوژەکەی.. هەر کەسێک جێگەو ڕێگەی تاوانبارەکە ئاشکرا بکا، خەڵاتی شاهانەی ئەدرێتێ، لەم ساتەوە پاراستنی گیانی کاوێسی کوری یاوەرسین بەگ لە ئەستۆی پاشادا ئەبێت و لە کۆشکی خۆیدا بایەخ بە تەندروستیی و سەلامەتیی کوری ئەو جوامێرە ئەدرێ... ئیمزای کردو بە ناو خەڵکیشدا وێنەی زۆری ڕاگەیاندنەکە بڵاوکرایەوە..
شوێنی پاکیزی دۆزییەوە، تەواوی ماڵی باوەیاس و پاکیزی کۆست کەوتەو کاوێس گوێزرانەوە بۆ کۆشکی شاهانە.. ئەوەندە بەسەر کۆستەکەی تری پاکیزدا تێ نەپەڕی بوو، کە جوامێری مێردی لە تەنیشتی یاوەرسینەوە کوژرا ..
دەنگدانەوەی کوشتنی مام ئەشکان و ڕاگەیەنراوەکەی نەزاکەتشا، لێکدانەوەی جیاوازی بۆ ئەکرا.. هەندێک پێی وابوو، هەر کاری پاشایەو هەندێکی تر بە گومان بوون لە پارێزراویی کاوێس لای نەزاکەتشاو هەندێکی تریش دژی ئەو جۆرە بەدگومانییە بوون ..

یاوەرسین لە شەڕێکی قورسدا بریندار بوو، توانای تفەنگ گرتن و شەڕکردنی نەما..
تەنها ئەوەندەی بۆ کرا ورە بداتە بەر هێزەکەو وای نیشان بدا، برینەکەی سوکە،
داوای خۆراگریی و زەبر لێدانی دوژمنی ئەکرد، شەڕ بەردەوامەو یاوەرسین بەرە بەرە
بەرەو بێهۆشیی ئەچێ، تەنها ئەلیاسی برای بەدیاریەوە ئێشک ئەگرێ و
پزیشکەکان نەگەیشتوونەتە سەری.
گوڵنار کە هەواڵی هێرشەکەی سەرماڵی مام ئەشکانی بیست، بێهوودەییەکی
زۆری پێوە دەرکەوت، لەو هەوڵ و خۆشخەیاڵییەی خەونیان پێوە ئەبینی، نەک
بەوەی کە دڵنیابێ کە پاشا لە پشتی کوشتنی مام ئەشکانەوە بێ، بێهوودەیی
ئەم لەوەوە بوو، کە هەر لەسەرەتاوە پێش ئەوەی هیچ کارێک بکەن و هیچ
دەربکەوێ، پێش هەموو شتەکانی تر، دوژمن دەرکەوت.

هەر ماڵێک لای خۆیەوە مەشخەڵێکی لەبەر دەرگا هەڵکرد، وەک ئاماژەیەک بۆ
درێژەدان بە هەوڵەکانی یاوەرسین و تیاچوونی ئەلیاسی برای.. پیروەیس ئەم
بیرۆکەیەی داهێناو گوڵەنارو سیاوەش پشتگیریان کرد.. لە کاتی هێنانەوەی
یاوەرسین بە برینداریی، ئەو مەفرەزەیەی لەگەڵیدا هاتنەوە، کەوتنە بۆسەی
دوژمنەوەو ئەلیاسی برای دەم و دەست گیانیدا ..
نەزاکەتشا فەرمانیدا بوو، یاوەرسین بهێننەوە کۆشکی شاهانەو تیمی پزیشکیی
تایبەتی پاشا چارەسەری بکەن.. خەڵکەکە لەلایەکەوە دڵخۆش بوون بەوەی
گرنگیی پێ ئەدرێ و چاک ئەبێتەوە، لە لایەکی تریشەوە بەدگومان بوون لە پاشاو
پێیان وابوو بە مەبەستی کوشتنی ئەیباتە کۆشکەوەو دواتر کوڕەکەشی ئەکوژێ کە
لەبەردەستیدایە.. هەرچی نەزاکەتیش بوو بە ڕستەیەک باوەڕ پێکراوەکەی خۆی لە
مەبەستەکەی تێگەیاند:
_ئەبێ یاوەرسین چاک بێتەوە، ئەو چارەسەرێکی زۆر گرنگە بۆ بەدەست
هێنانەوەی ڕەعیەتەکەم، من ئەزانم خراپ تۆراون.
هەڵکردنی مەشخەڵەکە، نیشانەی تەبایی و یەکگرتنەوەی خەڵکەکە بوو لە
بەرامبەر نەزاکەتشادا.. نەزاکەتیش بێخەم بوو، ئەو یەکڕیزییەی ئەوانی لە پەرت
بوونیان پێ خۆشتر بوو.. ئەو ئەیزانی چۆن کڵافەیان ئەکاتەوەو دواتر بەکاریان
ئەهێنێتەوە.
پاکیز لە هەر هەموو خەڵک و پاشاو لە هەموو کەس زیاتر لە دڵەڕاوکێدا ئەژیا، لە
پێش هەموو شتێکدا بۆ یاوەرسین، کە خەریک بوو چەکەرەی خۆشەویستی سەر
دەربکاو ئەیویست ببێتە دایکێکی باش بۆ کوڕەکەی.. دواتر بۆ گیانی خۆی و کاوێس و
باوەیاس و هاوسەرەکەی.. ئەو وردتر ئەیڕوانییە نەزاکەتشا و لە ڕوخساریا ئەیبینی
کە بە هیچ جۆرێک خۆشەویستی بۆ یاوەرسین نییە، بەڵام سەری لە گرنگیی

پێدانەکەی دەرنەئەچوو.
پاشا بە پرسەی شاهانەی بۆ ئەلیاس ڕاگەیاندو باشترین خزمەتیشی پێشکەش بە بەشداربووانی ڕێ و ڕەسمەکە کرد.. ئەم بایەخە زۆرە خەڵکێکی زۆری نیگەرانتر کرد.. بەوەی نەزاکەت جیاوازیی لە نێوان گیانبەخشەکاندا ئەکاو پێیان وابوو، ئەو خەرجییە بەرەڵایەی لەوەدا کراوە، باری گرانی لایەکی مەردوومەکەی ڕاست ئەکردەوە.. جگە لەوەش ئەو خۆی کرد بە خاوەن ماڵی هەموو خەڵک و ئەبووایە خەڵک سەرەخۆشیی بۆ ئەو بنێرن.
هەندێک لە گەنجە چاپوکەکان فشاریان خستە سەر لیژنەی ڕاوێژکاریی یاوەرسین و داوای چارەنوسی ئەویان لێکردن.. ئەوانیش دوای ڕاو تەگبیر، بیرۆکەیەکیان لا گەڵاڵە بوو.. نەیان ئەویست خۆیان لە قەرەی کۆشک و نەزاکەتشا و داروەستەکەی بدەن، ئەبووایە داوای ئەو گەنجانەش پەراوێز نەخەن و کاری لەسەر بکەن.. لەبەرئەوە باشترین چارەسەرێک ئەوە بوو لەڕێی ڕاگەیەندراوێکەوە نامەیەکی کراوە ئاراستەی نەزاکەتشا بکەن.. ئەوان پێیان وابوو هەم گەنجەکان ڕازی ئەبن بەوەی بە دەم داواکەیانەوە چوون، هەم ناگاتە نەزاکەتشاو لەو ڕوو بەڕوو بوونەوە ناجۆرەش ڕزگاریان ئەبێ.

گوڵەنار تاس بردبوویەوە، نەئەترسا، بەڵام بە گومان بوو لەو خێرا بە دەنگەوەهاتنەی پاشا، کە دەم و دەست هەر بە دوای ڕاگەیەنراوەکەی ئەماندا، نەزاکەت لێی گێرابوونەوە دەرگای کۆشک واڵایەو هەر کات مەبەستیان بوو ئەتوانن بێن..
هەرچۆنێک بیری ئەکردەوە خەیاڵی ئەیبردەوە بۆ لای کەنیزەکە کڕاوەکانی سەڵتەنەتی عوسمانی و خۆی لێ ئەبوو بە " حۆریم و حەفسەو قەوسەم و نەخشدیل" ئەو بە هیچ جۆرێک نیازی نزیک بوونەوەی نەبوو لە نەزاکەت، لە ترسی خۆی نا، بەڵکو لە دەوروبەرەکەی کە سەدان چیرۆکی جۆراوجۆری لەسەر بیستبوون.. سڵی لە پیلانگێرییان ئەکردەوە، سڵی لە پیاوە ناوگەڵ تەڕەکانی دەوروبەری ئەکردەوە.. سڵی لەو خەڵات و بەخششە ئەکردەوە، کە هەر بە پێ خستنە ناو کۆشک بەسەریدا ئەبارێ ..
"مۆنۆلۆژی ناوەوەی گوڵەنار"
_ "جلی سادەو ئاسایی لەبەر ئەکەم، خۆم ناڕازێنمەوە، نەخێر!! قژیشم داناهێنم، وەک شێت، ئا ئا وەک کچێکی پیس و پۆخڵ خۆم دەرئەخەم.. زۆر باشە، ناهێڵم کەس سەرنجی بچێتە سەرم" قژی خۆی ژاکان" ئەمە چییە ئەم هەموو دەست بە خۆدا هێنانە.... ئای ئای ئای، خۆ خەریکە بیرم ئەچێتەوە من بۆچی ئەچم و ئەمەوێ چی بکەم؟ ئای لەو خەیاڵە بێماناو سەیرانە؟!! تۆ بڵێی کەنیزەکەکانی سوڵتانیش ئاوا لە دڵە ڕاوکێدا بووبن؟" "مۆنۆلۆژ تەواو"

نەشتەرگەرییەکی خێرا بۆ سەری یاوەرسین کرابوو، پزیشک وتبووی یەک دوو دڵۆپ خوێن زاوەتە ناو مێشکی، ئێمە ئەوەمان کردووە لە مردن ڕزگاری بێ، بەڵام ئەبێ چاوەڕوانی بەئاگا هاتنەوەی بکەین، ئەگەر هەیە بەشێکی جەستەی زیانی پێ بگات، لەکار بکەوێت.. ڕەنگە سەلامەتیش بێت، کاری ئێستەمان تەنها پێدانی چارەسەرو چاوەڕوان کردنە.
پاکییز ئەو کاتەی بچوایە بەلای کاوێسەوە، باوەیاسی ڕائەسپارد چاودێریی یاوەرسین بکات، ئەگینا وەکی تر، بەردەوام بەدیارییەوە بوو، ئەوەندە بۆ باوک و مێردو یاوەرسین گریابوو، لە ژەمە خواردنەکانی زۆر دوائەکەوت و دڵی نەئەچووە سەر هیچ خواردنێک. لەبەرئەوە لاواز ببوو، بەڵام هەر نازدار ئەینواند.
خەڵکەکە ئومێدی زۆریان لەسەر سەردانی لیژنەی ڕاوێکاریی هەڵچنیبوو، بە لانی کەمەوە هەواڵی سوارچاکەکەیان ئەزانن و پێیان وابوو لیژنەکە لەبارەی چاکسازیشەوە قسە لەگەڵ نەزاکەتشا بکەن.. ماڵی پیروەیس و سیاوەش جمەی ئەهات، تەنها گوڵەنار بوو لە شڵەژاویی خۆیدا گۆشەگیریی هەڵبژاردو کەسی نەبینی.
تا بولێڵ گوڵەنار خەو نەچووە چاوی، هەر بیری ئەکردەوە چی ڕووئەدا، دەمەو بەیان وەنەوزێکی داو ئەوەندەی نەبرد، سیاوەش و پیروەیس بە دەنگی دەرگا بە ئاگایان هێنایەوەو دانیشتن بۆ ئەوەی لەسەر بەرنامەیەک ڕێک بکەون.
دەمەو چێشتەنگاو دەرگای کۆشک بەڕووی هەرسێکیاندا کرایەوەو چەند کاربەدەست و دەستڕۆشتوویەکی ناو کۆشک لە پێشوازییاندا بوون.. مام پیروەیس نەیهێشت گوڵەنار بەو شێوەیە دەرکەوێ کە خۆی بڕیاری لێ دابوو، زۆر خۆی نەڕازاندبووەوە، سنگ و بەرۆکی پێچابووەوە، بەڵام جوانییەکەی ناو کۆشکی خستە جم و جووڵ.

قورگی وشک هەڵاتبوو، دیمەنی بێهۆشییەکەی یاوەرسینی هەر لەبەرچاو بوو، پێ ئەچوو فشاری خوێنی بەرز بووبێتەوە، وا ڕێک کەوتبوون کە هەر خۆی قسە لەگەڵ نەزاکەتشادا بکا، لەبەر ئەوەی دەمولەفزی شیرینترو زمانی ڕەوانترە.. واقی وڕ مابوو.
_ئەوە چییە کچی باش، ساکاوی؟
_نەخێر جەنابی پاشا، لەخزمەتتام، ئەمەوێ خۆم کۆ بکەمەوەو بە کورتترین قسە داواکارییەکانی خۆمانت عەرز بکەم.
_پەلەمان نییە، خوانی نیوەڕۆش ئامادەکراوەو پێکەوە دەمەتەقێی خۆمان ئەکەین.. هیچ خۆت ناڕەحەت مەکە.
گوڵەنار بە لوتفی پاشا شۆک گرتی، هەر دیقەتی ئەداو قسەوباسی ناو خەڵکیشی بیرئەکەوتەوە.. نەزاکەت هەر بە سیمای گوڵەناردا زانی کاری تێکردووە، لوتفی

زیاتری ئەنواند.. ئەویش بە کورتی داواکارییەکانی لە چەند ڕگەیەکدا کۆ کردەوە.
*ئازاد کردنی هەندێک لەو زیندانییانەی بە ختوخۆڕایی تێوە گلێنراون، بە تایبەت کاکەلاسی جوامێر، گەر ئێستە ئازاد بووایە لە سەنگەرەکاندا ئەبوو.
*پێدانی مووچەی خەڵک لە کاتی ئاسایی خۆیدا.
*ڕاهێنانی ئەو خۆبەخشانەی ئەچن بۆ شەڕگەکان لە خولی تایبەتدا، تا بە نەزانیی خۆیان تێنەکەون.
*چاککردنی گوزەرانی خەڵک، بە خەرج کردن لە پرۆژەی نوێدا.. چەند ڕگەیەکی تریش کە پەیوەندی بە گوزەرانی خەڵکەوە هەبوو لە کەرتی بازرگانی و کشتوکاڵ و خوێندن و ئازادییە گشتییەکاندا.
پاشا لەسەر ناوی کاکەلاس وەستاو فەرمانیدا بیهێنن، سەبارەت بە ڕگەکانی تریش، گفتوگۆی زۆر کراو گوڵەنار سەرکەوتوو بوو لە بەدەستهێنانی هەندێک دەسکەوتی تازەدا.
دوای نانخواردنێکی باش کە کاکەلاسیش بەشداریی کردن.. نەزاکەتشا تەواوی ئەوەی لەسەری ڕێککەوتبوون بە خەڵکی خۆی سپاردو چوونە بواری جێبەجێ کردنەوە.. دواتر گوڵەناری بە تایبەت بانگ کرد بۆ ژووری تایبەتی خۆی و کارەکەر باوەشێک پارەی هێنا، هەر بە بینینی گوڵەنار ڕەتی کردەوە.
_کچم ئەم سامانەماڵی گشتییە.. نە هی منەو نە هی تۆ.. لەم پارەیە بەشێکی بۆ خۆتان وەک لیژنەی ڕاوێژکارو بۆ ئەوی تریشی سەربەست بە چۆن بە ناو خەڵکی کەمدەرامەتدا دابەشی ئەکەی، یان بیخەرە پرۆژەیەکەوە.
گوڵەنار سەرسام بوو بە بەخشندەیی خاوەنشکۆ.. نەزاکەتیش دڵنیا بوو لەوەی ئەو پرە پارەیە وەک درم بەر ئەبێتە وێزەی ئەمان و هێندە نابا پەرتەوازەیان ئەکاتەوە..
سەبارەت بە یاوەرسینیش سەرپشکی کردن لەوەی هەر شوێنێکیان پێ خۆش بێ با لەوێ بێ، بەڵام لای ئەم سەلامەترەو چاودێریی باشتریش ئەکرێ، ڕازی بوو بە مانەوەی لە کۆشکدا.
گوڵەنار بە ئاسپایی ناوی بکوژەکەی مام ئەشکانی بە گوێی نەزاکەتشایدا چرپاند، کە نزیکە لە پاشاوە.

نەزاکەتشا "تیانەوەستاو" بوو، خێرا چپاندیەوە بە گوێی گوڵەناردا:
+جارێ با هەر خۆت بزانی، تا ئێرە چۆڵ ئەبێ.
گوڵەنار کە لە تاوی بۆن ناوگەڵی نەزاکەت وڕو کاس بوو سەری زیاتر هەڵبڕی:
_بەڵام گەورەم ئێمە پێکەوە هاتووین و وا ڕێککەوتووین پێکەوە بڕۆینەوە.
+نا کچم، تێیان بگەیەنە کە تۆ ئەمێنیتەوە، دەی زۆرزانیی خۆت بەکار بێنە.
گوڵەنار پاش ئەوەی پیروەیس و سیاوەشی بە بیانووی مانەوە لای پاکیزو ئەلیاسی

کاوێسی کوڕی یاوەرسین ئیزندا، زۆری لەوان کرد پارەکە لەگەڵ خۆیاندا ببەن، بەڵام ئەوان قایل نەبوون و بە پێویستیشیان نەزانی لای هیچ کەسێک باسی بکەن، تا قسەی لەسەر ئەکەن و بڕیاری لێ ئەدەن.
کاکەلاس هەر بە هاتنە دەرەوەی لە زیندان و تێگەیشتن لە بیروڕای خەڵکیی و چیرۆکی یاوەرسین و براکەی.. گورج و خێرا خۆی گەیاندە سەنگەرەکانی پێشەوە.. ئەو پێشتر شارەزاییەکی باشی لە بەکارهێنانی چەک و تەقەمەنی هەبوو.. زۆر لە یاوەرسین کارامەترو بە هەڵمەتتر بوو، لە شەڕگەدا وەک بڵێسە بێ بەزەیی و وەک با تیژڕەو، وەک تەماشا بە دیقەت و وەک عاشقان بە حەسرەتەوە ئەجەنگی.. زۆر بە خێرایی لەو قۆڵەوە کە پێی گەیشت، دوژمنی تێکشکاندو ترسی خستە ناو مۆڵگەکانیانەوە.
خەڵک بە پەرۆشەوە تا درەنگانی شەوچاوەڕوانی هاتنەوەی گوڵەنار بوون، مام پیرەوەیس و سیاوەش تێیانگەیاندن، کە ئەبێ چاوەڕوان بن بۆ سەلامەتیی گیانی یاوەرسین و کوڕەکەی و پاکییز زۆر باشن و ڕەنگە گوڵەنار ئەمشەو میوانی پاکییز بێ.
نەزاکەتشا بکوژەکەی مام ئەشکانی هێنابووە گیروگازو فەرمانی کرد گەر پێی نەڵێ بە چ پاڵنەرێک کوشتوویەتی، دەستبەجێ تیربارانی بکا.
_گەورەم من ناردم کوڕەکەی یاوەرسین بکوژ، بۆ ئەوەی لە شەڕکردن سارد بێتەوەو کۆستی بخەم، تا جەنابیشت ئەوەندە لە خۆتی نزیک نەخەیتەوەو جێ بە ئێمە لێژ بکا، کە ئاگاداریان کردمەوە چاوقایمیی ئەکات و هیچ نادرکێنێ، فەرمانمدا خۆی بکوژن.
نەزاکەت بکوژەکەی بە کوڕی خۆی دانابوو، دەستی تێی نەئەچوو زیانی پێ بگەیەنێ.. بەڵام نەئەکرا گوڵەناریش بە شێوەیەک پەرەنجێنێ کە بۆ خەڵکی بگێڕێتەوە.. پاش ڕامان و بیرکردنەوە، کابرای کردە دەرەوەو کەوتە وتووێژ لەگەڵ گوڵەناردا:
+کچم سیاسەت ئاوایە، هەزار جەمسەرەیە، ئەو پیاوە زۆری بەسەرمەوە هەیەو دەستم تێی ناچێ.. تۆ چ سزایەکی بۆ دائەنێی؟
_بکوژرێ و هەموو خەڵک لە تاوانەکەی تێ بگەیەنرێ.
+باشە، کوشتن بۆ ئەوەی لە ناوماندا نەمێنێ و جارێکی تر تاوان دووبارە نەکاتەوە.
نەزاکەتشا هەر بە هێمنیی پێشنیازی ئەوەی کرد، شاربەدەر بکرێ و بنێررێ بۆ وڵاتێکی ترو تا ماوە نەگەڕێتەوە بۆ مەملەکەت.. بەمەش هەم سزا ئەدرێ و هەم لە ناوانیشدا نامێنێ.. بەمجۆرە گوڵەناری ڕازی کردو بڕیاری دا خەڵاتێکی چاوەڕوان نەکراویشی لە پای ئاشکرا کردنی بکوژەکە بداتێ ..

گوڵەنار کە مێشکی پڕ ببوو لە بۆنی ناوگەڵی پاشا، ئەو شەوە بە ناچاریی دەعوەتی نەزاکەتشای قبوڵکردو یەک دوو پێک شەرابیسی لەگەڵدا نۆش کردو بۆ خەو چووە لای پاکیزو یاوەرسینی بێهۆش.. خۆیشی کە یەکەمینجار بوو بادە بخواتەوە، لە مەستیدا ئەوەندە ئاگای بە خۆی نەبوو، هەر گەیشتە لایان و نوست.

نەزاکەتشا زۆر بە خێرایی بیری بەرامبەرەکەی ئەخوێندەوەو بە تایبەت ئەیزانی ڕەعیەتەکەی هەر یەکێکیان بە چ نەوایەک باری دەروونیان ئارام ئەبێتەوەو دەستەمۆ ئەبن، گوڵەنار بە خوڵقاندنی دانیشتنی سادەو سەربەست کەوتە ژێر کاریگەرێتیی پاشاو ئەویش بە مەبەست نەیهێشت کەسی تر بێتە دانیشتنەکەوە، نەبادا کەسێک بە ئاماژەیەک یان تیلە چاوێک سەرودڵی بگرێ، گوڵەنار دانی پێدا نا کە ئامادەیە لە دانیشتنی تایبەتداو بە مەرجێ دڵنیا بێ لە پاراستنی تەواوی دانیشتنەکە، هەموو سەربەستییەکی خۆی وەربگرێ.. پاشا بەڵێنی پێداو ئەویش ڕەزامەند بوو بەردەوام سەردانی بکا.
پاشا ئەیزانی لەناو خەڵکدا جوانیی و دەرهاتەیی و ئەو بیر تیژییەی گوڵەنار هەیەتی، بەسە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەمەوە جڵەوی خەڵک بگرێتەوە تا ئەو کاتەی خۆی ئەیەوێ.. دانیشتنیشی لەگەڵ شۆخێکی وادا پێ باش بوو لە کاتی گونجاودا.. لە دانیشتنی ئەو شەوەدا نەزاکەت هەندێ فرت و فێڵی حوکمداریی تێگەیاندو گوڵەناریش بە خۆشحاڵییەوە ئامۆژگارییەکانی وەرئەگرت و پێی وابوو بە ئاسانیی ئەگاتە ناو دڵی حوکمدارێتیی.. بیرۆکەی زۆری لە بەرژەوەندی نەزاکەتشا هەڵڕشت و بێ دەربەستی خۆی ڕاگەیاند کە هەموو شتێک بۆ ڕازی بوونی دڵێ ئەو ئەکا.. لەو ڕووەوە پاشای بێخەم کردو نەزاکەتیش وای نیشاندا کە پێویستیی زۆری بە سەلیقەو دانایی ئەو هەیە.. ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی هەر کاتێک گوڵەنار ویستی (( لە ڕێگەی تەتەرێکەوە کە نەزاکەت بۆی داناو ڕۆژانە سەردانی ئەکا )) پێشتر ئاگاداری بکاتەوەو هیچی تر.
گوڵەنار بە لەخەو هەستانی، دڵخۆشیی و ئارامیی دانیشتنەکەی شەوی پێشووی پێوە دیار بوو.. لەگەڵ پاکیزو باوەیاس و ژن و منداڵی قاوەڵتی " نانی بەیانی" یان کردو دڵنیای کردنەوە کە هیچ نیگەران نەبن.. سەردانی پاشای کرد بۆ ماڵئاوایی، بەڵام پاسەوان تێیانگەیاند ئەو درەنگ هەڵئەسێ، نامەیەکی نوسی و جێی هێشت.
هەڵمەت بردنی سوپای مەملەکەت بە زیانی زۆر کەمەوە لە هەڵکشاندا بوو، شەڕگەکانی تریش کە ناوبانگی کاکەلاسیان بیست، پێیان وابوو ئەکرێ ئەوانیش ببن بە پاڵەوان، لە هەموو لایەکەوە شەڕ گەرم و دوژمن بە زیانی زۆرەوە لە پاشەکشەدا بوو.. لەبەرئەوەی لە هەموو لایەکەوە سەرکەوتن بە دەست ئەهات،

کاکەلاس چانسی ئەو پێشڕەویی و پاڵەوانێتییەی یاوەرسینی پێ نەبڕا.. هەواڵەکان ئەگەیشتنەوە بە نەزاکەتشا.. ئەو ئەیزانی ئەمە یەکەمین دەسکەوتی گوڵەنارە بە ئازاد کردنی کاکەلاس، بەڵام نە ئەوەی بە گوڵەنار ئەڵێ و نە هیچ هەواڵێکی بۆ کاکەلاسیش نارد.. خەڵکەکەش بەو گۆرِوتینەوە کە دروشمیان بە یاوەرسیندا هەڵئەگوت، بۆ کاکەلاس وا نەبوون.
گوڵەنار کە ترس و دڵەڕاوکێی بەرامبەر بە کۆشک نەما، کت و پڕ بە ڕەونوقێکی ترەوە، جیاوازتر لە جارانیش دەرکەوت، دەستی بە خۆدا هێناو ئیتر جوانیەکەی ئاشکراتر دەرکەوت.. پیروەیس کە بە هۆی تەمەنیەوە ئەزموونی لە سیاوەش زیاتر بوو، کەوتە هەڵنان و پیاهەڵوتنی گوڵەنار، ئەوەی نیشاندا کە تەنیا خۆی بەسە وەزعی ڕەش و ڕووتی مەملەکەت چاک بکا، بە هێمنیی پاشەکشەی هەردووکیانی ڕاگەیاندو ئەرکەکەیان بە گوڵەنار سپارد.. کاتێکیش سیاوەش لێی پرسی بۆ ئەو بڕیارەتدا:
_لێیگەڕێ، من و تۆ لەو شوێنە جێمان نابێتەوە.. پاشا باش بە گوێی ئەکا.
ئەم بڕیارەی پیروەیس گوڵەناری شاگەشکە کردو زۆری پێخۆش بوو.. تێگەیشت کە تەنها ڕایەڵەی نێوانی خەڵک و پاشا ئیتر هەر خۆیەتی.

دوو هەفتە بەسەر یەکەمین سەردانی گوڵەناردا بۆ لای نەزاکەتشا تێپەڕی، بە تەتەرەکەدا داوای بینینی پاشای کردەوە بۆ جاری پێنجەم.. لە چوار جارەکەی تردا دوو شەو لای پاشا مایەوەو لە جاری یەکەم زۆر زیاتر سەربەستی خۆی وەرئەگرت و مەستتر لە هەر جارێکی پێشووتر ئەچووەوە بۆ ژوورەکەی پاکییز، بە تەواوەتی بە بۆنەکەی پاشا ڕاهاتبوو.. بەڵام لای پاکییز تەنها ئەوەندەی ئەوت کاروفرمانی زۆر زیادی کردووە، ماندووەو ئەنوێت.
لە ماوەی دوو هەفتەکەدا، زۆر ماڵە هەژاری بە یاوەریی ڕەیهان بەسەرکردەوە..
ڕەیهان هاوڕێیەکی دێرینی خۆی بوو، لە خێزانێکی دەوڵەمەندو کراوە بوون، گوڵەنار کەمتر خۆی لە قەرەی ئەدا، لەبەر جیاوازییە چینایەتییەکەیان، بەڵام ڕەیهان گوێی پێ نەئەداو بەردەوام سەردانی ئەکردو خۆشی ئەویست.. ڕەیهان دوو شووی ڕەنج بە خەساریی کردبوو، لە یەکەمینیاندا کە کوڕێکی دەوڵەمەندی سەرەڕۆ بوو، لەسەر پارە کوژراو لە دووەمیشدا ڕەیهان خۆی داوای جیابوونەوەی کردبوو، لەبەرئەوەی بڕیاری دابوو بە هەر جۆرێک بووە شوویەکی تر بکاو خۆی لە ناوو ناتۆرەی خەڵک بپارێزێ، بەڵام کابرا هەژارێکی دەستبڵاوی بێ بەرنامە بوو، پول و پارەی لە دەست ڕەیهان پڕیبوو. نەئەکرا ژیانی لەگەڵدا بباتە سەر.. ڕەیهان جوانییەکی بێ ئەندازەی هەبوو... بۆ هەر ماڵێک بچوونایە، بڕێک پارەی باشیان لە پارەکەی پاشا جێ ئەهێشت، لە دوواییدا لەوە گەیشتن کە سامانی مەملەکەتیشیان لەبەر دەستدا

بێ، ناتوانن تەواوی هەژارەکان تێر بکەن، لە بیرۆکەی پارە هەڵڕشتن پەشیمان بوونەوە، چەند کارگەیەکی بچووکیان لە گەڕەکەکاندا بۆ ماڵە هەژارەکان کردەوە، بە پێی تواناو شارەزاییان، وەک کارگەی ڕستن و تەون کردن و پێڵاو و دۆشاو و لەو بابەتە، خەڵکێکی زۆریان پێوە سەرقاڵ کردو بە دروشمی نیوە بۆ ئێمەو نیوە بۆ پاشا، کەوتنە سەرکار.. گرنگییەکی زۆری بە خوێندن دا، بە تایبەت خستنە بەر خوێندنی کچان.. لەگەڵ کاربەدەستانی شار کە پاشا فەرمانی پێ کردبوون، ڕێککەوتن لەسەرئەوەی پێداویستی خوێندن بە بەرنامەکەی خۆی دابین بکا.
شەوانەش گەر گوڵەنار لای نەزاکەتشا نەبووایە، پێکەوە سەریان گەرم ئەکردو دەرگایان لە کەس نەئەکردەوە، بە لیقەو پێکەنینی زۆر شەوەکەیان بەڕێ ئەکرد.
کارەکەی گوڵەنار جێی دەستخۆشیی خەڵک و مام پیروەیسیش بوو، ئەو پێی وابوو بە تێکەڵ بوونی گوڵەنار لەگەڵ دەستەودایەرەی پاشادا، ئیتر پشت ئەکاتە خەڵک و تەنها سەرگەرمی پارە کۆکردنەوەو ڕابواردنی خۆی ئەبێت، کەچی لە ناو خەڵکدا جوامێریی و میهرەبانییەکەی وێردی سەرزاران بوو.
پاکییز بێهوودە بەرامبەر پەیکەری بێدەنگی یاوەرسین چاوی بڕیبووە ئەو هەموو پیاوەتییەی لە ڕوخساریدا ئەیبینی.. بیری لەوە ئەکردەوە:
))ئەم هەموو مانەوەیەی گوڵەنار لای نەزاکەتشا، تۆ بڵێی بەرهەمێکی بۆ خەڵک هەبێ؟ خۆ گوڵەنار هیچ ناڵێ، وڕوکاس هەر ئەڵێی سەرخۆشە، ئەو داماوە، ئەوەندە ماندووە دوو قسەی بۆ ناکرێ و خەو ئەیباتەوە.. ئەی تۆ بڵێی خەڵک ئەوەندە خەمسارد بن بکوژەکەی باوکمیان بۆ نەدۆزرابێتەوە؟((
پاکییز هیچ هۆش و گۆشێک لە کەللەیدا نەما، باوەشێکی توندی بە یاوەرسیندا کردو ماچی کرد، کاتێک بەدەم غایەڵەی خۆیەوە یاوەرسینی بینی چاوی هەڵهێنا.

هەواڵی چاوهەڵهێنانەوەی یاوەرسین لە دڵی نەزاکەتشای داو زۆر ناڕەحەت بوو، بەسەر خۆی نەهێناو چوو بۆ بینینی، پاکییز سەری یاوەرسینی خستبووە سەر ڕانی خۆی و کوڕەکەشی خستبووە سەر سنگی، بەو دەمودەستە نەئەکرا خۆی کۆ بکاتەوە، پاشا ئاماژەی بۆ کرد خۆی تێک نەدا.. خۆشحاڵیی خۆی بۆ دەرپڕین و هەواڵی ئەوانیشی پرسی و دواتر جێی هێشتن.
لە قۆڵەکانی شەڕگەوە بەردەوام هەواڵی سەرکەوتنی نوێ ئەگەیشتە ناو خەڵک.. خەڵک ئەوەندە دڵخۆش بوون، دەستیان لە کارو کاسبی هەڵئەگرت و زۆرێکیان ئەچوون بۆ سەنگەرەکانی پێشەوە.
ڕەیهان تاو نا تاوێ سەری ئەکردە سەر گوڵەنارو چیرۆکێکی خۆشەویستی جوانیشی بۆ هەڵبەستبوون، زوو زوو پێی ئەوت:
_هەر نەمرم چیرۆکی گوڵەهەنارو پیرەمێرد ئەنوسم و بە ناو خەڵکا بڵاو ئەکەمەوە.

گوڵەناریش بە تەوسێکەوە:
_ئەوە تۆ ئەڵێی چی باوانت شێوێ، من وەک پیاوێکی پیری میهرەبان و ئەویش وەک کچی خۆی سەیرم ئەکا.
لە گەرمەی سوعبەتا بوون، تەتەرەکە دەرکەوت و ڕەیهان ئحمێکی بۆ کردو بزەیەک.
_دیارە باوک بیری کچەکەی ئەکا؟!
تەتەرەکە بە گوڵەناری ڕاگەیاند، وادەی بینینی پاشایەو فەرمانی پێکردووم یاوەرییت بکەم.. "چووە دەرەوە"
_شەو دێیتەوە؟
_باوەڕ ناکەم، حەزم لە بەزمی ئەویش هەیە، قسەی زۆر خۆشە.. لای ئەو لە دنیاش زیاتر تێ ئەگەم.
_کچێ شەو لای خۆی بخەوە، ئیتر ئەم مەکرو نازە چییە؟
_وای!!!! توخوا چۆن دڵت هات وا بڵێی، باوەڕ بکە، لەوە زیاتر نییە بۆم باسکردووی.
نەزاکەت هەواڵی یاوەرسینی بە گوڵەنار گەیاندو گوڵەنار لە خۆشیا باوەشی پیاکرد، ویستی بچێ بیبینێت، نەزاکەت نەیهێشت پەلە بکات:
_بە هەستانەوەی ئەو، ئیتر ئەو دێتەوە شوێنەکەی خۆی و ڕەنگە بە ساڵێکیش نەتوانین یەکتر ببینین، تۆ ڕاوێژکاری ئەویت و ئیتر لە ڕێگەی ئەوەوە ڕاسپاردەت بنێرە.
گوڵەنار بەم قسەیە حەپەسا، پەژارەیەکی زۆر بە ڕوخساریەوە دەرکەوت، دەمی تەتەڵەی ئەکرد، نەیئەزانی چی بڵێت، بە جارێک هەموو کەیفسازییەکانی ون ئەبێ.. ئەگەڕێتەوە بۆ دۆخی جارانی. سەری لێ هاتبووەوە یەک.
" _بە نازێکەوە" ئەی ئەگەر بیری باوکی خۆمم کرد؟
_خۆت ئەزانی خەڵکێکی زۆریش لە ناو کۆشکا هەن و ئیتر هاتنی تۆ بۆ ئێرە قسە بە دوای خۆیدا ئەهێنێ، ئەشزانی کە من بە هیچ جۆرێک ڕێگەم نەداوە قسەوقسەڵۆکم دوا بکەوێ.
گوڵەنار هیچ چارەسەرێکی تری نەما، زۆر نائومێد بوو لە پاشا.. لە پڕێکدا وەک دەروویەکی ڕوونی لێ کرابێتەوە، گەشایەوەو لێی پرسی :
_ئەی ڕای خۆت؟ تۆ منت زیاتر مەبەستە یان یاوەرسین؟
_یاوەرسین کێیە کچم؟ هەموو دانیشتنەکانم لەگەڵ تۆ، زۆر دڵخۆشی کردووم، بەڵام ئەوەی لەگەڵ ئەو ئەیکەم سیاسەتە، پێم وابوو چاک نابێتەوەو قەت تۆ لەدەست نادەم، لەبەرئەوە زیاتر تێکەڵت ئەبووم، بەڵام وا تازە کار لە کار ترازا، دەسەڵاتی کەسی تیا نەماوە.
گوڵەنار بە ترس و بیمێکی زۆرو شپرزەییەوە لە پاشای پرسی:
_ئەی ناتوانی ئەوە بکەی چاک نەبێتەوە؟

نەزاکەتشا، ئەو قسەیەی گوڵەناری بە دڵ بوو.. هەر خۆی بەو مەبەستە بانگی کردبوو، کە داوای کوشتنی یاوەرسین بکات، توانی زۆر بە خێرایی قسەکەی لێ وەرگرێ، هەندێ مینجە مینجی بۆ کردو گوڵەنار سوورتر ئەبوو لەسەر پێشنیازەکەی، نەزاکەت وای نیشاندا لەبەر دڵی ئەو قبوڵی ئەکا، ئەگینا نیازی کوشتنی کەسی نییە.. نەزاکەتشا خۆی ئەیتوانی یاوەرسین بکوژێ و دواتریش خۆی بکا بە خاوەنی، بەڵام تا ئەو کاتە مەرامی تەواوی گوڵەناری نەئەناسی و لە چاکسازییە خێراکانیشی بە گومان بوو، جگە لەوەش کوشتنی یاوەرسینی پێ گۆڕییەوە بە پەردەپۆش کردنی بکوژەکەی مام ئەشکانی باوکی پاکییز..دوای ئەوە دەستخۆشیی لێکرد:

_تەواو فێری سیاسەتکردن بوویت!

بەڵام پاشا پێویستی بە ڕوونکردنەوەی ئەو هەبوو سەبارەت بە چاکسازییەکانی و چوونە ناو خەڵکەوە.. گوڵەنار بزەی بۆ کرد:

_گەورەم من ئامادەم لە پێناوی تۆدا گیانیشم ببەخشم، بەڵام گەر خەڵک ئەوەی زانی، ئەو کاتە هەموو کارێکم بە فرت و فێڵ ئەزانن، من وامکردووە وێنەی جەنابتیان لا پیرۆز ببێتەوە، ئێستا زۆر بە خۆشحاڵییەوە دروشمی نیوە بۆ ئێمەو نیوە بۆ پاشایان بەرز کردووەتەوە، من وا ئەکەم ئەم مەملەکەتە هەمووی گیانفیدات بێ و کەسیان لە جەنابت لا پیرۆزتر نەبێ، من شارەزای ئەقڵیانم، ئەزانم بە چی ئەیانگرم.

_ئەو نیوەیەی پاشا بۆ خۆت هەڵگرە، گرنگ ئەوەیە سەرکەوتوو بیت، هەر پارەیەکی تریشت پێویست بوو، تەتەرێک ڕاسپێرە، با تەتەرەکەی من بناسێ و بەو جۆرە ئەگاتە دەستت تا ملی یاوەرسین ئەشکێنین، تۆ لێرە نزیک نەبیتەوە.. نامەوێ لە کۆشکا بکوژرێ و متمانەی خۆم لە دەست بدەم.. با بە سەلامەتیی لێرە بچێتە دەرەوە.

نەزاکەت گوڵەناری بە لێپرسراوێکی پاسەوانیی ناساند، تا ڕێ و شوێنی کوشتنی یاوەرسین لەگەڵ ئەودا تاو و توێ بکەن و خۆی لەدەرەوەی وردەکارییەکانی بێت.

چل ڕۆژ تێپەڕی، بە بێ ئەوەی گوڵەنار هیچ یەکێک لە داروەدەستەی کۆشک و یاوەرسین و دەوروبەرەکەی ببینێ، لەگەڵ ڕەیهان سەرقاڵی پرۆژەکان بوون و شەوانەش ئەگەڕانەوە بۆ ماڵ و زوربەی شەوان ڕەیهان کەمێک لای ئەمایەوە.. بە بێ ئەوەی هیچ هۆکارێک بۆ ڕەیهان بدرکێنێ، دانیشتن و بەزمی خواردنەوەیان هەڵپەسارد بۆ ماوەیەکی دیاری نەکراو.. لە هەموو ئەو ماوەیەدا بیری لای ئەوە بوو چۆن پاشا بە جۆرێک بگرێت جارێکی تر ئەو ساردییە ڕوو نەداتەوە، کە بە هۆی چاکبوونەوەی یاوەرسینەوە لە کۆشک دەریکرد، ئەیزانی ئەوەی نیشانی پاشای داوە کەمەو پێویستی بە پاڵنەرێکی بنبڕو یەکجارەکی هەیە.. دەرەنجام گەیشتە ئەو

ڕایەی بە جوانییەکەی ئەوەندە پاشا بوروژێنێ تا داوای لەگەڵ نوستنی لێ بکا، بۆ ئەمەش پێویستیی بە پینەوپەڕۆ کردنی پەردەی کچێنییەکەی بوو، نەیئەویست ڕەیهانیش بەمە بزانێ، هەر لە هێنان و بردنی چارەسەری ئەوەدا بوو، بۆیە زۆر پەرۆش نەبوو بۆ چاکبوونەوەی یەکجارەکی یاوەرسین.
یاوەرسین بە ڕاددەیەک باش ببوو، جاروبار بۆ ماوەیەکی کورت لەگەڵ پاشا دائەنیشتن و پاشا ڕایسپاردبوون باشترین خزمەت بکرێ.. باسی گوڵەنار هات و پاشا مەدح و سەنای کردو دڵسۆزیی ئەوی بۆ یاوەرسین و خەڵک باسکردو تێی گەیاند ئەو کچە نەیهێشتووە بێ ئەویی بە خەڵکەوە دیار بێ.
یاوەرسین دڵی لای شەڕگەکان و ئەلیاسی برای بوو، کە وایان تێگەیاندبوو، لە شەڕدایەو سەلامەتە.. پاکییز زۆری ئەلاواند، لامسەرلایی ئەوەی نیشان دابوو خۆشی ئەوێت، یاوەرسینیش هەستی پێکردبوو، بە تایبەت کە پاشا باسی ئەو دیمەنەی بۆ کردبوو، کە سەری لەسەر ڕانی پاکییز بووە، سوکە تێبینیەکیشی دا بە یاوەرسین، کە ژنی هاورێی سەنگەری بووەو ناکرێ هیچی لەگەڵ بکا.. بەم سەرزەنشتە ماوەی نێوان یاوەرسین و پاکییز زۆر فراوان بوو.
شەڕ لە گەرمەی پەرەسەندندا بوو، دوژمن ئەیویست تۆڵەی شکستەکانی بکاتەوە، هێزی زۆر زیاتری ئەگەیاندە شەڕگەکان، ورە بەرزیی کاکە لاس و هەندێک فەرماندەو سەربازەکان ڕێی بەو جم و جوڵەی دوژمن گرتبوو.. کاکەلاس ماندوو نەئەبوو، بە ئازایەتییەکی شێتانەوە، بە میزاجی باش و شارەزایی لە شەڕکردندا، لە هەر شوێنێک بووایە، دوژمن تیایدا پەریشان بوو، دووبارە دوژمن لە هەوڵی لەناوبردنی سیمبۆلەکاندا چەندین سیناریۆی بێ سوودی بۆ کوشتنی داڕشت و تێک ئەشکا.
یاوەرسین ئەیویست پاکییز تێ بگەیەنێت، نە خۆی ئەیەوێ هاوسەرگیریی لەگەڵ بکا، نە بارودۆخەکەش ڕێ بەوە ئەدا.. چەند ڕۆژێک بوو لە کۆشک هاتبووە دەرەوەو نەزاکەتشا فەرمانی دابوو هەموو ڕەعیەت ئەتوانن بێن بۆ پێشوازییەکەی و بیبەنەوە بۆ ماڵی خۆی، ئەم هەنگاوەی نەزاکەت بووە مایەی دەستخۆشیی زۆری خەڵک..
ئەوان پێیان خۆش بوو پاشا بەو هەموو میهرەبانییەوە گرنگیی بە پاڵەوانەکەیان داوە..
یاوەرسین بە دوای هەلێکی لەباردا ئەگەڕا ڕازی دڵی بە پاکییز بڵێ.. لە ماوەی ئەو چەند ڕۆژەدا کە گەڕابووەوە ماڵەوە، بە بەردەوامیی گوڵەنار بە ڕوویەکی زۆر خۆشەوە لێی نەئەبووەوە، یاوەرسین جگە لەوەی زۆر بە جوانییەکەی سەرسام بوو، ویستی پاکیزیش لە هەستی خۆی تێبگەیەنێت.. لەبەردەمی پاکییزدا داوای لێکرد، چەند ئامادەیە ببێتە دایکێکی باش بۆ منداڵەکەی؟.. پاکییز توشی شۆک بوو، باوەڕی نەئەکرد ئەوە یاوەرسین بێ ئەو داوایە لە گوڵەنار ئەکا، چووە دەرەوە.. گوڵەنار سەرەتا ڕەنگی پەڕی و دواتر هێمن بووەوە.. یاوەرسین هەر بە بزەوە چاوەڕوانی

وەڵامی ئەکرد، گوڵەنار بە شەرم و نازێکی زۆرەوە داوای کرد بیری لێ بکاتەوە..
یاوەرسین کاتی بە دەستەوە نەبوو:
_سبەی وادەی کۆبوونەوەکەیە لەگەڵ پیاوماقوڵانی شارو قسەیان بۆ ئەکەم، ئەمەوێ لەو قەرەباڵغیەدا ئەو هاوسەرگیرییە ڕاگەیەنم..
گوڵەنار هەستایە سەر پێ و خەندەیەکی نەوەستاوەی کرد، وەک دەرپڕینی خۆشییەکی زۆر:
_تا ئێوارە ئارام بگرە!
_نا ئێستە وەڵامم ئەوێ.
گوڵەنار جانانەتر دەرکەوت و سەری ڕەزامەندیی بۆ ڕاوەشاندو دەرپەڕیە دەرەوە.. لەو کاتەدا پاکییز کە وەختا بوو بەلادا بێت، خۆشییەکی زۆری لە ڕوخساری گوڵەناردا بینی و پێی وابوو، بەختی لەبارەو هەر ئەبێ دڵخۆش بێ.. گوڵەنار گەیشتە ماڵەوەو ڕەیهان چاوەڕوانی بوو، گوڵەنار لە خۆشییەکی سەرسوڕهێنەردا بوو، تریقەی بە هەموو ماڵەکەدا پەخش ئەکرد، باوەشی توندی بە ڕەیهاندا کردو ئەویش نەیئەزانی سەرچاوەی ئەم هەموو خۆشییە لە کوێوەیە.. خەیاڵی بۆ هەموو شتێک ئەچوو، تا دواجار گوڵەنار پێی وت مێرد ئەکەم.. زۆر بە سەرسوڕمانەوە ڕەیهان تێی ڕوانی، پێی وابوو مێرد بە نەزاکەتشا ئەکا، تا تێگەیشت یاوەرسینە زۆری پێ چوو.. ئەو شەوە ڕەیهان نەڕۆیشتەوەو بە دیار شەراب و بە سەمایەکی شێتانەوە ڕۆژیان کردەوە.
یاوەرسین لەو ڕۆژەوەی گەڕابووەوە ماڵەکەی، هەر ڕۆژەو لەگەڵ توێژێکدا کۆبوونەوەی ئەکردو بەڵێنی پێئەدان بە هۆی تواناو دڵسۆزیی زۆری گوڵەنارەوە، دوو بە دوو و بە پشتیوانیی و هاتنە پێشی نەزاکەتشا، هەرچی لە توانایاندا بێ بۆ پشتیوانیی و هاوکاری خەڵکەکە، درێغیی ناکەن.. ئەمڕۆش بڕیار وایە لە ناو پیاوماقوڵاندا، قسە بکات.. ئەو شەوەی زۆر بە ناڕەحەتیی بەڕێکرد.. لەلایەکەوە دڵی بە هاوسەرگیرییەکە خۆش بوو، بەڵام ڕووی ترشاوی پاکییز هەموو شتێکی سەرەو نخوون کردبووەوە.. بانگی ئەکرد ڕوون کردنەوەی بداتێ، بەڵام بێ سوود بوو، پاکییز ئەیویست ماڵەکەش جێ بهێڵێ و هەر گوێی لێ نەئەگرت و نەئەچوو بە دەمییەوە. نەزاکەتشا بە جموجوڵەکانی یاوەرسین کەیفساز بوو، دیوانی شا ئاوی کەوتبوو، هێمن هێمن چرکەو ورتەی تیا نەبوو.. گوڵەنار بە دەستوری شاهانە خۆی بۆ کۆبوونەوەکەو جاڕدانی هاوسەرگیرییەکەی ئامادە کردبوو، ڕەیهان وەک بەردەوام ئەبووایە لە ماڵەوە چاوەڕوانی بکا تا ئەگەڕێتەوە.
کاتی کۆبوونەوەکە هات و پیاوماقوڵان بە پێوە لە پێشوازیی یاوەرسین و گوڵەناردا بوون.. چوونە شوێنێکی کەمێک بەرزترو یاوەرسین وتارێکی سەرنجڕاکێش و جوانی پێشکەشکرد، کە ڕۆژی پێشتر دوای بینینی جوتیاران، گوڵەنار هاوکاریی کردبوو..

دواتر زۆر سوپاسی نەزاکەتشاو گوڵەناری کردو بەو بۆنەیەشەوە نیازی هاوسەرگیریی خۆی و گوڵەناری ڕاگەیاند، بوو بە هاڕەی چەپڵەو لە ناو دەنگدانەوەی چەپڵەشدا دەنگی دوو ڕیز فیشەک شادییەکەی لێ شێواندن، ئەو ناوە هەموو درا بە یەکداو ئاپۆرای خەڵکەکە شڵەژاو بەسەریەکدا ئەکەوتن و ئیتر باوک منالی خۆی بۆ نەئەناسرایەوە، زۆر کەس هەر بوو بەژێر دەست و پێوە.
پرسەی یاوەرسین تەواو بوو، گوڵەناری بریندار کە تەنها دوو فیشەک بەر نەرمەی ڕانی کەوتبوو، لە جێدا چارەسەر ئەکراو ڕەیهان خزمەتی ئەکرد، پاکییزی ماڵ لێ شێواو بە بیستنی هەواڵی کوژرانی یاوەرسین، دڵی وەستا، ماڵی باوەیاس هەم پرسەیان بۆ گێڕاو هەم کاوێسی کوری یاوەرسینیشیان گرتە خۆ.. نەزاکەتشا ناڕەزایی نامەیەکی توندی بڵاو کردەوەو داوای لە ڕەعیەتەکەی کرد هەموو توانای خۆیان بخەنەگەڕو چاوکراوەبن بۆ دۆزینەوەی بکوژانی مام ئەشکان و یاوەرسین و هەوڵی کوشتنی گوڵەنار خاتوون، بە توندی ئیدانەی کارە قێزەونەکەی کرد.. هەر لەو ڕاگەیەنراوەدا فەرمانی دا بە پێدانی نازناوی خاتون بە گوڵەنارو داوای لە مەردوم کرد، خۆیان پێشڕەو و نوێنەرە بە تەنگەوەهاتووەکەی خۆیان بپارێزن، چون ئەم هەوڵە بۆ کوشتنی ئەویش بووە.
خەڵکێکی زۆر لە ماڵی گوڵەنار ئاڵابوون، گەنجان لەناو خۆیاندا پۆلێکیان بۆ پارێزگاریی کردنی پێک هێنابوو، بە دەستوری سەربازیی، نۆبەتگیرییان ئەکرد، ئەم کورانە هەموو خۆبەخش بوون و زیاتر لەو بنەماڵانە بوون، کە گوڵەنار ژیاندبوونیەوە.. خەڵک داوای بینینی گوڵەناریان ئەکردو ئەوانیش بە ڕازیی بوونی گوڵەنار، لە پاش نیوەڕۆداو بۆ ماوەی ٢ سەعات بە ڕێکوپێکیی دەستە دەستە بواریان ئەدانێ.. شار هەموو دەست بە نزا بوون بۆ سەلامەتیی هاوسەرەکەی یاوەرسین و کچە میهرەبان و خەمخۆرەکەی میللەت.
بە هۆی گەڕانەوەی کاکەلاس و هەندێک فەرماندی تر بۆ پرسەکەی یاوەرسین، شەڕگە لە شکستدا بوو، بە بیستنی ئەم جۆرە هەواڵە نەزاکەتشا فەرمانی باری نائاسایی دەرکردو تەواوی پاسەوان و سەربازی وڵاتی خستە دۆخی ئامادەباشییەوەو بە پەلە هەمووان گەڕانەوە بۆ سەربازگەکانیان.
لە ماوەی دوو مانگدا هەڵچوونی خەڵکەکە دامرکایەوە، وەک سەرەتا نەزاکەتشا پێشبینیی کردبوو.. پێنج خۆبەخش لە دەوری ماڵی گوڵەنار مانەوە، ئەوانی تر چوونەوە بەلای کاروکاسبی خۆیانەوەو لە برسا نەیانتوانی درێژە بە هەستە شۆرشگێرییەکەیان بدەن، سەردانەکان ئیتر پچڕ پچڕ بوون و زۆر کەم بوونەوە.. گوڵەنار کە بە گۆچانێکەوە ئەیتوانی هەنگاو بنێ، سەراپا ڕەشی پۆشی بوو، تازێباریی تەواوی نیشانی هەمووان دا.. ئەو پێنج خۆبەخشەشی ئیزن داو دەرکەی

ماڵیشی بە ڕووی هەموو کەسێکدا داخست، تەتەرەکەی نەزاکەتشا نەبێت کە بەیانیان و لە کاتێکی دیاریکراودا ئەهات و نامەی لە نێواندا ئاڵوگۆڕ ئەکردن.. بەڵام لەگەڵ ڕەیهاندا وای نیشاندا کە پێویستە ژیان بەردەوام بێ و ژیانی نوێ دەست پێ بکەنەوە، چون نەیئەتوانی بەردەوام تازێباریی نیشان بدات, لەم ماوەیەدا بە هاندانی ڕەیهاندەستی دایە جگەرەو بە تەواویی لەگەڵ کێشانی ڕاهات.. ڕەیهانیش سەرپەرشتی وردە پرۆژەکانی ئەکردو نەیئەتوانی وەک گوڵەنار نەرم و نیان بێ لەگەڵ هەژارەکاندا، ئەوان لە هەموو کەس زیاتر پەرۆشی زوو چاکبوونەوەی گوڵەنار بوو.

نەزاکەتشا لە دواترین نامەیدا نوسیبووی:

))کچە گوڵەکەم نامەوێ لەم کاتە ناسکەتدا ئەم بۆنە نەعلەتیەت تێ بەردەم، ئەگینا زۆرت بیر ئەکەم، بە هیوای زوو چاک بوونەوەت، هەر توانیت بە پێی خۆت پرۆی، بگە لای من ((.

لە نامەکانی پێشووتردا نەزاکەت پێی ئەڵێ من فەرمانم کرد دوو فیشەک بنێن بە نەرمایی ڕانتەوە، نەئەکرا ئەو بکوژرێ و تۆ سەلامەت دەرچی، گەر وابووایە لە یەکێکەوە هەر چاوی گومانت تێ ئەبڕا، گەر پێم گوتبای ئەوە ڕووئەدا، ترس سەراپای داگیر ئەکردی و ئەزانرا خۆت لە پشتی هێرشەکەوەیت.. ئەوەتا کار بەخێر ئەگەڕێ و تۆش لە جاران پێگەت بەرزترە لەناو خەڵکدا، خۆشەویستترو ئێستا سەرتۆپی هەمووانی، برینیش هەر چاک ئەبێ.

باوک و برای ڕەیهان بە شانازییەکی زۆرەوە ڕازی بوون بەوەی ڕەیهان شەوانە لە ماڵی گوڵنار بمێنێتەوە.. خزمانی گوڵەنار بە باوان و خاڵوانەوە هەموو لە دێیە دوورەکان بوون، لە سەرەتای ڕووداوەکەوە پرێک هامشۆیان کرد بەو مەبەستەی شتێکی لێ هەڵکرێنن، بەڵام گوڵەنار وریاتر لەوان، هەر بەقەدەر خزمایەتی ڕووی پێدان و ئەوانیش کە زانییان سوودی نییە، لەناو خۆیاندا بە لوتبەرزو فیزن ناویان بردو پێیان لێ پرییەوە ..

گوڵەنار لەناو داپۆشینی ئەوەی بە نەنگی ئەزانی نغرۆ ببوو، چەند جارێک بە خەیاڵیدا ئەهات لای ڕەیهان بیدرکێنێ و دواتر پەشیمان ئەبووەوە.. سەرەنجام وای پێ باشتر بوو ڕاستەوخۆ لەگەڵ نەزاکەتشادا باسی بکا.. بەو شێوەیە پاشا زیاتر متمانەی پێ ئەکا، کە نهێنییەکی ئاوا گەورەی لا ئەدرکێنێ، لە ڕێگەی ئەو باسەشەوە ئەتوانێ پاشا بوروژێنێ، جگە لەوانەش ڕەنگە پاشا چارەسەریشی بکا لە دەرەوەی مەملەکەت، بڕیاریدا لە یەکەم دانیشتنی لەگەڵ پاشادا، ئەم باسە بکاتەوە.. لە ئێستەیدا تەنها شتێک ئەوی سەرقاڵ کردبێ ئەم کێشەیە بوو، بیری بەلای هیچ شتێکی تردا نەئەچوو. بیری لەوە ئەکردەوە ئەم کێشەیەی چارەسەر

ببێ، ئیدی هەموو ڕێگەکانی لەبەردەمدا تەخت ئەبێ.. هەرچەند بە دەم داڵغەوە ئەگەیشتە ئەو ڕایەی ڕەنگە پاشا ئەمە بە نەنگییەکی گەورە بزانێ و دووری بخاتەوە لە خۆی، بەو پێیەی نەزاکەت گرنگیی زۆری بە ئاپروو ئەدا، نە ژنی هەبوو، نە لەگەڵ کەسیشدا جووت ئەبوو.. بەڵام دواتر بزەیەک ئەوەی بیر ئەخستەوە کە ئێستە نەزاکەت تەنها ئەوی بە دەستەوە ماوەو نایەوێ نهێنییەک بڵاوبکاتەوە ئەمی پێ لە دەست بدا، بە نامەکانی ئەم یەک دوو مانگە زۆر شادمان بوو.

سەپان بەگ وەزیری کارنامەی مەملەکەت، تەمەنی بەرەو چل و پێنج ساڵ هەڵئەکشا، نەزاکەتشا متمانەیەکی زۆری پێی هەبوو، ئەوەندە سەرقاڵ بوو بەکاروباری مەملەکەتەوە، نەیئەپەرژایە سەر ژیانی تایبەتی خۆی.. ئەم کابرایە قسە ڕەق و تڕن بوو، تەنها لە بەردەمی نەزاکەتشادا ئەگەر زەردەخەنەیەکی ڕیاکاریی بکردایە، دەنا وەکی تر، توڕەوتڕۆ بوو، وەک ئەڵێن لەگەڵ سێبەرەی خۆیشی کێشەی هەبوو.
کاتێ سەپان بەگ لەگەڵ چەند وەزیرێکی تردا، نەزاکەتشا ڕایسپاردن بۆ سەردانیی کردنی گوڵەنار، سەرەتا وەڕس بوو، هەر لەگەڵ بینی، هۆش و گۆشی نەما، جوانییەکەی گوڵەنار کە هەموویانی سەرسام کرد، بۆ سەپان بەگ تایبەتتر جۆش و خرۆشی وروژاند.. ویستی لە ڕێگەی دۆزینەوەی هێرشبەرەکان و سزادانیانەوە سەرنجی گوڵەنار ڕاکێشێ، زۆری لەسەر ڕۆیشت و وەزیرەکانی تریش شایەتیی کارامەیی و لێهاتوویی ئەویان دا لە لێکۆڵینەوەو ئاشکرا کردنی دۆسیە شاراوەکان، گوڵەناریش خۆشحاڵیی خۆی بە پەرۆشییەکەی نیشان دا.
مام پیروەیس نەیئەویست دوورو نزیک دەست وەربداتە کاروباری گوڵەنار، یان لە هەواڵی تەندروستی زیاتری بپرسێ.. لە سەردانێکیدا بۆ لای، گوڵەنار بە پێداگیریی و ڕوحی تۆڵەوە پێی وتبوو، من ئەزانم ئەو کەسەی ویستی من و یاوەرسین بکوژێ، تەنها چاوی لە شوێنەکەمان بووەو هیچی تر، ئەو کەسە نزیکی منیشەو ناهێڵم لە سزا دەربازی بێ.. ئەم قسەیەی کە ڕووبەڕووی مام پیروەیس کرد، درێژ کردنی پەنجەی تاوانبار کردن بوو بۆ ئەو.. زوو لە قسەکەی حاڵیی بوو، بەڵام نەیویست بیهێنێتە سەر خۆی .
مام پیروەیس هەستی بە مەترسی گەورە کرد لەسەر ژیانی خۆی و ماڵ و منداڵی، بەو پێیەی ئەو ئەیزانی پاشا چەند خاتری گوڵەناری ئەوێ.. لەگەڵ فڵامەرزی کوڕی " کە لەبەر خوێندنا بوو" قسەیان تیاکرد، فڵامەرز کە تەمەنی بیست ساڵێک ئەبوو، یەکێک بوو لە لایەنگرە توندڕەوەکانی گوڵەنارو بەشداریی چەند ڕۆژێکی نۆبەتگیریی ماڵەکەیشی کردبوو.. باوەڕی نەئەهێنا گوڵەنار بەوجۆرە لە باوکی بەد گومان بێ، ئەیشیزانی گوڵەنار مافی ئەوەی هەیە گومان لە هەر کەسێک بکا، بەڵام گومان

پێویستیی بە بەڵگەو ساغکردنەوە هەیە، دڵەڕاوکێ گرتی، هەرچەند دڵنیا بوو گەر ئەوەش ڕوویدا، ئەمان بێتاوان دەرئەچن، زۆر دڵنەوایی باوکی کرد.. باوکیشی بۆ ئەوەی مەترسییەکی لەمجۆرە سەر لە کورەکەی نەشێوێنێ، هێور بوونەوەی نیشاندا، بەڵام دنیا دیتەییەکەی، نەیئەهێشت ئارام بێتەوە.
گوڵەناریش ئەیویست لە مام پیروەیس ڕزگاری بێ، نەبادا ڕۆژێک لە ڕۆژان، خەڵکانێک باسی سەردەرکردوویی ئەو بۆ نەزاکەتشا بکەن. هەلێکی زێرین هاتۆتە پێش و نایەوێ لە دەستی بدات.
نەزاکەتشا میوانی دەرەوەی هاتبوو، دوو ڕۆژ بوو سەرقاڵی فرۆشتنی پۆدرەکەی بوو بەو نرخەی هەردوو لایان ڕازی بکا، سەرەنجام بە نرخێکی باش ڕێککەوتن، ئەم ڕێککەوتنە کاریگەریی هەبوو بەسەر هەموو ژیانی کۆمەڵایەتیی مەملەکەتەکەوە.. پارەیەکی باشی تەرخان کرد بۆ ڕێکخستنەوەی جادەوبان و سەپان بەگیشی ڕاسپارد، لەگەڵ وەزیرەکان کۆببێتەوەو پێداویستییەکانیان دابین بکات و چاویان بە نوێنەری توێژەکان بکەوێت و پارەو پولیان بدەنێ.
خولیاکەی گوڵەنار ئەوەندە سەپان بەگی هەراسان کردبوو، نە وەک جاران ئەیتوانی کارەکانی ڕاپەڕێنێ، نە خولقیشی هەبوو ئەوەندە بچێتەوە بەلایاندا، نەیئەزانی بە چ ڕێگەیەک لێی نزیک ببێتەوە.. گوڵەنار پەرۆشییەکەی سەپان بەگی لە بیر بوو، هەر ئەو کاتە نیازی هەبوو بەو بڵێت کە گومانی تەواوی لە پیروەیس هەیە، گەر بە نەزاکەتشای گوتبا، ئەو لەو داوەی ئەکەوتە گومانەوە کە بۆ پیرێکی وای ئەنێتەوە..
بە ڕەیهاندا نامەیەکی بۆ سەپان بەگ نارد کە ئەیەوێ لە شوێنێک بیبینێ.. هەر بە گەیشتنی نامەکە، سەپان بەگ خۆی پێچایەوەو چوو بۆماڵەکەی، ئەو پێش ڕەیهان گەیشتە لای گوڵەنار.
لە ڕێگەی وەزیری پاسەوانییەوە، فەرمانی دەسگیر کردن بۆ مام پیروەیس و فڵامەرزی کوڕی دەرچوو، بەڵام گوڵەنار داوای ئەوەی لە سەپان بەگ کرد کە ناوی نەهێنێ، سەپان بەگی ملکەچیش بەڵێنیدا گەر سەری دانابێ، ناهێڵێ ناوی ئەو بێتە ناو ناوانەوە.
زوربەی خەڵکی مەملەکەت لە مام پیروەیس کەوتنە گومانەوە، سیاوەش و هەندێکی کەسی تر، بە توندیی ئەو تۆمەتەیان ڕەتکردەوە.. هەر هەموو گوێ قوڵاغی هەواڵێک بوون لە بنکەی پاسەوانییەکەوە بێتە دەرەوە.. هەموو گوێیان هەڵئەخست تا لەم نهێنییەی مام پیروەیس تێ بگەن.. پیروەیس و فڵامەرز گیراون و مەملەکەت لە نائارامییەکی کەم وێنەدا ئەژی.. ڕەیهان پەرۆشترین کەسێک بوو بۆ سۆراخی ڕاستییەکە.. ئەو ئەیویست ڕێک و ڕەوان ئەوە بزانێ ژیانی ئەویش بە

هۆی گوڵەنارەوە لە مەترسیدایە یان نا؟ چون تا بکوژەکە نەدۆزرێتەوە، ئەو هەست بە ئارامیی ناکا.

مقۆ مقۆی ئەوە بڵاو بووەوە گروپێک لە خۆ ڕێکخستندان، بۆ پەلاماردانی بنکەی پاسەوانییەکەو فڕاندنی مام پیروەیس و کورەکەی، تا لە شوێنی ئارام بیانپارێزن.. بە پروای ئەم گروپە، مام پیروەیس پیاوی ئەوە نییە زیان بە بەرژەوەندی خەڵک بگەیەنێت و جوامێرێکی وەک یاوەرسین بکوژێ، کە سیمبول بوو.. دەنگۆکە وابوو بایز سەرپەرشتی گروپەکە ئەکا.. لە بەرەیەکی تریشەوە مەولانی سەرکز ڕاپۆرتێکی بە واژۆی دوو هەزار کەسەوە بۆ کۆشکی شاهانە بەرزکردبووەوە، داوای کردبوو لەکاتی ساغبوونەوەی تۆمەتەکە بەسەر پیروەیسدا، بدرێتە دەستی خەڵک بۆ بە سزا گەیاندنی، یان بەلانی کەمەوە بەبەرچاوی خەڵکەوە سزا وەرگرێ.
گوڵەنار لەگەڵ ڕەیهاندا شەوانە نوقمی ناو بادە بوون، لە خەمی ئەو دووبەرەکییەی خەڵکدا بوو، ئەوە لە بەرژەوەندیی ئەو نەبوو.. بە پێچەوانەوە ڕەیهان هانی ئەدا بۆ قووڵکردنەوەی زیاتری ناکۆکییەکە، ڕەیهان پێی وابوو تا ناکۆکییەکە زیاتر شۆڕبێتەوە بەناو خەڵکدا، لایەنگرەکانی گوڵەنار شێلگیرانەتر گیانفیدای ئەبن.. گوڵەنار بە خۆی نەبوو هەرچەندی ئەکرد نەیئەتوانی ئەم ڕایە پەسەند بکات، لەبەرئەوەی ئەیزانی نیوە ڕەهاکەی بەرامبەر بە توندی دژی ئەوەستنەوە.. هەرکات ڕەیهان ئەیزانی هاندانەکەی بێسوودە، باسەکەی ئەگۆڕی بۆ شەوی سووری پەردەی لەگەڵ پاشاداو گوڵەناریش ئەیویست سوود لە شارەزایی و سەردەرهاتەیی ئەو وەربگرێ لەو باسانەدا، چون وەک بۆی باسکردووە، زۆری بینیوە.. نیازو کەڵکەڵەی خۆی بە ڕوونیی بۆ ڕەیهان باسکردبوو، ئەویش زۆر جار ئەیگەیاندە حاڵەتی وروژاندن، دواتر لە سەرخۆشیدا پلانەکان ڕێک ئەخران.
وەزیری پاسەوانیی لای نەزاکەتشا سەرسورمانی خۆی لە تێوەگلاندنی پیروەیس دەربڕی و پێی ڕاگەیاند کە وەزیری کارنامە بە بێ ئەوەی ناوی هەواڵدەرەکەیان بداتێ ئەو پیروەیسی تۆمەتبار کردووە.. نەزاکەتشا لەبەرئەوەی ئەیزانی ئەم هەواڵە زوو ئەگاتەوە ناو خەڵک، فەرمانیدا وەک هەواڵێکی گرنگ وەربگیرێ و بۆ لێپرسینەوە بە باڵبەستکراویی خۆی و کوری بگیرێن، بەڵام ڕێنمایی کرد، لە شوێنێکی تایبەت میوانداریی بکرێ و ڕێزی زۆری لێ بگرن، تا خۆی ئاگاداری ئەکاتەوە.
لە شوێنە گشتییەکان و ناوماڵاندا، باس و خوازی خەڵک هەر دابەش بوون بوو بەسەر دوو بەرەدا، ئەگەیشتە خۆ سوور کردنەوە لە یەکترو هەندێک جار چەند مشتەکۆڵەیەکیشیان بە یەکدا ئەکێشا.. تەنینەوەی دووبەرەکییەکە زۆر شتی وەکو برسێتیی و ئاستی زانین و شەڕگەکان و تەنانەت شیرازەی خێزانیشی بیر بردبووەوە.. لایەنگرانی پیروەیس و گوڵەنار بەربوونە وێزەی یەک، دۆخەکە بەرەو

ئاڵۆزیی زیاتر ئەڕۆشت.. کەس نەیئەتوانی پێشبینیی پشتەوەی ڕووداوەکان بکا، لەبەرئەوەی زۆر بە نهێنی بەڕێوە ئەچوون، هەموو خەڵکی زاناو نازانا تەنها دیوی دەرەوەیان ئەبینی و لەسەر ئەو بنچینەیەوە کوێرانەو بە پێخاوسیی تێکەوتبوون.
گوڵەنار لە تەواوی بیرۆکەی بە گرتدانی پیروەیس پاشگەز بووەوە، ئێستە بۆی دەرکەوت کار لە کار ترازاوەو ئەو بە دەستی خۆی پیروەیسێکی داماوی دەرپەڕاندو لایەنگرێکی زۆری بۆ پەیدا کرد.. ئەیتوانی لە بری ئەوە زۆر شتی تری لەگەڵ بکا، بەڵام ڕۆژەکان بۆ گەڕانەوە تێناپەڕن و هیچ شتێک نایەتەوە دۆخی ڕابردوو ..
نەزاکەتشا سەپان بەگی بانگکردو لێی تووڕە بوو، کە چۆن ناوی هەواڵدەرەکەی بۆ وەزیری پاسەوانیی نەدرکاندووە، سەپان بەگ سەری داخست و بە ترسەوە پێی وت:
_جەنابی پاشای گەورەمان.. من گیانفیدای تۆم و هەموو ژیانم لە کڕنوشدا بووم بۆ مەزنییت.. بەڵام ناکرێت ناوی هەواڵدەرەکە بدرکێنم، چون بەڵێنم پێداوە.. داوا ئەکەم بە گەورەیی خۆت ڕێگەم بدەی ئەو نهێنییە بپارێزم.
پاشا لەم پاڕانەوەیەی سەپان بەگ زۆر تووڕە بوو، لێکدانەوەی وابوو، ئەو بتوانێ ئەو نهێنییە هەڵبگرێ، نهێنی زۆری تریشی لایەو نایدرکێنێ.. هەرچەند سەپان بەگ زۆر پاڕایەوە تا لێی خۆش بێ و تەنها ئەم نهێنییەی هەڵگرتووە، هیچ سوودی نەبوو، دەمانچەی هەڵکێشاو ئاراستەی کرد:
_ڕاستیم پێ بڵێیت و پێ نەڵێی وەکو یەک وایە، تازە تۆ جێی متمانەی من نەمای.. بەڵام با پێش ئەوەی بمری ئەوە بزانی، من ئەزانم گوڵەنار ڕایسپارد بووی، ئەزانم چەند جار یەکتریشتان بینیوە، لەم مەملەکەتەدا نهێنییەک نییە من نەیزانم جەنابی وەزیر.
_گوڵەنار خۆی پێی وتووی؟ چون هەر خۆم و خۆی ئەیزانین!
وەڵامەکەی دەست نەکەوت، فیشەکێک ناوچەوانی سمی و بەلادا کەوت..
پاسەوان بە پەلە هاتنە ژوورەوەو پاشا فەرمانی پێ کردن، لاشەکەی بشارنەوە، پێویستی نەئەکرد بە کەس بڵێ باسی مەکەن، چون ئەو پاسەوانانە خۆیان هیچ باسێکی ناو کۆشکیان لای هاوسەرەکانیشیان نەئەدرکان، چ جای خەڵکی تر.
گرژیی ناو خەڵک گەیشتبووە لوتکە، پاشا ئەیزانی پێویستی بە هێمن کردنەوە هەیە، گوڵەناریش گۆچانی فڕێدابوو، بە ئاسانیی ئەیتوانی هاتوچۆ بکا.. بەڵام لە ترسی لایەنگرانی پیروەیس نەئەچووە دەرەوە، تەنها تەتەرەکەی پاشاو ڕەیهان ئەهاتن بۆ لای.. ئەوەی بەلایەوە زۆر سەیر بوو، نەهاتن و هەواڵ بزریی سەپان بەگ بوو.

قات و قڕیی بە جۆرێک برەوی سەند، ئەوی نەئیەتوانی هەستێتە سەرپێ، دەستی داری گرت و ئەیویست پارووە نانێک پەیدا بکا.. زۆرماڵە هەژار بە بێ شێو سەریان ئەنایەوە.. گەنجان کەمتر هەستیان بەو لێپرسراوێتییە ئەکردو لەسەر کارەکانیشیان هەر خەریکی شەڕە دەنوکی دووبەرەکی بوون، زۆرێکیان بە هۆی ژاوەژاوی زۆرەوە لە کارەکانیان دەرئەکران و شوێنێکی تریش نەمابوو کاریان بداتێ.. نرخی کار بە تەواوەتی دابەزی بوو، پاشا ئەیویست ئەوە نیشانی ڕەعیەتەکەی بدات، کە مەملەکەت لە حاڵەتی شەڕدایەو ئەبێ خەڵک پشت بە خۆی ببەستێ، کاربەدەستان لە ڕێی کرێ گرتە نهێنییەکانەوە ئاگری شەڕەکەیان خۆشتر ئەکردو قسەی سەوزو سووری قۆشمەیان ئەکرد.. خەڵک بەو قسە سەیرانە پێکەنینی ئەهات، بۆ کاربەدەستان گرنگ بوو خەڵک سەرقاڵ بن، جا بە هەرچییەکەوە بێت.. تەنها پاشاو چەند کەسێک لە دارودەستەکەی ئاگاداری کەڵەکە کردنی پارە بوون، ئەم نهێنییەش بە کەس نەئەوترا، وەکی تریش وڵات نەدار بوو.
گوڵەنار ئەم فرسەتەی قۆستەوەو چەند خانەیەکی کردەوە بە ناوی " ماڵی هەژاران" ەوە.. بەم هەنگاوەی پارسەنگی هێزی بەلای خۆیدا گۆڕی، ماڵە هەژاران سێ ژەمەی خواردنیان بە پێی بەرکەوتە وەرئەگرت و هەندێجار ئەبووە شوێنی حەوانەوەش بۆ ئەو خانەوادانەی بە هۆی نەدانی کرێوە خاوەنماڵ دەری ئەکردن.
مەولانی سەرکز خۆی گەیاندێ و داوای ڕێکخستنی چەند گەنجێکی لێکرد، ئەویش بە مەبەستی پرس و جۆ کردن بە پاشا، پێی وت پێویستیی بە بیرکردنەوەیە.. بەڵام بۆ پارێزگاری خۆی، موچەی بۆ مەولان و چوار هاوڕێی تری بڕیەوە، تا لەگەڵ ئاگادارکردنەوەیاندا بێن بە هانایەوە، ئەوانیش ئامادەییان نیشاندا.
مام پیروەیس بە پێشوازییەکی گەرمەوە، لە بنکەی پاسەوانییەکە هاتەدەرو بێتاوانییەکەی بە چاپکراویی بە ناو خەڵکەکەدا بڵاوکرایەوە.. لە دەوروبەری ماڵەکەی بوو با شایی لۆغان.. بایز بە خۆی و ئەوانەوە کە لەگەڵیدا بوون و ژمارەیان نزیکی سەد کەسێک ئەبوو، دەوری ماڵی پیروەیسیان وەک پاسەوان ئابڵوقە دابوو..
گەنجێکی زۆر دوای مەولان و بایز کەوتبوون وەک چەکدار وەربگیرێن و ئەوانیش بەڵێنی جۆراوجۆری درۆیینەیان ئەدانێ.
پاشا ئەمشەو خۆی تەرخان کرد، بۆ بینینی گوڵەنار، هەر بە گەیشتنی گوڵەنار باوەشی توندیان بە یەکدا کرد، پاشا گوڵەناری ماچکرد، بەڵام سام و بیمی پاشا ئەوەندە زۆر بوو گوڵەنار لەوە زیاتر کە گۆنەی بۆ ڕاگرت، هیچی تری نەکرد.
دوای سۆراخکردنی ناو خەڵک و کارەکانی گوڵنار لەناویانداو جۆری سەرکەوتنی، پاشا دەستخۆشیی ماڵی هەژارانی لێکردو بە ڕاشکاویی تێی گەیاند کە سیاسەتمەدارێکی وریای لێکەوتۆتەوە، چون تازە ئەو لە ململانێی پیروەیسەوە

گلاوەو ئەبێ بە تەنها خۆی دەرەقەتی ئەو ململانێیە بێت و گرەوەکە لە پیروەیس بباتەوە ..
_لە بری ئەو ناوزڕاندنەی پیروەیس ، من بۆ ڕازی کردنی چەردە پارەیەکم بۆ نارد..
ئەو خەڵکی بە دەورەوەیەو پارەشی هەیە، وریابە، تۆ هەر پارە شک ئەبەی، دواجار ئەو نەیباتەوە کچێ؟!
_ئەی جەنابت چیم بۆ ئەکەی گەورەم؟
_تەنها ئەتوانم پارەت بۆ هەڵڕێژم و هیچی تر، هەر خەڵک بزانێ سەرێکت بە منەوەیە، مایەپووچ ئەبی و کەست بە دەورەوە نامێنێ.
پاشا داوای لێکرد خۆی فێرەچەک و نیشانە شکێنیی بکا لە ماوەیەکی کورتدا، ڕازیی بوو ئەو پێنج پاسەوانەی بۆ فریاکەوتن هەبێ و نابێ بە دوایەوە بن، لەبری ئەوە خۆی خۆی بپارێزێ و خۆی لە شوێنی مەترسیدار نەدا.. پارەیەکی زیاتر لە جاری پێشووی بۆ ئامادەکرد.. ئینجا پێی وت:
_سەپان بەگ بە وەزیری پاسەوانیی وتبوو گومانیان لە پیروەیسە، ئەو هەنگاوە زۆر هەڵە بوو، بەڵام سەپان ناوی هەواڵدەرەکەمان ناداتێ، خۆزگە بمزانیایە کێ پێی وتووە، سەپان ملهوریی ئەکات و پێم ناڵێ.
گوڵەنار هەر بە کردنەوەی باسەکە لەگەڵ ئەودا، وا تێگەیشت سەپان بەگ هەموو شتێکی بۆ باس کردبێ، زۆر شڵەژاو بە ترسێکی زۆرەوە:
_گەورەم، من ڕامسپارد، بۆ ئەوەی لە مەترسی پیروەیس ڕزگارم بێ .
نەزاکەتشا لە جێی خۆی هەستاو چوو توند سەری نوساند بە سنگیەوەو ناوچەوانی ماچکرد، سوپاسی گەرمی کرد بۆ ئەوەی هیچ نهێنییەکی گەورەو بچوکی لێ ناشارێتەوە:
_سەپان خۆی کرد بە قوربانی ئەو نهێنییە، سەری خۆی لەسەر داناو نەیویست پێم بڵێ، لەبەرئەوە بە دەستی خۆم کوشتم، من کەسێکم بۆچییە شتم لێ بشارێتەوە؟
گوڵەنار هیچ خۆی بە هەواڵی کوشتنی سەپان تێک نەدا:
_دەستت خۆش بێ.. هەموو بۆمان هەیە نهێنییەکان بپارێزین، بەڵام هیچ کەسێک ناتوانێ لەگەڵ پاشای وڵات درۆ بکاو نهێنی لێ بشارێتەوە.
نەزاکەت ئافەرینی زۆری کردو دڵنیای کردەوە لەوەی تا پێکەوە بژین، لەبەر هیچ هۆیەک دەستی لێ هەڵناگرێ و داوای مەحاڵیش بکا، ئەم بۆی ئەکا بە ڕاستیی.
گوڵەنار زمانی بەگیر هاتبوو، نەیئەزانی بە چ ڕێگەیەک پاشا لە حاڵەتەکەی خۆی تێ بگەیەنێ، نەزاکەتیش هەر کە زانی ئەیەوێ باسی چی بکات، خۆی تێی گەیاند کە ئەو ژنەی بە منداڵیی ئاگاداری حاڵەتەکەی بووە، لەگەڵ بیستنی ناووناوبانگی ئەودا،

ئەو قسەیەی بۆ کەسێکی نزیکی کردووە:
_نەئەکرا ئەو ژنە بژی، پیریش ببوو، ئەگینا ئەو حاڵەتەی تۆی بە هەموو مەملەکەتدا بڵاوئەکردەوە، پاش ئەوەی دڵنیا بووم کە تەنها ئەو دووە نهێنییەکە ئەزانن، پیرێژنەکە مردو ئەوی تریش چوو بۆ شەڕو نەگەڕایەوە.
_بە ڕاستتە گەورەم؟ " بە خۆشییەکی زۆرەوە" یەعنی دەمێکە ئەزانی؟؟؟؟!!!!!!
_پێش بینینی خۆت.
هەستاو دەست و ڕیشی نەزاکەتی ماچکردو بە هێواشیی دەمی برد بۆ دەمی..
نەزاکەت دەستی خستە بەر دەمی و بە ئەسپایی سەری گرت و ماچی کرد، ئاماژەی بۆ کرد لە جێی خۆی دابنیشێتەوە.
گوڵەنار خۆی تێک نەدا.. بەدەم دانیشتنەوە پرسیاری چارەسەری لێکرد.

هەرچەند گوڵەنار نەزاکەتشای لەوە دڵنیا کردەوە بەوەی نەک هەر بە بۆنەکە ناڕەحەت نییە، بەڵکو بە خۆشترین بۆنی ئەزانێ، بەڵام نەزاکەت نەیهێشت لەو ژوورەدا ڕۆژ بکاتەوە:

_ تا ئێستە بیرم لەوە نەکردووەتەوە کەسێکی تر لە ژوورەکەمدا بخەوێ.. تەنها کەسیشیت ئەوەندە لەم ژوورەدا مابێتەوە.. ئێستە سەرخۆشیت و کاتی خەوە.. کە چوویتە دەرەوە ژوورەکەت پێ نیشان ئەدەن، دەمەوبەیان، بە ڕێگە تایبەتەکەدا ئەتبەنەوە بۆ ماڵەوە، ئەوەندەی نەماوە، هەستە.. مەشقی نیشانە پێکانەکەشت بیر نەچێ.

گوڵەنار تەواو نەگەیشتبووە ماڵەوە، کە بە هەمان ڕێگەدا پیروەیسیان گەیاندە لای نەزاکەتشا.. پیروەیس مەترسیی و نیگەرانیی خۆی لە گوڵەنار دەربڕی:

_ جەنابی پاشا! ئەوکاتەی من و سیاوەشت ڕاسپارد لە گوڵەنار دوورکەوینەوەو هەر خۆی ڕاوێژکاریی یاوەرسین بکا، دانایی بوو، گوڵەنارو یاوەرسین چاویان لە ناو کۆشک بوو، بە هیچ شتێک ڕام نەئەکران.. ئێمەش نەمانئەتوانی لەوە زیاتر پێداگیریی بکەین، ئاشکرا ئەبووین کە دەستنێژیی جەنابتین لە ناو خەڵکدا.. ئێستەش گوڵەنار لەناو بەری لە دوو ڕۆژی تر باشترە، ئەمە پێشنیازی منە.

_ کە یاوەرسینت کوشت پیروەیس؟ ئەی بۆچی گوڵەنار دەربازی بوو؟ ئەوە گوناهی تۆیە.

_ باوەڕت بێ گەورەم ئاگام لە لێدانی یاوەرسین نەبووە، من بە فەرمانی جەنابت نەبێ، هیچ کارێکی سەربەخۆ ناکەم.

_ ئەوە پارەی زۆرم خستۆتە بەردەستت، خەڵکێکی زۆریشت هەیە، خۆت ململانێکە بەڕێوە بەرە، منیش ئەزانم گوڵەنار نایەتە ڕاستەو هەر نایەوێ چاوی بە من بکەوێ، نامەوێ بکوژرێ بە هیچ جۆرێک، چون ئەبێتە مایەی تووڕە بوونی هەموو خەڵک، بێ پرسی من نامەوێ خوێنیش لە لوتی بێت، هەموو کارێک کاتی خۆی هەیە.. هەرچیەکیشت بە دەورەوەیە ئەبێ خۆت ڕکێفیان بگریت و هەڵە نەکەن.. تۆ هەوڵ بدە کەسی بە دەورەوە نەهێڵی، ئەوە کاری تۆیە.. "پیروەیس سەری داخست" چییە دەرەقەتی نایەی؟

_ فەرمانتە گەورەم خەمت نەبێ، تازە ئاگرەکە هەڵگیرساوەو دڵنیابە وەک ئەوەی خۆت ئەتەوێ، ئاوا ئەکەوێتەوە..

نەزاکەتشا ڕازی بوو بەوەی ئەو خەڵکە ناونوس بکرێن و چەکدار بکرێن.. خانویەکی گەورەی لە بەری ڕۆژئاوای شارەوە پێ بەخشی، تا جێی میوانداریی گەورەی تیا بێت..

بە ڕۆشتنی پیروەیس، بایزیشیان بە هەمان دەستورو لە هەمان ڕێگەوە گەیاندە لای پاشا، ئەویشی ڕاسپارد هەرزەیی و کاری سەربەخۆ نەکات و جڵەوی ئەو چەکدارانە بگرێ کە بە دەوریەوەن، بایز داوای کرد موچەیان بۆ وەربگرێ، نەزاکەت پێی وت:
_ ئەوە پەیوەندی بەو پیرە نەعلەتیەوە هەیە، هەرکات پارەی بوو، ڕەنگە موچەشیان بداتێ.. بەڵام نەهێڵی ئەو گەنجانە تەرتەووەرتە بن، لە داهاتوودا کارمان پێیان ئەبێت..

بایز قسەی لەسەر پیروەیس کرد، کە ڕام نابێ و پشتی لە پاشایە، لەبەرئەوە بکوژرێ چاکترە، نەزاکەتشا لە شوێنی خۆی ڕایگرت و بێ خەمی کرد لەوەی بەهۆی تۆڕە سیخوریەکەیەوە، ئاگای لە هەموو هەڵس و کەوتێکی هەیەو بە بێ فەرمانی خۆی، هیچ جوڵەیەکی ناوێ... دوای ڕۆشتنی بایز نەزاکەتشا بە هێمنیی نوست.

مەولان بە نهێنی سەردانی وەزیری پاسەوانیی کردو ئەویش ڕێنمایی ماوەی ئایندەی خستە بەردەستی.. گوڵەنار بە سەرکەوتوویی قۆناغەکانی خۆ ئامادەکردنی بۆ نیشانە پێکان ئەپڕی، هێندەی نەمابوو نیشانەشکێنێکی زۆر باش بێت.. لەپاڵ ئەوەشدا پاش نیوەڕوان مەشقی چۆنێتی خۆپاراستن و بە ئاگایی ئەکرد.. چەندین جۆری تەقە کردن و خۆبواردنی فێرکرا.. شەوانەش لەگەڵ ڕەیهاندا مەستی شەراب بوون، سەبارەت بە سەردانەکەی نەزاکەتیش، هەر ئەوەندەی وت کە پاشا " سام"

ی زۆرەو ئەم پرکێشیی ئەوەی نەکردووە زیادەڕۆیی بکا.. بەڵام خۆی بە مەراقی ئەوەوە ئەتلایەوە، کە پاشا بواری هیچ هەوەسبازییەکی پێ نەدا.

چەند ڕۆژێکی خایاندو بایز بوو بە سەردەستەی ئەو هێزەی پیروەیس تەیاری کردن، دووسەد چەکدار وەرگیران و موچەیان بۆ بڕایەوە.. چەند هەزار کەسێکی تریش ناوی خۆیان تۆمار کردبوو.. گوڵەنار ترسی لێنیشت، کەوتە جم و جوڵ و بە نامە پاشای لێ ئاگادار کردەوە.. پاشاو پیروەیس بە جۆرێکی ترو بە بەرچاوی خەڵکەوە ڕێککەوتن، بە بێ ئەوەی پەیوەندییەکەیان ئاشکرا بکرێ.. هێزێکی زۆری پاسەوانیی ئابڵوقەی چەکدارەکانی پیروەیسیانداو بە دەرچووان لە یاسایان لە قەڵەمدان، خەڵک وروژاو پارسەنگی هێز بەلای پیروەیسدا وەرچەرخا، بە ڕێککەوتننامەیەک، وەزیری پاسەوانیی و پیروەیس لە ڕاگەیەنراوی کۆبوونەوەکەیاندا بڕیاریاندا تەواوی ئەو کەسانەی خۆشیان ناونوس کردووە بە سەرباز وەربگیرێن و ناو نران" لەشکری میللی تایبەت".. فەرماندەیی ئەم لەشکرە بە بایز سپێرراو فەرمانیش لە وەزیری پاسەوانییەوە وەرئەگرن.. تەواوی هەوادارانی پیروەیس بەم بڕیارە ناڕەحەت بوون، بە هۆی بێکارییەوە ڕوویان کردەوە حوکمڕانیی و بوون بە سەرباز، بە موچەی زیاتر لەوی پێشوو، تەنها ئومێدیش کە شکیان برد ئەوە بوو، کە بایا سەر بە پیروەیسەو لە قسەی ئەو دەرناچێ.. لەشکرێکی گەورەیان پێک هێنا.. کەوتنە بەر مەشق کردن و خوێندنی وانە جەنگییەکان.

بەم وەرچەرخانە ناوی گوڵەنار خاتون لە ناو خەڵکدا زیاتر درەوشایەوەو پیروەیسیش لە کۆشکی نوێیدا هەستی بە هەڵەی دروستکردنی هێزەکە کرد، کە پێشنیازی خۆی بوو بۆ پاشا.. باوەڕی بە دۆڕانەکەی خۆی هێنا لە بەردەمی خاتونداو ئەمەشی بۆ هەندێک لە نزیکەکانی باسکرد.. ئەوەی زیاتر نیگەرانی کردبوو، بوونی خاتون بوو بە پاڵەوانی میللی، ترسی ئەوەی لێنیشتبوو، گەر ئەو دۆخە پەرە بسێنێ و ئەو پێشڕەوایەتیی هەموو خەڵک بکا، چاو ئەبڕێتە عەرش و کودەتا ئەکاو چارەنوسی ئەم زۆر خراپ ئەبێ.

دەرکەوتنی گوڵەنار لە هەر کوچەیەکدا قەرەباڵغیی دروست ئەکردو بە دروشمی "بژی خاتونی گەورە" پێشوازیی ئەکرا.. ئیتر بە ناچاریی خۆی لەو جۆرە شوێنانە ئەبواردو چەند کەسێکی بۆ سەرپەرشتی کردنی پرۆژەکان و ماڵی هەژاران تەرخان کرد..

بەو تاک و تەرایەی بە دەوریەوە مابوونەوە، پیروەیس هانای بۆ داب و نەریت برد، دەنگۆی خێڵەکیانەی بڵاوکردەوە، ژن ناتوانێ پێشڕەوی ماڵەکەی خۆیشی بێ نەک

خەڵک، ئاخر هەر کە شووی کرد ئیتر کەف و کوڵەکەی دائەمرکێتەوەو هەرچی هەیەو نییە ئەیبەخشێتە مێرد.. ژنان هەر بۆ ئاشپەزخانە خوڵقاون، ئەم ژنە شێت بووە، ئەوەتا لە چەتیوەیەک زیاتر کێی گرتووەتە خۆی؟
لە بەرامبەریشدا گوڵەنار لە هەموو جێیەک قسەی ئەکرد:
_ژنێک باشترە خزمەتی گەلەکەی بکا، یان پیاوێکی پیری خەڵەفاو، کە خەڵک بۆ نەزاکەتشا تەفرە بداو بیانکا بە سەرباز.. هەزار پیاوی قۆڵپڕی وا ناکەن بە قوربانی کچێک؟ من ئەمەوێ ژنەکانیشمان وەک پیاوان بیسەلمێنن کە هەموو کارێکیان پێ ئەکرێ، ئەسڵەن سیاسەت ئیشی ژنە نەک پیاو... جا بزانن لە داهاتوودا پیروەیسی خڵەفاو گرەو ئەباتەوە یان ئێمەی دەست لەناو دەست.. ئێمە جیاوازی لە نێوان ژن و پیاودا ناکەین، هەموو لە ئەرک و مافدا چوون یەکین.
بەمجۆرە گوڵەنار لە هەموو کۆڕو کۆبوونەوەیەکدا دەنگۆکانی پیروەیسی دەمکوت ئەکردو خەڵکێکی زۆری پێوە نیشتەوە... هەرچەند پیروەیس نامەی بۆ پاشا ئەنارد کە گوڵەنار بە ئاشکرا خەڵک لە دژی پاشا هان ئەدا، وەڵامی پاشا هەر ئەوەندە بوو:
_ئەی تۆم بۆچییە؟ توندوتیژیی بەکارمەهێنەو ڕێی لێ بگرە.. ئەی تۆ خەریکی چیت؟ هەر خەفەتی لێ ئەخۆی؟
کاکەلاس بە مۆڵەت لە شەڕگە گەڕایەوە، پێش ئەوەی بچێتەوە بۆ ماڵەوە، سەردانی گۆڕی یاوەرسینی کرد.. دوای پشوویەک چوو بۆ سەردانی گوڵەنارو ئەو باسی ناکۆکیی خۆی و پیروەیسی بۆ کرد، چەند جارێکیش دڵنیایی بۆ کاکەلاس دەربڕی، کە هەر ئەو لە پشت تەقە لێکردنی خۆی و یاوەرسینەوەیە، کاتێ کاکەلاس داوای بەڵگەی لێکرد، باسی هەڵخەڵەتاندنەکەی ئەو گەنجانەی بۆ کرد کە چۆن کردنی بە سەرباز:
_کاکە هەر زۆر زوو دەرکەوت ئەو بەدفەساڵە پیاوی میریی و نەزاکەتە، هەر کە زانی خەڵکمان لێ کۆبووەتەوە، دەستی لە ڕاوێژکارییەکەش هەڵگرت و ئیتر نە خۆی و نە سیاوەش نەهاتنەوە بەلامدا.. هەرچەند کاکەلاس بەم قسانە کەمێک دڵی کرمێ بوو لە مام پیروەیس، بەڵام بە خاتونی ڕاگەیاند ئەو سەردانی مام پیروەیسیش ئەکاو هەوڵی پێکهێنانەوەیان ئەدا.. سەرەتا گوڵەنار ناقایل بوو، بەڵام بەهۆی پێداگیریی کاکە لاسەوە ڕازی بوو.
وەزیری خانەوادەکان، بە ڕاگەیەنراوێک، تەواوی ماڵی هەژارانی خستەوە ناو کارنامەی مەملەکەت و پڕیاریدا بە گەڕانەوەی هەموو خەرجیەکانی گوڵەنارخاتون، کە سەرەتا ئەو بیرۆکەیەی داهێناوەو خەرجیی تیاکردووە، خەسارەبژێریی هەموو ئەو داوایانەش ئەکا کە خاتون زەرەرمەند بووە تیایدا.
ئەم هەنگاوە هەرچەند لە شێوەدا لە جڵەوگرتنەوەی لەشکرەکەی پیروەیس ئەچوو،

بەڵام کاردانەوەیەکی باشی بۆ گوڵەنار لێکەوتەوە.. بەر ماڵەکەی وەک نزرگەی لێهات و هەژاران پەیتا پەیتا ئەچوونە بەر دەرکەی و شوکرانە بژێریی ئەویان ئەکرد، بەوەی میریی ناچار کرد، دان نان بەو ماڵۆچکانەدا بنێ و خەرجیی بکێشێ.. ئەویش جاروبار کە ئەیزانی خەڵکی زۆر لە دەرەوەن، ئەچوو چاوێکی نازی بۆ هەڵئەبڕین:
_من هیچم بۆ ئێوە نەکردووە، ئەوە مافێکی خۆتانەو بە هەوڵی هەمووان توانیومانە بە دەستی بهێنینەوە.
خەڵکەکە ئەوەندەی تر شەرمندە ئەبوون و بە شیعر پیاهەڵدان و دروشمەوە، بەڕێیان ئەکردەوە ژوورەوە، نەبادا قاچە ناسکەکانی ماندوو ببێ.. ئەویش بە دەنگی بەرز پێی ئەوتن کە سەریشی لە ڕێگەی ئەواندا دائەنێ.
کاکەلاس سەرزەنشتی زۆری پیروەیسی کردو داوای دڵنیایی ئەکرد، کە ئەو دەستنێژیی میریی نییە لە ناویاندا.. ئەویش ئەم قسانەی بە بەندوبالۆرەی خاتون لە قەڵەم ئەداو ئەیوت ئەو کچە ئەوەندە ڕقی لەم وڵاتەو کاربەدەستانییەتی، هەر کەسێک وەک خۆی بیر نەکاتەوە، ئەو بە ناپاکی لە قەڵەم ئەدا، هەموو مەملەکەتی لەم قسە قۆرە لێ پڕ کردووم.. پیروەیس ئامادەیی تەواوی بۆ پێکهێنانەوە نیشانداو بە کاکەلاسی ڕاگەیاند، ئەو هەرچییەکی پێخۆش بێ، وا ئەکەین.. پیروەیس ناهەقی نەبوو ئاوا خۆی بەدەستەوە بدا، دەستی لە بنی هەمانەکەوە دەرچوو بوو.
گوڵەنار ئەیزانی نە لە یاوەرسین و نە لە سەپان بەگ ئازیزتر نییە لای نەزاکەت، لەگەڵ نەنوستنی ئامادە بوو بۆ ڕاگرتنی لە سنورێکدا.. کاتێ نامەکەی پێگەیشت و پاشا داوای کردبوو ئەمشەو بۆ یەک سەعات ببینێ، ترسێکی زۆری لەبەر نیشت و هەستی کرد هەڵەیەک ڕوویداوە.. کەچی بە پێچەوانەوە پاشا خۆشحاڵییەکی گەرمی نیشاندا، ئافەرینی زۆری کرد بۆ سەرکەوتنەکانی بەسەر پیروەیسدا ..
ئەم کۆشکەی پاشا کە تا ئەو دەمەش گوڵەنار نەیبینیبوو، جێی سەرسوڕمانی بوو،
_بۆچی پاشا لێرەدا ئەمبینێ؟ ..
هەڵکەوتەی شوێنەکە وابوو، ئەو کۆشکە تەنها ڕێگەیەکی هەیە، ئەو ڕێگەیەش بە ناو ژووری نەزاکەتشادا تێئەپەڕێ بۆ پێشاو " تەوالێت" ەکەی و لە ڕێگەی دەرگایەک و ڕاڕەوێکی بە پێچاو پێچی دوورو درێژ بەم کۆشکە ئەفسوناوییە ئەگا.. پشتی کۆشکی ئەفسوناویی بە چەند خانویەکی هاکەزاییەوە بوو، بە هۆی کۆشکی ئەفسوناویەوە کە هیچ کەسێک هیچی دەربارەی نەئەزانی، مەودای نێوان کۆشکی پاشاو ئەو ماڵە هاکەزاییانە زۆر دوور بوو، کەسێک لە نیشتەجێی ئەو ماڵانە نەیئەزانی، ئەو دیوارەی پشتیان کۆتایی کۆشکی ئەفسوناوییە، ئەوان وا تێگەیشتبوون نەزاکەتشا لەو بەرزاییەی گەڕەکی ئەو دیوەوە، نیشتەجێیەو خۆشیان لە گەڕەکێکی تر، ئەویش بە هۆی درێژیی ڕاڕەویی بەستنەوەی هەردوو کۆشکەوە

وا دەرئەکەوت.. کۆشکی ئەفسوناویی جگە لە دیواربەندی ئاڵتونیی و کەرەستەی گرانبەهاو پەیکەرو ئەنتیکە، هیچ شتێکی بێ کەڵکی تیا نەبوو.. تەنها خۆی و دوو پاسەوانی نەبێ، کەسی تر پێی نەئەزانی و بشیانزانیبا سەریان لە چوونە ژوورەوەو هاتنە دەرەوە دەرنەئەکرد.. پاشا ئەم کۆشکەی بۆ باری نائاسایی و تەنگژە بە وەستای دەرەکیی دروست کردبوو.. پاشا هەرچییەکی ئەوت لە سەرسامییەکەی گوڵەناری کەم نەئەکردەوە.. نەزاکەت دڵخۆش بوو بە زۆرزانییەکەی گوڵەنار، دڵخۆشییەکەی پێڕاگەیاندو دوای قسەوباس لەسەر پێکهاتنی لەگەڵ پیروەیس کە گوڵەنار بۆی گێڕایەوە.. پاش دڵنیا بوونی نەزاکەت لەوەی گوڵەنار باشترینە لەسەر ئاستی مەملەکەت لە نیشانە پێکان و بەردەوام مەشق کردنیشی.. نەزاکەت بە ڕستەیەکی کورت پێی وت:

_دوو سبەی شەو ئەو کچەی هاوڕێت بکوژە.

گوڵەنار دڵنیا بووەوە کە مەبەستی ڕەیهانە، پاش بێدەنگییەکی کەم:

_گەورەم من نە پرسیارم هەیە، هۆکارەکەی چییە؟ نە دوو دڵیشم لە جێبەجێ کردنی کارەکە، دوو سبەی شەو کوژراوە.

_پێش کاتی دیاریکراو تەتەرەکە ئەتگاتێ و نامەیەکی پێیە، وردەکاریی دوای جێ بە جێ کردنی تیایە.. بە ڕووداوی ئاسایی ناژمێردرێ، دەنگۆیەکی باشی بۆ تۆ تیا بڵاو ئەبێتەوە، کەس نازانێ تۆ کوشتووتە.. ئەو کاتەش هۆکارەکەیت پێ ئەڵێم.

_من لە حیکمەتی تۆ ئەگەم گەورەم، فەرمانت لە لایەن منەوە یەک چرکە دواناخرێ.

_پێت ناخۆش نییە؟

_هەر شتێک گەورەمان بە باشی بزانێ، مایەی خۆشحاڵیمە.. ئەی خۆ خۆشویستن هەر زارەکیی نییە.

_ئەوەندە منت خۆش ئەوێ؟ بۆ من پشت ئەکەیتە نزیکترین هاوڕێت.؟

_نەک هاوڕێ، هەموو دنیا.

_زۆر باشە، کاتەکەت تەواو بوو، منیش ئەبێ بگەڕێمەوە ژوورەکەی خۆم، با بچینەوە کۆشک

کەسێک بە لاقرتێ هەندێک شتی نوسیبوو، لەناو نوسینەکەیدا دەستخۆشیی زۆری لە خاتون کردبوو بۆ کارو پرۆژەکانی، بەڵام پرسیاری سەرچاوەی پارەکەی کردبوو.. گوڵەنار نەیزانی چۆن لە سەدان لاوە وەڵامی ئەو کەسە درایەوە، زیاتر بە زمانی بازاڕیی لەسەریان نوسیبوو، بۆ ئەوەی زۆرینەی خەڵک لێی تێ بگات و بیڵێنەوە، هەندێکی تر ڕەخنەی پسپۆڕییان لێ گرت، هەندێک هەر گاڵتەیان پێ ئەکرد، هەندێکی تر بە قسەی باق و بریق دەرکەوتن، بەشێکی تر بە دژی عورف و

عادەت.. دژە یاسا.. دژە سەردەمیی، دژە ئاین، دژە کۆمەڵایەتی، کار گەیشتە ئەوەی قسەکانیان بۆنی ناپاکیی لێ ئەهات.. کابرا چووە بەردەمی ماڵی گوڵەنار بۆ داوای لێبوردن، بەڵام گوڵەنار لەبەرئەوەی نەیئەزانی چی ئەگوزەرێ نەیویست بیبینێ.. دواتر کابرای نوسەر لە هەموو کارەکانی دوور خرایەوەو خەڵک ڕقیان لێهەڵگرت، ئەنجام خۆی هەڵواسی.
گوڵەنار هەرچەندی کردو کۆشا، نەیتوانی لەوە بگا، هۆی کوشتنی ڕەیهان چییە! کەمێک فرمێسکی بۆ ڕشت و دواتر خۆی گاڵتەی بە خۆی ئەهات.. ئیتر ئەو شوێنە ئاوایە، ناکرێ کەس دۆستت بێ، کەست خۆش بوێ، مەراق بۆ کەس داتگرێ، نابێ ڕقیشت لە کەس ببێتەوە، ئەی سبەی ئەبێ بە دۆستت.. ئەوسا چی؟! ڕەیهانیش وەک هەر یەکێکی تر لەوان.. بۆ یەکەمینجار بە دەستی خۆم کەسێک ئەکوژم، دیارە شتێکی هەر کردووە، ئەگینا ئەم بڕیارە لە پای چی؟ نەزاکەتیش ئەیەوێ ڕاستەوخۆ دەستم بە خوێنێک سوور بکا، ڕەنگە هەر ئەوە بێ و هیچی تر، ڕەیهان هیچیشی نەکردبێ.
بەیانییەکەی تەتەر هات و ڕاگەیاندنێکی دایە دەستیەوە، تیا نوسرابوو: دوای هەوڵ و ماندوو بوونی زۆری وەزارەتی پاسەوانیی، توانرا بکوژی جەنگاوەری قارەمان یاوەرسینی جوانەمەرگ و هەوڵدەری نەزۆکی کوشتنی گوڵەنار خاتون بدۆزرێتەوە.. ئەمشەو لە بەردەمی بنکەی پاسەوانیی ٤، بە ئامادەبوونی گوڵەنار خاتون سەپان بەگی وەزیری کارنامەی مەملەکەت و بکوژی یاوەرسین بە سزای خۆی گەیشت و گوللە باران کرا.
ئەم هەواڵە مشتومڕی زۆری بەدوای خۆیدا هێناو هەمووانی سەرسام کرد.. خەڵکی خۆیان چیرۆکێکیان بۆ ڕێکخست گوایە خاتونی گەورە بە ژیریی و دانایی خۆی چەند سەرەداوێکی دۆزیوەتەوەو لە هەموو ئەم ماوەیەدا کاری تیاکردووە، تا گەیشتۆتە بکوژەکەو هەڕەشەی لە نەزاکەتشاش کردووە گەر بێت و سزای نەدا، ڕاپەڕین بەرپا ئەکا.. پاشاش لە ترسی مانەوەی خۆی لە حوکمڕانیدا، ئازیزترین کەسی خۆی لەناو برد.. خۆ هەموومان ئەزانین نەزاکەت چەند ئەو مڕومۆچەی خۆش ئەویست.. دەستە دەستە هاتنە لای خاتوون و ئەویش سەلماندی کە ئەمشەو خۆی لەوێ بوو کاتێ گوللە باران کرا.. ئیتر هەواڵەکە لە زارەکیی و قسەی میریی دەرچوو، بوو بە هەواڵی باوەڕ پێکراو و هیچ گومانێک نەما.. هەموو ڕەعیەت ئەو ڕۆژەیان بە دڵخۆشیی بەڕێکرد.
ئارانوی کچی خانەوادەیەکی هەژار سێ خوشکە بچوکەکەی، هەموو ئومێدیان دەستە ماندووەکانی دایکیان بوو، ڕۆژانە چەند ماڵێکی هەبوون، بە خێرایی و دوابەدوای یەک پاکی ئەکردنەوە، ئارانو جوان بوو، تەمەنیشی کە تازە لە هەڵکشاندا

بوو، جوانییەکەی نەئەشاردەوە، ڕەونەق و گەنجێتیی تێ زابوو..
بەیانییەک دایکیان خەبەری نەبووەوە بچێ بۆ کارکردن، ئەوە نوستنی یەکجارەکی ئەو بوو، پیاویان نەبوو، مامێکی نابینایان گرتنیە خۆ، بەڵام نەیئەتوانی خواردن و جلوبەرگیان دابین بکا.. ئارانو بە خۆی ڕائەپەرموو، پێی وتن لە سبەینێوە ئەچێ بە دوای کارێکدا ئەگەڕێ.
سەرەتا چووە بەر تەونگەریی و بە ڕۆژانەیەکی کەم ئەوەی بۆ خاوەنکارێک ئەکرد، دواتر هەر لەو شوێنەوە کەسێک لەگەڵ خۆی بردی بۆ کاری ماڵان، هەرچەند ڕۆژانەکەی باشتر بوو، بەڵام هەر بە کەڵکی ژیان نەئەهات.. خاوەنماڵ پێشنیازی بۆ کرد، دوای پاککردنەوەی ماڵ و ئیش و کاری ڕۆژانە، بچێتە گازینۆکەیان، هاوکاریی مێردەکەی بکات و بەرامبەر بەوەش ڕۆژانەیەکی تر وەربگرێ، ئەویش پەسەندی کرد.. تا نزیکی شێوان لە ژووری پشتەوە قاپی ماستاوو قۆری و پیاڵەی ئەشت و چای ئامادە ئەکرد.. بەم کارە ئیدی باری گوزەرانیان ڕاست بووەوە..
کاکەلاس بۆ سێیەمینجار سەردانی گوڵەناری کردەوەو ئەمجارەیان سەرکەوتوو بوو لە نێوەندگیرییەکەی، پێشنیازی کرد پیروەیس لەگەڵ خۆی بهێنێ، بەڵام گوڵەنار ئەوەی ڕەتکردەوە:
_مام پیروەیس وەک مامم وایە، من ئەچمە خزمەتی، نابێ ئەو ئەرک بکێشێ، بەڵام با لێمگەڕێ بە دەردی خۆمەوە بێ سەرێشە دانیشم، ئەم هەموو قینەی لە کوێوە هەڵقوڵاوە.. باوەڕ بکە من ڕێزی ئەگرم و خۆشم ئەوێ.
هەڵوێستەکەی گوڵەنار کاکەلاسی بە دانایی و حورمەتی سەرسام کرد.. پیروەیس بەو هەڵوێستە بەیداخی سپی بۆ هەڵکردو بەڵێنی پێدا کە لەمەودوا کەس نەگرێتە خۆی و لە ماڵی خۆی دابنیشێ پیرێتییەکەی بەڕێ بکا.. ئیتر گوڵەنار لەوە دڵنیا بووەوە کەسێک نەما لە بەردەمیاو ڕێی بۆ تەخت بوو.. ئەم هەواڵە زوو گەیشتە ناو خەڵک و گوڵەنار پشتگیرییەکی زۆر زیاتری دەسکەوت.
ئەو شەوەی بڕیار بوو ڕەیهانی تیا بکوژرێ، گوڵەنار هیچ دوودڵییەکی نەمابوو، وەک جاران ڕەیهانی بانگ کردو شەرابیان نۆشی، تەنها چارەکە سەعاتێکی مابوو بۆ وادەی دیاریکراو، تەتەر گەیشت و نامەکەی دایە دەستی خاتونەوە.. ڕەیهان کە بینی تەتەرەکە بەم درەنگانی شەوە هاتووە، هەستی بە پێشبینیی نەکراوێک کرد.. گوڵەنار وەک پێشتر ئارام و دڵخۆش دەرکەوتەوە.. ئیتر کاتی جێ بەجێکردنی فەرمانەکە بوو.. ڕەیهان دڵەڕاوکێیەکی کەمی پێوە دیار بوو، سەرنجی ئەگێڕا تا بزانێ چ شتێکی نامۆ لە دەرەوە ڕوونەدا.
کاکەلاس سبەی ئەچووەوە بۆ شەڕگە، چەند جارێک بەسەریا هات بچێ بۆلای گوڵەنار بۆ ماڵئاوایی کردن و پەشیمان ئەبووەوە، دواجار وای بە باشتر زانی بچێت،

بیری لەوە کردەوە ڕەنگە بەیانی کاتێ ئەڕواتەوە ئەو نوستبێ.. کاکەلاس هیچ جۆرە چەکێکی لەگەڵ خۆی نەبردبوو، هەرچەند هاوسەرەکەی پێی وت:
_شەو درەنگە، دنیا پڕە لە پیاوخراپ، شتێ لەگەڵ خۆتا ببە..
_پێویست ناکا، خەڵک چ کاری بە منە؟

گوڵەنار هەستا شیرینیی بهێنێ، ڕەیهان کەمێک لە دڵەڕاوکێکەی ڕەویبووەوە، گوڵەنار لە گەڕانەوەیدا دەمانچەکەی لەگەڵ دەستیدا هێنا، فیشەکی خستە بەری:
_ئەوە چی ئەکەی خاتون؟ " ئاوڕی نەدایەوە"
_ببورە ڕەیهانی ئازیزم، ئەبێ فەرمانەکەم جێبەجێ بکەم.
_ئەمکوژی؟
_بەدەست من نییە.
کاکەلاس پێی وابوو کات درەنگە، گەڕایەوە بۆ ماڵەوەو نەچوو بۆ ماڵی گوڵەنار، تا درەنگانێ هەر ڕاڕا بوو.
ڕەیهان تەواو ڕەنگی پەڕی:
_ئەمڕۆژەم لەبەرچاو بوو، ئەمزانی بە دەستی تۆ تیا ئەچم.
_شتێکت کردووە وا پێشبینیەکەت وەک خۆی کەوتەوە؟
_کاری خۆت بکە.
_پێم بڵێ ڕەیهان.
_کارەکەت تەواوکە، دواتر ئەیزانی.
دوای ئەوەی لە پشتەوە فیشەکێکی نا بە کاسەی سەریەوە، دامەنی خۆی لە خوێنی ڕەیهان وەرداو خواردنەوەکەی بە پەلە خستە کونێکەوەو کەوتە قیژەو هاوار کردنی بە هاناوە چوون.. چەند ڕێبوارێک لەو دەورو بەرە بوون بە پەلە هاتنە ژوورەوە، چون پێشتر گوڵەنار دەرگای بە کراوەیی جێهێشتبوو.. خاتون بۆی باسکردن سێ پیاوی دەمامکدار هێرشیان کردووەتە سەریان و دەستدرێژییان کردوونە سەر.. دواتر ڕەیهان پەلاماری یەکێکیانیدا، ئەوی تریان کوشتی، گوڵەنار بەدەم گریان و قیژەوە، وای نیشاندا ئازارێکی زۆریشی هەیە.. چەندین پاسەوان هەڵیانکوتایە سەر ماڵەکەی و ئەو ڕێبوارانەیان دەستگیر کرد.. گوڵەنار پێی وتن کە ئەمان بە هانایانەوە هاتوون، بەڵام پاسەوان سوور بوون لەسەر گرتنیان، بە مەبەستی لێکۆڵینەوە..
تەرمی ڕەیهانیان هەڵگرت و خاتونیان گەیاندە نەخۆشخانەی پاشایی.. پزیشکێکی تایبەت پشکنینی بۆ کردو ڕاپۆرتی نوسی.. لە ڕاپۆرتەکەدا نوسراوە:
))پاش پشکنینی ورد بۆ گوڵەنار خاتون، دەرکەوت تازەکی و پێش سەعاتێک، دەرەنجامی بەکارهێنانی هێز، پەردەی کچێنی لە دەستداوە((
شار خرۆشا، بەو شەوە خەڵک بە مەشخەڵەوە ڕژانە ناو کۆڵان و سەر شەقامەکان..

زۆرێکیان پێیان وابوو ئەمە دەستی پیروەیسە بۆ ئەتک کردنی خاتوون.. کاکەلاس زوو هەستی بەم مەترسییە کردو خۆی گەیاندە ماڵی پیروەیس، گەر مێرخاسیی ئەو نەبووایەو ڕوونکردنەوەی نەدایەتە هێرشبەرەکان، پیروەیس و فڵامەرزی کوری ئەو شەوە لەتوپەت ئەکران.. کاکەلاس ڕێگیریی ئەمەی کردو بەڵێنی پێدان هەرکات بەڵگەیەکی بچوکیشیان لەسەر تێوەگلانی پیروەیس دەستکەوت، بە دەستی خۆی لەناوی ئەبا.
بۆ بەیانییەکەی هەزاران لە کوڕوکاڵی مەملەکەت، دەوری ماڵی خاتونیان دابوو، چاوەڕوانی هەواڵی باری تەندروستی ئەو بوون.. پاسەوانانی میریی دەوری ماڵەکەیان دابوو، نەیانئەهێشت کەس توخنی ماڵەکەی بکەوێ.. وەزیری پاسەوانیی هات و قسەی بۆ خەڵک کرد:
_ئەبووایە پێشتر لە دەوری خاتون کۆ ببوونایەتەوەو نەتانهێشتبا زیانی پێ بگا.. ئێستە کۆبوونەوەتان لە دەوری ماڵێکی خاڵیی هیچ سوودێکی نییە.. خانم سەلامەتە، هەندێک ئازاری بەرکەوتنی هەیە.. ئەوەی بەسەری هاتووە پێویستە هەمووان بزانین دەستێکی چەپەڵ کردوویەتی و ئەبێ کار بۆ دۆزینەوەو بە سزا گەیاندنی بکەین.. ئەبێ ئەوەندە بیرو هۆشمان کراوە بێ و تێگەیشتوو بین، ئەو کارە قێزەونە بە نەنگیی و شورەیی نەزانین.. خاتون هەر مرۆڤە گەورەکەیە.
ئەم کارەساتە گەورەیە بۆ خەیاڵدانی کیژۆڵەیەکی وەک ئارانو ڕاچڵەکین بوو، خۆی لێ ببوو بە خاتون، لە هەموو پیاوێک ئەسڵەمیەوە، ترسی لێ نیشتبوو، گەر بژێویی و خوشکە جوانەکانی نەبوایە، دەستی لە هەموو کارێک هەڵئەگرت ..
ڕەیهان بە ڕێورەسم بەڕێکرا بۆ گۆڕ.. شوێنکەوتەو ناشوێنکەوتەی خاتون بە دوای تەرمەکەیەوە بوون، بە گەورەترین زوڵمی مێژوو لە قەڵەم درا لە مەملەکەتا.. وەک هاوڕێی یەکەمینی خاتون بە دروشمی نوسراوەوە عەشالات دوای کەوتبوون..
نوێنەری نەزاکەتشا لەسەرقەبران وتاری پێشکەش کرد:
))بۆ ئەوەی خاتونیش بە کارەسات کۆتایی بە ژیانی نەیەت، پاشا پڕیاریدا بە گواستنەوەی ماڵی خاتون بۆ نزیکی هۆڵی ئەدەبیات، ئەو شوێنە وەک ئەزانن بارەگای دەوڵەتیی زۆری تیایەو پاسەوانێکی زۆر لەو گەڕەکەدان، سەرەڕای ئەوەش پاشامان فەرمانیدا بە دابینکردنی پاسەوانی تایبەت بە کۆشکەکەی، ئەمەش پاش ئەوەی کە میللەت نەیتوانی ئەو خاتونە ئازیزەی هەمووان بپارێزن و بەوجۆرە بە گورگانخواردوو درا((
پشتی هۆڵی ئەدەبیات، ئەو ڕاڕەوە بوو کە کۆشکی پاشاو کۆشکی ئەفسوناویی پێکەوە ئەبەستەوە، بە درێژایی نزیکەی کیلۆمەترێک لە پشتی کۆشکی پاشاوە، هەر فەرمانگەو بارەگا بوون و دواتریش ماڵ و خانوی هاوڵاتیان، تا ڕاڕەوەکە

ئەگەیشتە کۆشکی ئەفسوناویی، کەسیش بەمەی نەئەزانی، ئەو کۆشکەی بۆ گوڵەنار دانرا، ڕووی لە گەڕەکی خواروو بوو، بەڵام پشتی ڕێک بە پشتی کۆشکی ئەفسوناوییەوە بوو، تەنها دیواریان نێوان بوو.. خەڵکەکە کە زانییان ئەو گەڕەکە پاسەوانی تیایەو دووریشە لە کۆشکی نەزاکەتشاوە، بڕیارەکەیان پێ خۆش بوو، ئەوەی نیگەرانی کردن دانانی پاسەوان بوو بۆ کۆشکەکەی و ئەمەیان بە دەستبەسەر کردنی خاتون زانی، لەبەرئەوە سەرەتا لە چەند کەسێکەوەو دواتر هەمووان دەنگیان بەرز کردەوە:
_پاسەوانی ناوێ، دەستبەسەری مەکەن.. ئەو گەڕەکە ئارامەو ڕێی بینینی خاتونمان لێ مەگرن.
جۆرێک لە پشێویی بڵاو بووەوەو نوێنەر بە ناچاریی ملی بۆ داوای خەڵکەکە دا، ڕایگەیاند لەگەڵ پاشا قسە ئەکەم و بەڵێنتان ئەدەمێ ئەو بڕگەیە لائەبرێ.
تەنها کاکەلاس ئەمەی بە دەسکیسەی نەزاکەت زانی و پێی وابوو نەزاکەت بۆ ئەوەی جڵەوی گوڵەنار بگرێت و لە پێشڕەویی بخا، ئەم کارەی کرد..

گوڵەنار پاش ئەوەی زۆر زوو نەخۆشخانەی جێهێشت.. نەگەڕایەوە ماڵەکەی خۆی، ڕاستەوخۆ برا بۆ کۆشکی نوێ، ماڵی تەواوی بۆ جۆر کرابوو، بە دەستوری شاهانە فەرش و ڕاخەرو چێشتخانەو تەواوی پێداویستیەکان.. ئەوەی جێی سەرسوڕمانی بوو ژووری نوستنەکەی بوو، زۆر سادە بە بەراورد لەگەڵ ئەم ناوماڵە نوێیەی.. بەڵام کەرەستەکانی لەوی پێشتری جوانترو بە بەهاتر بوون.. لە هەموو شتێک زیاتر دڵخۆشی ئەوە بوو، پاشا بە قوربانییەک، نەنگییەکەی ئەمی داپۆشیی.. هەرچەند بۆ ڕەیهان هەر دڵگران بوو، بەڵام ئەبووایە ژیانی نوێ دەست پێ بکات.
کاکەلاس بە بیانووی نەخۆشییەوە خۆی لە شەڕگە دزییەوەو گەڕایەوە بۆ ماڵەوە.. چوو بۆ سەردانیی گوڵەنار.. هەردووکیان کۆک بوون لەسەر ئەو ڕایەی کە ئەم کارە بەدەر نییە لە کاری پیروەیس و نەزاکەت. گوڵەنار کەمێک بۆ خۆی لوشکە لوشکی کرد کە ئاپرووی چووەو ئەتک کراوە، کاکەلاس دڵخۆشیی دایەوە.. بەڵام گوڵەنار هەر فینگە فینگی بوو.
خەڵک داوایانکرد خاتون ببینن و قسەیان بۆ بکا، بە تەتەردا پاشا پێی ڕاگەیاندبوو لە بەرزایی کۆشکەکەیەوە هەندێ قسەیان بۆ بکاو ئارامیان بکاتەوە.. گوڵەنار نامەیەکی لە گەنجانی وڵاتەوە پێگەیشت، تیا هاتبوو.. بیست هەزار کەسمان ئامادەیە بۆ هاوسەرگیریی و شانازییت پێوە ئەکەین بە هەر یەکێکمان ڕازیی بیت.. هەمووان ئاگادارین ئەیانەوێ لە گەورەیی تۆ کەم بکەنەوە.. ئێمەش ئەڵێین هیچ ڕووی نەداوەو لە ڕابردوو مەزنتری.
گوڵەنار لە قسەکانیدا زۆر منەتباریان بوو.. خەڵکێکی زۆر بە ژن و پیاوەوە ڕژابوونە ئەو

گەڕەکەو دەوروبەی.
_زۆر منەتبارتانم دایکان و باوکان و خوشک و براکانم.. من هیچم بۆ ئێوە نەکردووە تەنها ڕاپەڕاندنی هەندێ ئەرکی سەرشان نەبێ.. بچووکیی هەمووتان ئەکەم..
سوپاس گەنجانی ئازیز بۆ نامە هاوسۆزییەکەتان، ئێوە هەموو برای منن، ئێستە وا ئەزانم هیچم لێ نەقەوماوە، زۆر دڵخۆشم بە بوون و پشتگیریی کردنتان براکانم.
کۆتایی بە ئاپۆراکە هات و هێشتا کاکەلاس مابووەوە، پاسەوان هاتنە ژوورو ویسیان کاکەلاس بچێتە دەرەوە لەبەرئەوەی پاشا ئەگات، کاکەلاسیش ویستی بڕوا، بەڵام گوڵەنار پێداگیریی کرد، بمێنێتەوەو بە سووکیی پێی وت:
_تکا ئەکەم، ئاگادارمبە، بمپارێزە لەم دڕندەیە.. ئەوە دیارە فرت و فێڵێکی تری لە ژێر سەردایە، ئەگینا تا ئێستە سەردانی کێی کردووە؟
کاکەلاس بە مانەوە ڕازی بوو.. پاشا گەیشت و گوڵەنار وەک شێری سەنگەرەکان بە پاشای ناساندەوە، ئەویش دیداری یەکەمی بیرکەوتەوە.. نەزاکەت دڵگرانیی خۆی بۆ ڕووداوەکە ڕاگەیاندو خۆی بە پشت و پەنای ئەو لە قەڵەمدا ..
_هەرکاتێکیش ویستت بمبینی یان کارێکت هەبوو، دەرگای کۆشک بە بەردەوامیی کراوەیەو کەس دەست ناهێنێتە ڕێگەت.. ماوەیەکی کەم دانیشت و گوڵەنار زۆر سوپاسی کردو کاکەلاسیش ڕێزی نواند.
کاکەلاس بەزەیی بە گوڵەناردا هاتەوە، کاتێ بەو کزۆڵەییە داوای کرد بیپارێزێ..
گروپێکی چەکداریی پێکهێناو لە ماڵی خۆیدا بەردەوام مەشقی پێ ئەکردن..
گروپەکە ئامادە بوو، ئیتر پێویستی بە کەسێک هەبوو لە کاتی پێویستدا ئەم گروپە ئاگادار بکاتەوە.. نەیئەویست ئەمە بۆ گوڵەنار بدرکێنێ، بەڵام بە جۆرێکیتر ئارامی کردەوە ..
_دڵنیابە لە ڕۆژی ئاپۆراکەی بەردەرگاوە داروەدەستەی پاشا بینیان ئەو خەڵکە چەند گیانفیداتن، ئیتر هەر ناوێرن بێن بەلاتدا، دەستت بۆ ببەن، خەڵک قبوڵی ناکا، ڕەنگە بگاتە پەلاماردانیان.. گوڵەنار بەم قسانە هێور بوونەوەی خۆی بۆ کاکەلاس دەربڕی.
دوو پاسەوان هاتن بە دوای گوڵەناردا و بردیان بۆ لای نەزاکەتشا.. گوڵەنار ترسی ئەوەی هەبوو خەڵک چاودێریی بکا، لەبەرئەوە بە جلی پیاوانەوە ڕۆیشت، پاشا بەم دیمەنەی زۆر پێکەنی، داوای ڕونکردنەوەی لەسەر کاکەلاس لێکرد:
_گەورەم ئەو پیاوەش گێلێکە وەک یاوەرسین، نازانێ سیاسەت بکا، خەریکە بۆم بگری، خەمت نەبێ وەک ئەڵقە کردوومەتە پەنجەم، چیت بوێ بەوی ئەکەم، زۆر گەمژەیە..
_زۆر باشە، بەڵام وریابە نەبێ بە یاوەرسین، با فت نەبێ.
پاشا باسی ڕەیهانی بۆ کردو هۆکاری کوشتنەکەی بۆ باسکرد:

_هەر بە گەیشتنی ئەو کچە بە ماڵەکەت و دەنگدانەوەی تۆ، دەوڵەتێکی دراوسێ چوونە بن کلێشەی برایەکی و لە ڕێگەی ئەویشەوە ئەمیان بەکار ئەهێنا بۆ سیخوڕیی کردن بەسەر تۆوە.. ئەیانویست لەو ڕێگەیەوە دەستیان بگاتە ناو کۆشک.. بە پێی گۆڕان لە خواردنەوەکەتدا ئەمزانی ئەو کچە ئەیەوێ فریوت بدا، دڵخۆشت بکا بە سەماو خواردنەوەو هانت بدا لەگەڵما بخەوی.. ڕاستە؟!
_بەڵێ گەورەم، ئەڵێی لەگەڵماندا بووی!
_هەرچییەکت ئەکرد ئەمزانی بە هاندانی ئەوە، لەبەرئەوە ڕێگەی هیچم نەدای.. هەرچەند لێت ناشارمەوە، لە یەکەمین بینینەوە چوویتە دڵم، هەرچیم کردبێ بۆ ڕازی کردنی دڵی تۆیە.. ئەو کاتەی دەستم نا بە ڕووتەوە بۆ ماچەکە، لە ناخەوە ئەسووتام.
_وایییی گەورەم ئەوە بە راستتە؟ خۆشویستنی تۆ فێڵبازیی ڕەیهانی بیربردمەوە.. کەواتە من غافڵگیر بووم..
پاشا دەستی خستە سەرشانی و دەمی بۆ برد.. گوڵەنار دەستی خستە بەردەمی:
_ئاوا نابێ بەم هەموو ناڕێکیی و جلە پیاوانەیەوە.. ئەوەیان بۆ شەوێک پڕ بێ لە خۆشیی.. ئێستە هەر ئەڵێی پیاوم.
هەرچۆنێک بوو پاشا ماچێکی کردو دواتر:
_هەستە! ئیتر ڕێگەی یەکتر بینین ئەگۆێزینەوە، ئیتر کەس کەس نامانبینێ.
پاشا دەرکەی پێشاوەکەی بۆ کردەوەو گوڵەنار وایزانی هەر ئەچنەوە بۆ کۆشکی ئەفسوناویی، گەیشتنە ئەوێ و دووبارە لە پێشاوی کۆشکی ئەفسوناوییەوە دەرکەیەکی تری کردەوەو چوونە ناو پێشاوی ژوورێکی نوستنەوە، گوڵەنار سەرسامیی زۆری بەو ژوورە نیشاندا.. پاشا دەرگای پێشەوەی ژوورەکەی کردەوە، ڕاڕەوێکی کورت و بە کردنەوەی دەرگایەکی تر گەیشتنە لای چەپی پێشاوی ژووری نوستنەکەی گوڵەنار:
_خۆ ئەمە ژوورەکەی خۆمە؟!
_بەڵێ، ئەو ژوورەی پشتەوە لە خۆم و خۆت زیاتر کەس بۆی نییە بیبینێ، پاککردنەوەشی نادەیتە هیچ کەسێک.. پێویستیت بە چەند کەسێک هەیە کاری ناو کۆشکت بۆ بکەن، بەڵام ئەم ژوورە نوستنە دوا شوێنە بیبینن، بۆ پاککردنەوەی نەبێ، هاتنە ژوورەوەی ئێرەشیان لێ قەدەغە بکە.
کلیلی هەموو دەرگاکانی ژووری خۆی نوستنی پشتەوەی گوڵەنارو هەموو ڕاڕەوەکان کە پانزە دەرگا بوون، یەک کلیل بوو.. دایەدەستی گوڵەنارەوە.. هەر شەوێک ویستت تۆ وەرە، چون کەس نایەتە ژووری منەوە، لەوێش نەبم چاوەڕوانم

به، منیش هەروا ئەکەم.
پیروەیس لە سیاسەتکردن بێزار بوو، قەت ئەوەندە ناوو ناوبانگی خۆی بە خراپ نەبیستبووەوە.. کە چاوی بە نەزاکەتشا کەوت، بێزاریی خۆی لە دەست خاتون دەربڕی:
_سیاسەت بەو هەموو فرت و فێڵ و خوڵ کردنە چاوەوە ناکرێ، وەک خاتون ئەیکا.
_ئەی چۆن ئەکرێ؟ ئەو توانی چۆکت پێ دابدا.. ئەی وا نەکا چی بکا؟
_نازانم! تۆ لێی ناترسی؟ هەوڵی زیاتر بدا؟
_نا.. منیش سیاسەت ئەکەم، ئەزانم چ کاتێ ڕایئەگرم و تەفروتوناشی ئەکەم.

_دەی گەورەم, ئەوە بە من ناکرێ.
_من کەسی بەزیوم خۆش ناوێ پیروەیس.. ئەو کچە کە دوژمنایەتیشم ئەکا، لە تۆ خۆڕاگرترە.
بە سوکە عاجزییەکەوە، نەزاکەتشا ڕازی بوو بەوەی پیروەیس سەری خۆی هەڵگرێت و بچێ لە کوێرە دێیەک دابنیشێ، خانوی گەورەی نوێی گێڕایەوە بۆ پاشاو بژێویی ماڵ و مناڵیشی پاشا گرتیە ئەستۆو بەرەورووی فەرمانگەیەکی کردنەوە..
پیروەیسیش سیاوەشی ڕووبەڕووی پاشا کردەوە، تا لەوەودوا ئەرکەکانی ڕاپەڕێنێ.
کاکەلاس کەسێکی دەموپل هەڵپێکراوی کرد بە سەرۆکی گروپە چەکدارەکەو ئاگاداری کردنەوە لە کاتێکدا مەترسی هاتە سەر خاتون، دەست لە هیچ کەسێک مەپارێزن، لەو کاتەدا کەس لە خاتون لەپێشتر نییە.. کاکەلاس ناونیشانی کەسێکی بۆ دەمامکدار هەڵدا، تا بیگاتێ و کارە پێ ڕاسپێرراوەکەی بکا.
ئەو چەند ڕێبوارەی شەوی کوشتنی ڕەیهان گیرابوون، هەر وا لە زینداندا بوون، بێ ئەوەی کەس لێیان بپرسێتەوە، یان ئازارێکیان بدا.. خواردن و خەوی مسۆگەریان هەبوو، بێ ئەوەی کەس و کاریان بزانن لە کوێن.. یەکێکیان بەردەوام ئەیوت سەد حەیف خۆزگە کوڕەکەشم ئەم خواردنانەی دەست ئەکەوت.. دیار بوو جەنابی وەزیری پاسەوانیی، بۆ کارێکی هێشتبوونەوە.
لەشکری میللیی تایبەت تەواو مەشقیان پێکرابوو، لە ئامادەسازییدا بوون بۆ هەر جەنگێک، ژمارەشیان دوو هەزارو هەشتسەد کەس بوون.. بایز ئەمەی بە وەزیری پاسەوانیی ڕاگەیاندو ئەویش بە نەزاکەتشا.. فەرمانێکیان بۆ دەرچوو بە زووترین کات پڕ چەک بکرێن و ببرێنە سەنگەرەکانی پێشەوە.. ئەم سەربازانە زۆرترینیان لەو کەسانە بوون وازیان لە خوێندن هێنابوو، یان کرێکارو بێ ئیشەکان بوون.. لەبەرئەوە ئەو ڕۆژە ئەوە ڕوویدا کە لە پێشبینیی هیچ کەسێکدا نەبوو.
شەو هات و هەم پاشا لە ئێوارەوە چووەوە ژوورەکەی خۆی و دەرکی داخست، هەم گوڵەناریش لە ئێوارەوە کەوتە خۆ ڕازاندنەوەو خۆشتن و بەرسمێڵ و برۆ چاککردن..

جلی زۆر نایابی شەوی کڕی بوو، بە ئومێدی ژوانی بڕیار لێدراو.. دوای ئەوەی لە سەروسیمای خۆی زۆر وردبووەوەو هەستی کرد ئامادەیە، یەک بەیەک دەرگای ڕاڕەوەکەی کردەوەو کەوتە سەر ڕێی ڕاست.. ماوەی ڕاڕەوەکە ئەوەندە زۆر بوو، بە ناچاریی گوڵەنار وچانی بۆ ئەگرت.. پێی وترا بوو هیچ یەکێک لەو دەرگایانەی دەوروپشت ناکەیتەوە، لەبەرئەوەی تەقینەوەی لێ بەستراوە، پاشا تێی گەیاند کە ئەم ڕێگەیە دەرچوونی فریاگوزارییەو مەترسی زۆری لەسەرە بۆ ئەو کەسانەی دوای ئەکەون.. دەرگاکان لە ژماردن نەئەهاتن.. گوڵەنار بە ماندوو بوونێکی زۆرەوە گەیشتە ژووری پاشاو لەوێ نەبوو.. شەوەکەی درەنگ بوو، دڵی لە قسەکانی دوێنێی نەزاکەت کرمێ بوو، هەستی کرد جۆرێکە لە فێڵ کردن، دەنا بەم نیوەی شەوە کەی کاتی بەڕێوەبردنی کاروباری مەملەکەتە.
ئەو شەوە وەزیری پاسەوانیی نەیئەزانی چی بکا.. بە بیستنی هەواڵی شەڕگە، زوربەی هەرە زۆری سەربازەکان هەڵاتن و بە کەس نەگیرانەوە.. تەنها تونرا ڕێ لە دووسەد کەسێکیان بگیرێ.. هانای بردە بەر پاشا.. تەنها وەزیری پاسەوانیی بۆی هەبوو لە باری نائاساییدا پاسەوانی یەکەمی پاشا ببینێ و لە ڕەوشێکی ناهەموار ئاگاداری بکاتەوە.
لەگەڵ پاشا کەوتنە تەگبیر کردن تا چ ڕێیەک بگرنە بەر بۆ کۆکردنەوەیان.. پاشا کە تەواو لەو سەرپێچییە ناڕەحەت بوو، وەزیری دەستکراوە کرد بۆ گرتنەوەی هەر یەکێکیان و لە کاتی سەرپێچیی کردنیشدا بکوژرێن، بە تووڕەییەکی زۆرەوە بەرەو ژوورەکەی گەڕایەوە.
ئەو شەوە کەوتنە ڕاوەدوونانی گەنجەکان و هەندێکیان گرتنەوە، چەند کەسێکیان بە برینداریی لێ گرتنەوە.. زوربەشیان خۆیان هاویشتە حەوشەی چۆڵی ماڵی گوڵەنارەوە، چەندیش لە دەرگایاندا هیچ سودێکی نەبوو.
کاتێ پاشا بە سەرودڵ گیراویی گەڕایەوە بۆ ژوورەکەی، پەرییەکی لە چاوەڕوانیی خۆیدا بینی.. بەڵام کێشەکەی ئەوەندە لا گران بوو، تەنها باوەشێکی پیاکردو دەستی کرد بە باسکردنی کێشەکە بۆ گوڵەنار.. گوڵەنار هەستی بە مەترسی کرد:
_گەورەم وا باشترە زەبروزەنگیان لەگەڵ بەکار نەیەت.. ئەمە دەرفەتێکی زۆر باشە بۆ من، تا زیاتر لە دەورم کۆ ببنەوەو منیش بە جۆرێکی تر بیانخەمەوە بەر خزمەتی جەنابت.
_ئەوە سەرەتای یاخی بوونە گوڵە، چۆن کۆ ئەبنەوە؟
_گەورەم گەر زەبروزەنگ بەکاربێت، بەڵێ ئەبێ بە سەرەتای یاخی بوون، بەڵام بە ڕێگەیەکی تر ئەیانخەینەوە بەر خزمەت، خۆ خزمەت کردن مەرج نییە هەر سەرباز بوون بێ؟ تۆ ئەوە لێگەڕێ بۆ من.

_چیان لێ ئەکەی؟
_با ئەوی هەڵاتووە لێم کۆ ببێتەوە، ئەوسا من داوا لە پاشامان ئەکەم بخرێنە بەر خزمەتی تر، جارێ هیچم لە خەیاڵ نییە.. ئەبێ لەم کاتەدا من لە ناویانا بم، تۆش بڕیاری ڕاوەدوونانیان ڕاگرە تا ئەو کاتەی ئەزانم سەرکەوتوو ئەبم.. هەندێ کاررایی توندیش لەگەڵ وەزیری پاسەوانیی ئەکەم، خۆت تێی بگەیەنە، با بگاتە ئاستی پێک هەڵپژانیش، هەموو گیراوەکانی لێ وەرئەگرمەوە، پێی بڵێ ئاسایی وەری بگرێ.
گوڵەنار بە خێرایی گەڕایەوە ماڵی خۆی، پاش خۆ گۆڕین و دەموچاو سڕینەوە، بینی حەوشەوبانی سیخناخە لە گەنجی هەڵاتوو، دەرگای بۆ کردنەوەو داوای لێبوردنی لێ کردن لەوەی نوستبوو.. هەندێک پاسەوان هاتنە بەر دەرگاو گوڵەنار چوو بە پیریانەوە
گوڵەنار زۆر بەخێرایی چوو بەدەم پاسەوانەکانەوە، لە کاتێکدا نیازی ڕەشبگیریی گەنجەکانیان هەبوو.. زۆر تورە بوو قیژاندی:
_لە ماڵەکەی منیشدا دەستیان بۆ ئەبەن؟! ئەو هەموو بێ ڕێزییەتان لە کوێوە هێناوە، بچنەوە بۆ لای وەزیرە هیچەکەتان، پێی بڵێن خاتون ئەڵێ ئەوی پێ بخاتە ئەمدیوی دەرگای من پێی ئەبڕمەوە.. بۆ دەرەوە دەی.
گەنجێکی هەرزەکار هانای هێنایە بەر خاتون و لێی پاڕایەوە:
_خاتونی گەورە، کچێکی هەرزەکار لە گەڕەکی ئێمەیە کەسی نییە، بۆ بژێویی خۆی و سێ خوشکی بچوک و مامە نابیناکەی، ئیشی ماڵان ئەکا، بێ ئەوەی هیچی لە هیچدا بێ، ئێستە پاسەوانەکان هاتن بردیان، گوایە هەواڵیان پێ گەیشتووە سەربازی هەڵاتوو لە ماڵەکەیدایە.
_ناوی چییەو لە چ بنکەیەکە؟
_ناوی ئارانوە، بردیان بۆ بنکەی ٢، تکایە تا هیچیان لێ نەکردووە، فریایکەوە.
کاکەلاس بۆرە خزمەیاتییەکی لەگەڵ ئارانو هەبوو.. پێش ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ شەڕگە، ئارانوی بینی.. پێی ڕاگەیاندبوو ئەبێ کارێکی نیشتیمانپەروەرانەو لە پێناوی خاتوندا بکات.. ئەویش کە بەوجۆرە گۆش کرابوو، خاتونیشی زۆر خۆشئەویست.. ئامادەیی نیشاندا سەریشی دابنێ، گەر لە پاشەڕۆژی سێ خوشکەکەی دڵنیا بێ، کاکەلاس لەوە بێ خەمی کردو بەئاگای هێنایەوە لەوەی وریایی خۆی ناهێڵێ توشی هیچ گرفتێک ببێ.. هەموو ئەو کارەی پێی سپارد:
_بێ ئەوەی خاتون بزانێ، تۆش نایدرکێنی، من ئەتبەمە ناو کۆشکی ئەوەوەو لەوێ خزمەتی ئەکەی.. تۆ چاودێریی وردی بکە لەو کەسانەی دێن بۆ لای، هەرکات هەستت بە مەترسیی کرد لەسەر ژیانی، دەمامکدار ئاگادار ئەکەیتەوە ئەوە ناوونیشانییەتی.

_ئەی خۆ تۆ نزیکی لە خاتونەوە، بۆ نەزانێ تۆ ئیشەکەت بۆ دۆزیومەتەوە؟
_بە هیچ جۆرێک کە هاتم تۆ من ناناسی و بە تیلە چاویش سەیرم ناکەی.
وردەکاریی زۆر زیاتری بۆ ڕوونکردەوە، بە جۆرێکی وا ئارانو بە ڕەوانیی وەریگرت و تێگەیشت کاری ئەو چییەو پەیوەندی بە هیچ شتێکی ترەوە نابێ.. دوای ڕێککەوتن پێی وت:
_لە کاتی خۆیدا گەنجێک دێتە لات و پێت ئەڵێ چی ئەکەی.
ئەو ڕۆژە گەنجەکە بە نهێنی چووە گازینۆکە، داوای ئارانوی کردو پێی ڕاگەیاند ئەمشەو ئەگیرێت و سبەی کارەکانی دەست پێ ئەکا.
پاش ئەوەی مەولان و چوارکەسەکەی تر بە چەکداریی گەیشتنە لای.. گوڵەنار زۆر بە خێرایی بەرەو بنکەی دوو ڕۆیشت.. پێش ئەوەی بچێتە ژوورەوە گوێی لە قیژەقیژی ژنێک بوو:
_تازە تۆ لە پاسەوانیی گیراوی کچێ، ئیتر بە کەڵکی من نایەیت، بەیانی نەیەیتەوە سەر کارەکەت، من تاقەتی کێشەو گیروگرفتم نییە.
گوڵەنار لە ژنەکە توڕە بوو،
_ئیشی تۆی ناوێ، لەبری ئەوەی لەم کاتەدا دڵنەوایی بکەیت و شتی بۆ بهێنی، لە کارەکەش دەری ئەکەی؟ ئەم خەڵکە بۆ وایان بەسەر هاتووە؟ بەرەو ژوورەوە ڕۆیشت و ڕێگیریی لە چەکدارەکانی کرا.
ئەو ژنەی ئەو هەراوزەنایەی لەو ناوە خوڵقاند، ئەویش پێشتر کاکەلاس لەگەڵیدا ڕێککەوتبوو، کە لە کاتی پێویستدا گەنجێک دێتە لای و داواکەی جێبەجێ بکا..
گەنجەکەش ئەمڕۆ بە ژنەی ڕاگەیاند، ئەو کاتەی خاتون ئەگاتە بنکەکە، ئەو بیکات بە هەرا.
گوڵەنار لە ژوورەوە قەوماندی، بە تووڕەیی و قسە وتن بە وەزیری پاسەوانیی:
_ئێوە چیتان لەم خەڵکە ئەوێ؟ بۆ وایان لێ ئەکەن؟ نەگبەتێکی وا چی کردووە بیگرن، هەر ئێستە هەموو گیراوەکانم بۆ ئازاد بکەن.
ئەفسەرەکە نەیئەزانی چ هەڵسوکەوتێکی لەگەڵ بکا:
_ببورە خاتون فەرمانم پێ نییە، پەیوەندی ئەکەم بە جەنابی سەرکاری گشتییەوە، با لەگەڵ جەنابی وەزیر قسە بکا.
_دڵنیابە تا هەموویان نەبەمەوە لێرە ناڕۆم.
بەو شەوەو بە پەیوەندیگرتن، وەزیر گەیشتە بنکەی دوو، پاش دەمەقاڵییەکی زۆر، وەزیر وەک ناچاریی نیشان بدات، ڕازی بوو بە ئازادکردنی سەرجەم گیراوانی بنکەکانی تریش، پاش ئەوەی خاتون ئەچێ وەریانئەگرێ.. بریندارەکانیش کە تەنها کەسێکیان گیانی لەدەستدابوو، ئەوانی تر ڕەوانەی نەخۆشخانە ئەکرێن.. بەڵام

وەزیر لە دەنگ هەڵبڕینیدا هەڕەشەی لای پاشای لێکردو پێی وت هەرگیز نەزاکەتشا لەم ڕەفتارەت خۆش نابێ.
گوڵەنار ئارانوی بینی و باوەشی پیاکردو مۆڵەتیدا بچێتەوە بۆ لای خوشکەکانی و بۆ کاریش خەمی نەبێ، ئەو وەک خوشکی خۆی ئەیباتە کۆشکەکەی خۆیەوە..
گیراوەکانی تریشی ڕاسپارد بچنە دەوروبەری ماڵەکەی.
دوای بەسەرکردنەوەی هەموو بنکەکان، چووەوە ناو حەشاماتەکەی بەر ماڵەکەی خۆی.. وتارێکی حەماسەت خوڵقێنی بۆ دان.. ئازاد کردنی ئەو گەنجانەی بە سەرکەوتن وەسف کرد بەسەر زوڵم و زۆردا.. چەند جارێک لە قسەکانیدا ئاماژەی بۆ یەکگرتوویی خەڵک ئەکرد، تا ئەم بتوانێ پشتیوان و فریادڕەسیان بێ.. پاشان ئەوەی رونکردەوە، بۆ ئەوەی قسەی کاربەدەستان و پاشایان نەیەتە سەرو ئەم کردەوەیە بە هەڵگەڕانەوەو خۆ دزینەوە لە نیشتیمانپەروەریی ئەژمارد نەکرێ، ئەبێ کارێکی هێند گەورە بکەین کە خەڵکی تر فێری نیشتیمانپەروەریی بکەن..
گەنجەکان بە دروشم و چەپڵەو هاوار هاوار، پشتگیریی خۆیان دەربڕی.. ئەویش پێسنیازی بۆ کردن، هەر هەموو لە تۆمارێکدا ناوی خۆیان بنوسن و سێ نوێنەریش هەڵبژێرن، تا بڕیار لە کارێکی نیشتیمانپەروەرانەی گەورە بدەن..دوای ئەوە بڵاوەیان لێکردو سێ کەس، کە هەر سێکیان لە گەنجەکانی لای کاکەلاس بوون، کە خۆیان هاویشتبووە ناو گەنجە هەڵاتووەکانەوە، مانەوە بۆ گفتوگۆ کردن، ئەویش میوانداریی کردن و بە دەستی خۆی خزمەتی کردن.

نەزاکەت بۆنی مەترسی کرد.. ژمارەیەکی زۆری گەنج و وتاری وروژێنەرو دەستخستنە ناو کاروباری وەزیری پاسەوانیی بۆ یەکەمینجار بەو بەرەنگارییە توندەی گوڵەنار، لای ئەو مانایەکی ئاسایی نەبوو، ئەمەی بە خۆ فریودان دانا، هەستی کرد گوڵەنار، بەرەو شوێنێکی تر مل ئەنێ.. چەند خۆی بە گێل ئەهاتە بەرچاو کە دەگمەن تەفرە ئەدرا، پلانی بۆ کاردانەوەی گوڵەنار ئامادەکرد.
خاتون لەگەڵ سێ گەنجەکە وتووێژی زۆریان کرد.. ئەوان لە قسەیەکی خاتون نیگەران بوون، کە پێی وتبوون (( ئێمە ئەتوانین لە کەرتی کشتوکاڵ، یان باج و خەراجی سنورەکان، هەر شوێنێکی تر بێ، کەڵکیان لێوەرگرین و ئەوەش هەر ژیاندۆستییەو نیشتیمانپەروەرانەیە.. بەڵام سڵ لەوەش ئەکەمەوە ئەم کۆمەڵە گەنجە لەناو خەڵکدا بە ترسنۆک ناو ببرێن.. کێشەکە ئەوەیە ئەوان لە چوون بۆ شەڕکردن هەڵاتوون.. دەی خۆ پیاوی وەک کاکەلاسیش هەیە کون لە جەرگیا نییەو شەڕگە نەماوە دەستی تیا نەوەشاندبێ، تەمەنیشی زۆر لەمان هەڵکشاوترە..))
دوای بەداواداچوونی زۆر بۆ قسەکانی خاتون، دەرکەوت سەد دەر سەد، قسەکانی بە جێیەو دروستە.. وەک بنەڕەت ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی ئەوان ئەم باسە لەگەڵ

هەمووانیان بکەنەوەو مێژووی لەکەدار بۆ پاشەڕۆژیان نەنوسنەوە، بچنەوە بۆ شەڕگە، بەڵام بایز سەرپەرشتییان نەکات.. گوڵەناریش ئەوەی پێ باش بوو.. پێشنیازی کرد تێکەڵ بە سوپاکەی کاکەلاس بن.. کۆبوونەوەکەیان بە سەرکەوتوو ناساندو زۆر سوپاسی میهرو گەورەیی خاتونیان کردو ماڵئاواییان کرد.. خاتوون بەهۆی ماندوو بوونیەوە حەوسەڵەی نەمابوو، چووە ژووری نوستنی یەکەم و جلی خەوی نیمچە ڕووتی لەبەرکرد، بنوێ، لە ناکاودا بە خەیاڵیا گوزەرا سەردانی ژووری نوستنی پشتەوەش بکا، نەبادا پاشا هاتبێ.. پێشبینییەکەی بە ڕاست گەڕاو پاشا لەسەر جێگەکەی چاوەڕوانی بوو.. گوڵەنار لەوە گەیشت پاشا گومانی بزواوەو ئەم هاتنەی بێ مەڵامەت نییە:

_چیت لێ کردن؟

_پاشای گەورەمان، یاری تۆ قەت بە نوشوستیی ناگەڕێتەوە.. من هەموو توانای خۆم خستەکارو بە هەزار شێوە قسەم بۆ کردن، تا توانیم ڕامیان بکەم و هەر هەموویان بگێڕمەوە ژێر سایەی میهرەبانیت.. سبەی من بە ئاشکرا دێمە خزمەتت و داوائەکەم هەموویان بنێریتەوە بۆ سەنگەرەکانی پێشەوە ..

دوای ئەوەی پاشا گوێی بۆ تەواوی قسەکانی ڕاگرت، زۆر سەرسام بوو بە بلیمەتیی خاتون و لە باری هەڵچوونی خۆشیدا باوەشێکی گەرمی پیاکرد.. ئافەرینی زۆری کردو لە ناخەوە لە هەموو بەدگومانییەکەی خۆی پەشیمان بوو.. دەربارەی کاکەلاسیش پاشای دڵنیا کردەوە کە ئەڵقەی پەنجەیەتی.. پاشا داوای شەرابی کردو گوڵەنار لای نەبوو:

_ئەمەوێ تەواو سەرخۆش بم کە لە ئامێزت ئەگرم.

_هەموو کاتێک بۆ من هەر کاتە گەورەم، بەڵام ئەمشەو منیش ماندووم.

پاشا بە چەند ماچێکی قووڵ، دەم و لێوی خاتونی بەسەرکردەوەو ڕۆیشت.. پاش ئەوەی پێی ڕاگەیاند سێ ژنی ئیشکەری شارەزای کۆشک، سبەی دێن بۆ خزمەت کردنت و با بۆ تۆ بن.. لەو ژنەی لات بوو زیاتر ئاسوودەت ئەکەن.. گوڵەناریش باسی ئارانوی بۆ کرد، کە سبەی ئەویشی بۆ هەمان مەبەست دیاریکردووە.

دەمامکدار گروپەکەی خۆی خستە حاڵەتی ئامادەباشیی و بە نهێنیی لەو ماڵە باوەڕ پێکراوانەی دەوروبەری ماڵی خاتون جێگیری کردن و چەند کەسێکیشی ڕاسپارد بۆ چاودێری کردنی ماڵەکەی.. گروپەکەی خۆشیان ناسنامەی دەمامکداریان نەئەزانی، تەنها ئەوەندەی کە بە "جەربەزە" بانگیان ئەکرد.

خاتون خەوێکی باشی کردو هەستا بۆ نانی بەیانیی، کاتێ بینی سێ ژن لە ماڵەکەدان و هەموو شتێکیان ئامادەکردبوو، خاتون تووڕە بوو لە چۆنێتیی هاتنە ژوورەوەیان، وتیان کە وەزیری پاسەوانیی کلیلی ماڵەکەی پێداون.. ئەوکاتە لەوە

تێگەیشت کە باشترین ڕێگەی هەڵبژاردووە، ئەگینا هیچ کاتێک دڵنیا نەئەبوو لە ژیانی خۆی، ئەوان دەستیان ئەگاتە هەموو شوێنێک.. کاتی خۆی کە خانوەکەیان بۆ کردە دیاری، بە ئاگاداریی نەزاکەت، تەواوی کلیلەکانی کۆپی کرابوونەوە.
ژنەکان زۆر ڕووخۆش بوون.. هەندێک حەزیان بە سوعبەت و شۆخیی کردن بوو، خاتون ڕایگرتن و تێی گەیاندن ئەوان تەنها کار ئەکەن و لە ژیانی تایبەتیی ئەو نزیک ناکەونەوە.. پاش قەدەرێک ئارانو دەرکەوت، لەگەڵ ئەوەشدا کە خاتون ئەیزانی کۆپی تری کلیلەکانیان لایە، ئاگاداری کردنەوە ئارانو سەردەستەیانەو من ئەو بۆ هەموو شتەکان ڕائەسپێرم و ئەو فەرمانتان ئەداتێ.. ئەو ڕەفتارەی گوڵەنار تەنها کاردانەوەی هاتنە بێ پرسەکەیان بوو.. ئەگینا هەر نەیئەزانی ئارانو کێیە ئەگەر بەزەیی نەبووایە، ئەوی بە دەستپاکتر زانی لەوان، لەبەرئەوەی هەژاربوو.. ئارانو خزمەتی گوڵەناری ئەکرد لە نانخواردنەکەیداو بەدەم ئیشەوە وەڵامی پرسیارەکانی ئەدایەوە لەسەر ژیانی تایبەتی خۆی.. دواتر گوڵەنار بە پارەیەکی زۆرەوە ناردی بۆ بازاڕ، تا هەندێ جل بکڕێ لایەق بێ بەوەی لەو شوێنەدا کار ئەکا، بەو مەرجەی خاتونیش بە دڵی بێ و وەکو جاران سەرداپۆشراوو سنگ و بەرۆک شاراوە نەبێ.
دەمەونیوەڕۆیەکی درەنگ، بریندارەکان نەبێ، تەواوی سەربازە هەڵاتووەکان لە دەوری سێ گەنجە دانوستانکارەکە کۆبوونەوەو بە ناو جیاکرانەوە.. پاش قسەو باس و ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی خاتون و خۆیان و بە پێی گۆڕانکاریی بارودۆخەکەش، دوا پێشنیازی چوونەوە بۆ سەربازیی ڕاگەیەنراو گەنجەکان دەستخۆشیی زۆریان لەوان و لە خاتونیش کرد.. هەندێکیان گەر وا نەبایە، نان نەئەما لەماڵدا کەس بیخوا، هەندێکی تر هەڵوێستەکەیان بە قارەمانیی ناساند، بەشێکی تر زانییان کە کێشەی پاسەوانییان لەکۆڵ ئەبێتەوەو بەشێکی تریش نەیئەزانی بۆچی هەڵاتووە.. بە کۆی دەنگ بە بڕیارەکە ڕازی بوون و خۆشحاڵییان بەوە نیشاندا کە کاکەلاس ئەبێتە فەرماندەیان.
دوای ئەوەی کاکەلاس بانگ کرایەوەو خۆشحاڵیی و سەرسامیی خۆی بە تواناو دڵسۆزیی زەوەندی خاتون ڕاگەیاند بەرامبەر بە خەڵکی مەملەکەت.. بە لێبوردنی تایبەتی کۆشکی شاهانەو بە ئامادەبوونی خاتونی مەزن، کاکەلاس پێشڕەویی کردن بۆ سەنگەرەکانی پێشەوە.. هەر بە گەیشتنیان بەشێکی زۆری سەربازە ماندووەکان مۆڵەت دران و ئەم سەربازە پڕ چەکە مەشق پێکراوانە، شوێنیان گرتنەوە .
قۆستنەوەی ئەم سەرکەوتنە گەورەیە، هەموو لایەک و هەموو بەرەکانی سەرسامکرد، کەسێک نەبوو لە تەواوی مەملەکەتدا ئافەرینی نەکات و دڵی پێی خۆش نەبێ.. هەرکەسێک و بە بەرژەوەندی خۆی ئەبینیەوە، گوڵناریش ئەیزانی ئەو

شەوە لای پاشا سەرگەرمی مەستیی و ڕابواردنی خۆی بووایە، ئەم هەلە گرنگەی لە دەست ئەچوو.

ڕەوشتی خەڵکی مەملەکەت وابوو، هەر یەکێکیان بگەیشتایەتە پلەوپایەیەک، ئیتر دەوروبەرەکەی نەیانئەهێشت لە بەرگە کۆنەکەی خۆیدا بمێنێ، ئەوەندەیان ڕیایی بۆ ئەکرد، خۆیشی وێنەی کۆنی خۆی بۆ نەئەدۆزرایەوە.. گەر یەکێ تەنها لە وەرگرتنی دیاری بووایە، نەخوازەڵا بەرتیل، ئەوا لەماوەیەکی کەمدا ئەبوو بە خاوەنی زۆر شت و سەرەڕای ئەوە ئەبوو بە خاوەنی جەڵەبێکیش.. بەڵام گوڵەنار هەموو دیارییەکانی ڕەت ئەکردەوە، لەبەرئەوەی پێویستیی بە هیچ نەبوو، نەزاکەت هەموو پێداویستییەکی بۆ دابین ئەکردو ئەم ئامۆژگارییەشی کردبوو.
پیاوێکی دەوڵەمەندی گوندنشین لەگەڵ دەستیا پێنج سەر دابەستەی هێنابوو، ئارانو لێی وەرگرتبوو، بە بێ ئەوەی بزانێ خاتون ئەوەی قبوڵە یان نا؟.. خاتون لە گفتوگۆدا بوو لەگەڵ پیاوەکە، ئارانو هات و بە گوێیدا چرپاند کە نازانێ چی لەو ئاژەڵانە بکا.. خاتون دەستبەجێ پیاوەکەی لە بردنەوەی دەست و دیارییەکەی ئاگادارکردەوە.. پاش هەوڵی کابراو پێداگیریی خاتون، کابرا پەشیمان بووەوە لە دیارییەکەی و پێی وت:
_من بۆ کارێک هاتبووم، بەڵام تۆ تێتگەیاندم، کە ناتەوێ هاوکاریم بکەی!
_ئەگەر بەرتیلەکەت پێش خۆت نەگەیشتایە، کارەکەتم ئەخستە بان دیەم.
مەملەکەت ئارام ببوەوە.. تەنها سەرەتاتکێیەکی ناجۆر بە ئاراستەیماڵی خاتون هەبوو لە لایەن دوو ڕێبوارەوە، چەند جارێک بە بەردەرکەکەیدا هاتن و چوون.. دواجاریان کە ڕۆشتن ئیتر نەگەڕانەوە، چەند کەسێک باڵبەستیان کردن و برانە بەردەمی جەربەزەی دەمامکدار:
_ئەگەر گیانی خۆتان خۆش ئەوێ؟ بێ ئەوەی شەو لە شوێنێکی شاردا هەڵواسرێن، دانی پیا بنێن کێ ڕایسپاردوون..
_باوەڕ بکە گەورەم ئێمە ئاگاداری هیچ نیین.. کاک سیاوەش پێی وتین هەرکات خاتون لە ماڵ هاتەدەر، تەنها ئاگادارم بکەنەوەو بچن بە ڕێی کاری خۆتانەوە.
_ئێوە لای ئەو کار ئەکەن؟
_نەخێر گەورەم! ڕۆژانەی دە کرێکاری دا بە هەر یەکێکمان، لە بری کرێی ئەمڕۆو سبەی.
خاتون کە سەلاریی و شەنگیی و لەش سوکیی ئارانوی بینی، چووە دڵییەوە، ئەو ڕۆژە تا ئێوارە چاودێریی هەڵسوکەوتی ئەو کچەی کرد.. ئێوارە ئارانو پرسی: خاتون وا ئێوارەیە.. من چی بکەم؟
_ئەمشەو بچۆرەوە بۆ ماڵەوە.. سبەی تەدارەکی خۆتان ڕێکبخەن و ئیتر لەگەڵ

مامت و سێ خوشکەکەت، بچنە ئەو دوو ژوورەی لای تەنیشتی خانوەکەو سبەی
کە گەڕایتەوە، لەگەڵ یەک دوانێکدا ئەتنێرم، کەلوپەلی لایەق بە خۆتان و شوێنەکە
بکڕن.. جلوبەرگیشتان تازە بکەنەوە.. فەرمانیش بدە بەو سێ ژنە، ئەو دوو ژوورەی
پشتەوە بۆ خۆیان ڕێکبخەن و بەردەوام دوانیان لە دەوروبەرم بن.
شەوێکی درەنگ نامەیەک فڕێدرایە ماڵی سیاوەشەوە، ئاگادار کرابووەوە سنوری
خۆی بزانێت و کەس نەنێرێ بە پەرێزی ماڵی خاتوندا، لەبەرئەوەی ئەگەر ئەمجارە بە
ئاگادارکردنەوەیەک لێی خۆش بن، جاری داهاتوو سەری بەبەردەرکی ماڵەکەیەوە
هەڵئەواسرێ.. سیاوەش لەبنەڕەتەوە پیاوێکی ترسنۆک و کەمفام بوو، بە نامەکە
زارەترەک بوو.. دەرک و بانی توند قایم کردو لە ژووریشەوە نەئەسرەوت.
گوڵەنار تا درەنگانی شەو لە جێگەکەی پاشادا چاوەڕوانی کردو هەر نەگەڕایەوە..
خەوی لێکەوت و کاتێ بەیانی خەبەری بووەوە پاشای لێ نییە.. هەستی بە
لاوازیی خۆی ئەکرد لەبەردەمی پاشادا.. پێی وابوو ئەو دەرەقەتی فرت و فێڵ و
گەمەی پاشا نایەت و دەستیش لەو خولیایە هەڵگرێ باشترە.. بە هێمنیی بڕیاریدا
جارێکی تر نەگەڕێتەوە بۆ ژوورەکەی پاشاو تەنها لە خوارەوە چاوەڕوانی بکاو ئیتر
جێی بایەخیشی نەمێنێ ..
نەزاکەتشا کە نەیئەتوانی تەتەر بنێرێتەوە بۆ لای، لەبەر قەرەباڵغ بوونی دەورو
پشتی.. هیچ ڕێگەیەکی لەبەردەمدا نەمابوو، تا ئاگاداری بکاتەوە لەوەی توشی
ئازاری سک هاتووەو ئەمشەو ئەبێ چەند پزیشکێک بە دیاریەوە بن.. لەبەرئەوە
نەیویست بگەڕێتەوە ژوورەکەی خۆی و خەڵکی تر ژوورەکەی ببینن.. ئەو شەوە
پزیشکەکان بۆیان دەرکەوت بەردێکی گەورە لە زراویدایەو پێویستیی بە
نەشتەرگەریی هەیە.. زۆر نیگەرانی گوڵەنار بوو، نەئەکرا نەشتەرگەرییەکەش
دوابکەوێ و وەزیری پاسەوانییش داوای کردبوو، هەواڵەکە بڵاونەبێتەوەو بوترێ چووە
بۆ سەفەر..
گوڵەنار دوای قاوەڵتی، مەولانی ئاگادارکردەوە کە ئەچن بۆ کارگەکان.. بە
پەناوپەسێردا چەند کارگەیەک چوون.. لە کارگەیەکیاندا کچێک زۆر بە وردی باسی
پەرەپێدانی بەرهەمهێنانی بۆ کرد.. ناوی لێ پرسی و پێش ڕۆشتن:
_هوما گیان، لە کارەکەت بوویتەوە سەردانم بکە.
بە بەر دوکانێکی گەورەدا ئەڕۆشتن، کوڕێکی هاوتەمەنی خۆی سەرنجی گوڵەناری
ڕاکێشا.. چوارشانەیەکی موو ڕەشی کەڵەگەت، ڕێکپۆشێکی بازوو دەرپەڕیو.. هاتە
سەر ڕێگەیان و داوای لێکرد هاوکاریی بکات لە کێشەیەکیداو فەرمووی دانیشتنی
لێکردن.. گوڵەنار بێ ئاگایانە ملی نا بۆ ژووەرەوەو لەگەڵیا دانیشت ..
_خاتونی گەورەم! زۆر لە کاتت ناگرم.. من باوکی دوو منداڵم، لەسەر ئەم دوکانە

ڕۆژانەکارییم، سەرکارێکی گشتیی دانەڕۆکەی بۆ هاوسەرەکەم کردووەو بەڵێنی پێداوە بە جیا بوونەوەی لە من، ئەو هاوسەرگیریی لەگەڵ ئەکا، ئێستە هاوسەرەکەم ماڵی لە من و ئەو دوو مناڵە کردووەتە دۆزەخ.. بیکە بە خاتری ئەو جوانییەت، چارەسەرێکم بۆ بدۆزەرەوە، ئەو دوای سەروەت و سامانی سەرکارەکە کەوتووە، ئەگینا هەر ئەڵێی یەکانەیە، منیش هەژارو دەست کورتم، ناتوانم ئەوەی ئەو ئەیەوێ بۆی دابین بکەم .
_بە داخەوە، دڵتەنگ بووم.. سبەینێ وەرە بۆ ماڵەوە، چاەسەرێکی بۆ ئەدۆزینەوە.. خەفەت نەخۆی ها! مەگەر من بمرم بهێڵم ئەوە ڕوو بدا. سەرکارەکە ناوی چییە؟
کوڕە دانەویەوەو بە زۆر دەستی خاتونی ماچکرد.. چیرۆکەکەی زۆر کاری تێکرد.. بیری لەوە ئەکردەوە چۆن ئەم کارەساتە بگەیەنێتە پاشاو سەرکارەکەی پێ سزا بدا.. بەڵام سزادانی سەرکارەکە چارەسەر نەبوو، ئەبووایە لە بنەڕەتەوە بیر لە چارەسەرکردنی گرفتی هەژارییەکەیان بکاتەوە.. ئەیشیزانی هەژاریی پەتا کوشندە بێچارەسەرەکەی مەملەکەتە، کە بەردەوام خۆی نوێ ئەکاتەوەو تۆقێنەرتر دەرئەکەوێ.

گوڵەنار باکی بەوە نەبوو نەزاکەت چووەتە سەفەر، سروشتی ئەو وا بوو، ئەوەندە بایەخی بە شتێک ئەدا تا لەبەرچاوی بووایە، هەر زوو نەزاکەتی بیر چووەوەو سەرقاڵی کاری تر بوو.
هوما هاتە لای و بیرۆکەی دامەزراندنی دەزگای پرۆژەکانی بۆ باسکرد، گوڵەنار زۆر بەخێرایی هومای دەستکراوە کرد، بۆ دامەزراندنی ئەو دەزگایەو خۆی کرد بە بەرپرسی تەواوی کارگەو پرۆژەکانی.. هوما پێویستی بە چەند کەسێکی شارەزا هەبوو لە کاری بازرگانیی کردن و بازاڕگەرمیی و ساغکردنەوەو شمەک و داهات کۆکردنەوەو خەرجکردن.. هوما سەرجەم پێشنیازەکانی قبوڵکردو بە خۆی سپاردەوە. ئارانو بۆی هەبوو لە کاتی هاتنی میواندا ناسنامەی میوانەکان بپرسێ، بۆ ئەوەی بە خاتونی بڵێ.. لەم ڕێگەیەوە ڕۆژانە ڕاپۆرتی لەسەر سەردانیی کردن و دۆخی ناو کۆشکی خاتون بۆ دەمامکدار ئەنارد، ئەویش بە نهێنی و بە دەستی یەکێک لەو خوشکانەی ئەچوون بۆ خوێندن، وای ڕاهێنابوو نەهێڵێ خوشکەکانی تری پێی بزانن.
لای ئێوارەکەی ناردی بە دوای کوڕەی دوکاندارادا.. داوای کرد ژنەکەشی ببینێ و کێشەی هەژارییەکەشیان بۆ چارەسەر بکات، بەڵێنی کردنەوەی دوکانێکی گەورەشی پێدا، کە بچێتە چوارچێوەی کارەکانی هوماوە، ئەویش بە هەڵگرتنەوەی قازانجی پێج یەک لە دوکانەکەو بۆ سەرۆکاریی کردنیشی، لەگەڵ هوما ڕێک بێت.. کوڕەکە ئەمەی لە دڵگران بوو، بریسکەی چاوی گوڵەناری خوێندبووەوە کە مەیلی

بۆی هەبوو، پێی خۆش بوو هەر لای خۆی بمێنێتەوە، داوای لێکرد ئەگەر هەر کارێکی لای خۆی پێ بسپێرێ، ئەوەی پێ خۆشتر ئەبێ.. خاتون لەم هەوڵەی کورەکە سڵەمییەوە، لەبەرئەوە فەرامۆشی کردو وتی هەر ئەوە شک ئەبەم ..
گوڵەنار لە هۆکاری بەرەوبەرەکاریی هەڵوێستەی کرد، بەڵام کورەکە ئەیویست پارەی زیاتی لێ بخواو هیچی تر، لە شەقڵی پیاوانەی خۆیشی ڕائەبینی کە کچان مەیلیان ئەکرد، پێی وابوو ئەگەر هەر بەریەک کەوتنێکیش لەگەڵ خاتوندا ڕووبدا، ئەبێتە مایەی خێرو خۆشیی و بەو پەیوەندییە لە ڕووی داراییەوە پێ ئەگا.. بەڵام ترسەکەی خاتون لە پێداگیریی زیاتری کورەکە، گەیاندیە ئەوەی پێی وت:
_کاتم نەما، تۆ ئەتوانی بڕۆی، کە ڕۆشتیتەوە هاوسەرەکەتم بۆ بنێرە.
کورەکەی دەرکرد، کورە بە غەمبارییی بەرەو دوکانەکەی ملی ڕێی گرت.. لە پڕێکدا ڕێی گۆڕی بەرەو ماڵەوەو هەوڵی لەگەڵ هاوسەرەکەی دا بە جۆرێک خۆی لە خاتون نزیک بکاتەوە، تا ئەو ڕادەیەی ببن بە دەستە خوشک.. ژنەی داماویش هەر لەگەڵ خاتونی بینی، زمانی تەتەڵەی کرد، خاتون هەستی بە گەمەیەک کرد، لە هاوسەری کابرا تورە بوو:
_ئەگەر ئەوەی لەبارەی سەرکارەکەوە ئەیڵێی ڕاست و دروست وانەبێت، سزای گەورە ئەدرێی..
پاش دوودڵییەک، ژنەکە تەواوی فێڵەکەی لە خاتون گەیاند:
_مێردەکەم ئەو ڕێگەیەی بۆ داناوم و هیچ سەرکارێکیش ناناسم، ئەو وتی ئەمە تەنها ڕێگەیە نزیکمان بکاتەوە لە خاتون و پێی دەوڵەمەند ببین.. ئەو زۆر مەبەستیەتی بگا بە تۆ، بیستویەتی دەست و دڵەکەت چەند باشە.. خاتون دیارییەکی دا بە ژنەکە:
_ئەوە بەکار بێنە بۆ ماوەی داهاتووت، بۆ خۆت و مناڵت.
_بۆ خاتونی گەورەم بە جەنابتی وتوە مناڵمان هەیە؟!
سەعاتێکی نەخایاند پاسەوان چوونە ماڵی کورەکەو دواتر بە تاوانی تەفرەدان و هەڵخەڵەتاندن، بە سێ ساڵ زیندانیی بڕیاری بۆ دەرچوو.
ئەو شەوە پاشا نەیئەتوانی بچێتەوە ژوورەکەی خۆی، بیری هەر لای گوڵەنار بوو، نامەیەکی کورتی نوسی، نەئیەزانی بیداتە کێ بیگەیەنێتە دەستی، تا هەواڵی بەند کردنی کورەکەی بیست.. بە دەرفەتی زانی و وەزیری پاسەوانیی ڕاسپارد بچێت سەردانی خاتون بکات و لەناو دەست و پێوەندەکەی دڵنەوایی بداتەوەو دواتریش ئەم نامەیەی بە نهێنی بداتێ.. گوڵەنار نامەکەی وەرگرت و دواتر لە ژووری نوستنەکەیدا خوێندیەوە:
))بیرت ئەکەم گوڵەناری جوان، نەمئەزانی چۆن هەواڵت بدەمێ نەشتەرگەرییم بۆ

کراوەو لە سەفەر نیم.. پزیشک ئەڵێ سێ شەوی تر ئەتوانم بچمەوە ژوورەکەی خۆم، بە ئاشکرا سەردانم نەکەی، دوای سێ شەوەکە، وەرە بۆ لام)) واژۆو ناوی نەزاکەتی بەسەرەوە بوو.. گوڵەنار ئەم نامەیەی پێخۆش بوو، هەستی کرد پاشا زۆری خۆش ئەوێ، هەرچەند نەیئەزانی پاشای خۆش ئەوێ یان نا، بەڵام بەلایەوە باش بوو هەر شتێکی لەگەڵ بکاو نزیکتر بکەوێتەوە، لە پێشاوەکەدا نامەکەی سوتاندو ئاوڕۆی بەردایەوە سەری.. حەزی لە خواردنەوە بوو، نە شەرابی لە بەردەستدا بوو، نە کەسیش هەبوو لەگەڵیا دانیشێ.. بیری ڕەیهان و ساتە خۆشەکانی کەوتەوە.. نەیئەزانی کێ بخاتە شوێنی.. دانی بە خۆیدا گرت و چاوەڕوانی هەستانەوەی نەزاکەت بوو شەرابەکەی بۆ پەیا بکا.
ئەو دزەی کاتی خۆی چووە سەر ماڵی پاڵێوراوی شوراکەو دواتر دەنگی بۆ کۆکردەوە تا سەری خست.. بیری لەوە کردەوە باشترین شوێنێک بۆ دزی کردن ماڵی پڕ ژنی خاتونە.. لە دوای نیوەی شەو هەڵی کوتایە سەرماڵەکەی و پێش ئەوەی هەوڵی شکاندنی دەرگای کۆشک بدا، هەر لە حەوشەکەوە کورە هەستیارەکانی جەربەزە گەیشتنە سەری و بێ ئەوەی خاتون سوسەی کۆبوونەوەیان بکا، لە پشتەوە توند دەمیان گرت و باڵبەستیان کردو بردیان بۆ دەمامکدار.. دەمامکدار نەیویست دزەکە ببینێ، دوان لەوانەی سەر بە خۆی بوون و لە "بنکەی دوو" پاسەوان بوو، ئاگاداری کردنەوەو دزەیان دایە دەستیانەوە.. گەیەنرایە بنکەو وایان نیشاندا دوو کەس ئەم دزەیان گرتووەو ڕادەستی پاسەوانەکانیان کردووە، هەواڵەکە نەگەیشتبووە خاتون، دزەکە لە ڕێی ناسیاوێکیەوە ئاگاداری ئەندامی شوراکەی کردەوەو ئەویش خۆی بە پەلە هات و لە ژێر دەستیانی دەرهێناو پرە پارەیەکیشی بۆ کردە دیاری.. سبەی ئەم سەرگوزشتەیە گەیشتە خاتون و نەیزانی کێ دەسگیری کردووە، بەڵام پێیان وت فەرهادی ئەندامی شورا ئازادی کردووە.. تەنگەتاو بوو بە پەلە خۆی گەیاندە شوراو فەرهادی جیاکردەوە.. سەرزەنشتی زۆری کرد لەسەر ڕووداوەکەی شەوێ.. فەرهاد سەرەتا هیچ وەڵامێکی نەبوو، تا خاتون ئارام بووەوەو دواتر لە سەرەتاوە باسەکەی بۆ گێرایەوە.. زۆر بە وردی باسی بەرژەوەندییە خۆییەکان و تێکەڵکردنی بە سیاسەت بۆ کرد.. فەرهاد ژیرانە کاری کردە سەر خاتون.

فەرهاد لە ماتیی گوڵەناردا قسەی بۆ ئەکرد:
_ئاگادرم سیاسەت کردنی تۆ، بنی بۆشە، پایەی قایم نییە، لەبەرئەوەی خاوەنی سەرمایە نیت.. سەرمایە بە بەزەیی و مرۆڤدۆستیی و " گوناحە " پێکەوە نانرێ.. ئەبێ دڵت بکەی بە بەرد.. چاو ببڕیتە دەستی ئەو منداڵەی ئەچێ لە دوکانێک شت بکڕێ، ئەبێ تۆ پێشتر شتێکت لەو پارەیەی دەستی خواردبێ.. کرێکارێک دە خشتی لە کۆڵ ناوەو لە ژێر سورەتاوی هاویندا نقە نقیەتی، تۆ بیر لەوە مەکەرەوە

گوناحە، هەوڵ بدە دوو خشتی تر بخەیتە سەرپشتی، کەمترت لەسەر بکەوێ.. ئەو کاتەی پرۆژەکانت گەیشتنە ئاستی پرۆژەی میریی، ئەتوانی بە قسە لوسەکانت خەڵکەکەش بە دەوری خۆتەوە بهێڵیەوە.. ئەم خەڵکە وەفایان نییەو بە هیچ نازانن و قەت تێر نابن، هەرچییان بۆ بکەی، ئەو ڕۆژەی لێت هەڵگەڕانەوە، فیرعەونیش بە هاناتەوە نایەت.. قەت مەهێڵە ئەوەندە تێر بن دەستت لێ هەڵگرن، پێویستیت بە هەر کەسێک نەما، تڕۆی کە، وەفاو ئەمەکداریی بیرکردنەوەی نەزانەکانە.
دواتر کاتی کۆبوونەوەی شورا هات و فەرهاد بە جێی هێشت، خاتون داوای کرد شەو بیبینێتەوە.. فەرهاد تێیگەیاند هەر ئەوەندە کاتی هەبوو، ناتوانن جارێکی تر دابنیشنەوە .
زەنگەکەی فەرهاد بۆ بە ئاگا هێنانەوەی گوڵەنار، ئەوەندە توند بوو گوڵەنار تەنها هەستی بە زایەڵەیەک ئەکردو نەیئەتوانی بە ڕەوانیی لێی تێ بگا.. پێویستیی بە دانیشتنی زیاتر بوو لەگەڵیا، ئەو بە تەنها جارێک بابەتە ئاڵۆزەکانی وەرنەئەگرت، ئەو کاتەی تێی گەیشتبا، ئیتر بەسی بوو بۆ ئەوەی داهێنانی تیا بکا.
بەقەدەر کاری دەوڵەتێک لە کاروباری خۆپارێزیدا، گروپەکەی کاکەلاس خاتونیان ئەپاراست.. شێوانی ئەو ڕۆژە بینیان وا مەولان و سێ چەکداری تر بە هەڵەداوان لە ماڵی خاتونەوە دەرچوون.. دواتر دنیا تاریکی کردو فەرهادی ئەندامی شورا ئەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە، دوای ئەوەی پاسەوانەکانی خۆی مەرەخەس کرد، مەولان و سێ چەکدارەکەی تر، لەو دیوی دەرکی حەوشەوە دەست و چاوی فەرهادیان بەستەوەو پێش خۆیان دا.. جەربەزە ئەیزانی فڕاندنەکەی پەیوەندی بە چیرۆکی دزەکەوە هەیە، بەڵام نەیئەزانی چی بە سەر فەرهاد ئەهێنێ، باوەڕی وابوو خاتون مریشکێکی پێ لە ئاو ناکرێ، جا کوشتنی مرۆڤێک.. چاودێری کرد بزانێ چارەنوسی بە کوێ ئەگا.
ئەو ڕۆژە خاتون چووەوە خانووە کۆنەکەی خۆی و هەرچی شەرابی هەبوو، لە هەمانەی خستن و یەکێ لە کوڕەکانی بردو خستیە سەر شانی.. خاتون سەرچاوەی بادەی لێ گیرابووەوە، هەر ئەبووایە دەستی بکەوێ، تەواو ئالودە ببوو. دەست و چاوی فەرهادیان کردەوەو بێدەنگیان کردو چوونە دەرەوە.. ژوورەکە کەسی تیا نەبوو، فەرهاد لە جێی خۆی نەجوڵاو بە بێ هیچ دڵەڕاوکێ و ترسێک چاوەڕوانی فەرماندەری فڕاندنەکە بوو، کۆشکەکەی لا سەیر بوو، لەبەر ئەوەی لە ماڵی هیچ یەکێک لەو کەسانە نەئەچوو کە بینیبووی.. ماڵێکی سەنگین و گرانبەهای وا ئەم نەیبینیبێ، ئەبێ ماڵی کێ بێ.. گوڵەنار بەسەرو سنگی ڕووت و جلی گرانبەهاوە، بە زەردەخەنەیەکی شیرینەوە دەرکەوت... فەرهاد چەپڵەی بۆ لێداو ئافەرینی کرد، پێی وت چاوەڕوانی ئەو هەموو بوێریی و بزێوییەی لێ نەکردووەو ئەو هەموو

تەڕلانییەی خاتونیشی لا سەیرە کە بەوجۆرە کراوەیە، ئەو بە ژنێکی کۆنەپارێزی ناسیوە.
_ویستم پێت بڵێم هێز هەموو شتێک ئەکا.
_کاتییە گەورەم.. سەرمایەت نەبێ هەرەس ئەهێنێ.. هیچ شتێک لە بەردەمی سەرمایەدا خۆی بۆ ناگیرێ.. مردنیش دوائەخا با بزانی.
گفتوگۆ نەبوو، زیاتر گوێ ڕادێرانی خاتون بوو بۆ فەرهاد.. پەیوەندی بازرگانیی تاکەکەسیی و سیاسەتی بە عەقڵیەتی خۆی بۆ ڕوونکردەوە، کە تەواوکەری یەکترن، ئەمەش بنەمای سیستمە هەناو گەنیوەکانە.. باسی چەندین جۆر بازرگانی بۆ کرد، کە بە بڕیاری سیاسی ڕێگەی لەبەردەمدا خۆش ئەکرێ، هەموو پرۆژە وردەکانی خاتونی بە پرۆژەی بێ خێرو خۆ سەرقاڵکردن دانا.. باسی هاوردەکردنی بۆ کرد، پاش ئەوەی لە کەموکوڕیەکانی بازاڕی ئێرە تێگەیشت، بچێتە دەرەوەی مەملەکەت.. باسی کردنەوەی کێڵگەیەکی خاشخاشی بۆ کرد، کە پاشا چۆن شوێنە ساردەکانی بۆ خۆی هەڵبژاردووە.. گوڵەنار تەقەی سەری ئەهات ..
_میوانداریيەکەت باش نەبوو.
_بە کچەکانم وت خۆم خزمەتی ئەم میوانە ئەکەم، ئێوە بچنە شوێنی خۆتان.
_ئەها! تێگەیشتم.. کەواتە ناکوژرێم، بۆم هەیە داوای شەرابیش بکەم.
_تا من هەبم، کەس ناتوانێ بێ بەلاتدا.. ئەمر ئەکەی، شەرابت بۆ ئەهێنم.
_ببورە خاتونی گەورە شەرمندەم.. بەڵام وەک وتمان سیاسەت بەرژەوەندییە، ئەی من بەرامبەر بەوەی فێری ئەو زانستەت ئەکەم، چیم دەست ئەکەوێ؟
_هەرچی بفەرمووی !
_باشە کەواتە ڕێک ئەکەوین لە کاتی خۆیدا بیخەمە ڕوو.
_هەرکاتێ داوای هەر شتێ بکەی، دەمودەست ئەگاتە بەر دەستت.
گوڵەنار شەرابی هێناو دوو پێکی تێکرد، جێی سەرسامیی فەرهاد بوو کە بەشداریی ئەکا، تا سەرخۆش بوونیان گوڵەنار دەربارەی خاشخاش و پۆدرەکە زانیاری وەرگرت، تێگەیشت ڕێگەی دەوڵەمەند بوونی خێرایە، بۆ ساغکردنەوەو بازاڕیش، فەرهاد پەلەی لێ نەکردو داوای ئارامیی لێکرد.
لەسەرخۆشیدا ئاگایان لە خۆیان بڕابوو، لە باوەشی یەکدا نیمچە ڕووت ببونەوە، فەرهاد داوای ژووری نوستنی کرد، گوڵەنار هاتەوە سەرخۆو لە ترسی نەزاکەت نەک دواتر پێی بزانێ، ڕێی ئەوەی لێگرت، فەرهاد خۆی بۆ نەگیرا:
_ڕاستە لە سیاسەتدا دۆستایەتی و دوژمنایەتی تاسەر نییە.. بەڵام شتێکی تیایە پێی ئەڵێن ڕەوشتی سیاسی، گرنگترین ڕەوشتیش بەجێهێنانی بەڵێنە.
_کەس وەک من خاوەن بەڵێن نییە.

_دەی بەڵێنەکەت ببە سەر، ئەمە داواکارییە بەرامبەرەکەی منە ..
گوڵەناری سەرخۆش بە بزەیەکەوە دەستی گرت بۆ ژووری نوستنی یەکەم و بۆ یەکەمینجار لە ژیانیدا لەگەڵ پیاوێک جووت بوو.

هەندێک ئەبنە پرۆژە بۆ گیانبەخشین و هەندێکی تریش گیانبەخشەکان ئەکەن بە پرۆژە.. گوڵەنار بیری لەوە کردەوە کاکەلاس بکا بە پارێزەری بەرژەوەندییە نوێیەکانی، فەرهاد بە ڕاوێژکاری موڵک و ماڵ و پلان دانانی، ئەرکی هوما فراوانتر بکاتەوەو تەواوی پرۆژەکانی داهاتوو بخاتە ژێر دەستییەوە.. پێویستیی بە کەسانی تریش هەبوو لێی نزیک ببنەوە.
جەربەزە سەری لە نهێنی فڕاندنی فەرهادو گەڕانەوەی لە نیوەی شەودا دەرنەئەچوو، بە تایبەت وا ئەمشەو هەر تاریک داهات، بە پێی خۆی ئەچێتەوە ماڵی خاتون.. ئارانوش هیچ سۆراخێکی دەست نەکەوتبوو، ناچار بوو ئارانو ڕاسپێرێ زۆر بە وردیی سەرنج بدات و گوێ قوڵاخ بێ بۆ هەر جوڵەو قسەیەک.. ئارانو بێ سوود هەوڵی زۆری داو هیچی بە هیچ نەکرد، خاتون دەرگای یەکەمیشی بە ڕووی هەمووواندا داخستبوو.
فەرهاد کتێبی ئابوریی تایبەتی بۆ گوڵەنار هێناو داوای لێکرد لە یەک دوو ڕۆژێکدا تەواوی بکات و کتێبی تر وەربگرێ، بە دەم بادە نۆشینەوە باسی گرنگیی عەمباری بۆ کرد:
لە ئێستەدا عەمبارەکان گرنگن.. ئەتوانی پاشەکەوتی دانەوێڵەو بەروبومی تری تیا بکەیت، لە هەر قەیرانێکدا ئەتوانی دەری بخەیت و بازاڕی پێ مسۆگەر بکەیت.. ئەو نرخەی ئێستە پێی ئەدەیت، لە سەرپشتەو خستنەڕووی زۆرە، وا مەکە داواکارییەکەت ئەوەندە زۆر بێ گرانی لەسەر خۆتی گران بکەیت.. بە شێنەیی و پەلەی هیچت نەبێ، لەبەردەستی خۆتدایە.. بە بیانوی جێ نشینکردنی خەڵکی هەژارو کەمدەرامەتەوە، داوای زەوی بکەو خانووی چەندین نهۆمیی دروست بکەو بە بەرنامەیەک وا ئەکەین هەر بەشێکی بە دەیان جار زیاتر لە بەهای ڕاستەقینەی بفرۆشیتەوە ..
لە کاتی نان و چا ئامادەکردنی بەیانیدا، ئارانو دەفری شەرابەکەی شەوێی دۆزییەوە، وردتر چاوی گێڕاو بینی دوو پەرداخ بە جۆرێکی جیاواز لە شوێنەکەی خۆیاندا دانراونەتەوە، وەک ئەوە نەبوو کە خۆی دایناون، دڵنیا بووەوە لەوەی ئەمشەو پێکەوە شەرابیان خواردووەتەوە.. دواتر بە وردیی تەواوی قاپ و قاچاغ و کەوچک و چەقۆی نیشان کرد کە چۆنیان دائەنێ.
گوڵەنار لەوەدا بوو ژوانەکەی نەزاکەتی بیر بچێتەوە، لە پڕدا بیری هاتەوە، هەموو پرۆژەکانی خۆی لەو ڕۆژەدا ڕاگرت و کەسیشی نەبینی، تەنها کتێبەکەی تیا

خوێندەوە.. شەویش فەرهاد هات، وەک ئەوەی ڕاهاتبوون باسێکی تری بۆ کردەوە دەربارەی بە کرێ گرتنی مەرەزەی جوتیاران، بەو مەرجەی بە هەرزان لە ژێر دەستیان دەری بێنێ و دواتریش هەر کارەکە بە ڕۆژانەکارییەکی کەم بداتەوە بە خۆیان.. فەرهاد داوای شەرابی کرد، گوڵەنار شەرابی هێنا تەنها یەک پەرداخی دانا:
_ئەی تۆ؟
_میوانی تایبەتم دێن، ناکرێ مەست بم.
_وامزانی ئەو هەموو خۆ ڕازاندنەوەیەت بۆ منە؟
_هەر بۆ تۆیە ئازیز گیان، کەسی تر شک نابەم خۆمی بۆ بڕازێنمەوە.. بە ئارەزووی خۆت بخۆرەوەو من خزمەتت ئەکەم.. فەرموو قسەکانت تەواوکە.
وەک شەوانی ترو کەمێک زووتر بە دڵخۆشیی زۆریی هەردووکیانەوە، ماڵئاواییان کرد.. فەرهاد دڵنیا بووەوە لەوەی کە گوڵەنار تەنها لەبەر میوان بەشداری خواردنەوەکەی نەکرد ..
دوای پاککردنەوەی شوێنی دانیشتنەکە، ئارانوی بانگ کرد تا بزانێ لە کاتی دانیشتنەکەیدا کەس نەهاتووە، ئارانو پێی وت کەس نەهاتووەو هیچیش ڕووی نەداوە، کەمێک دانیشت بۆ خوێندنەوەی کتێبەکەو چایەکی ئارانوی خواردەوەو بە ئارانوی وت ئەخەوم.. چووە ژووری نوستن و دەرکەی داخست و دەستێکی بە خۆیدا هێناو کەوتە ڕێ بەرەو لای نەزاکەتشا.
پاشا لە جێگەی خۆی نەبزوا، دڵخۆشییەکەی زۆری بە بینینی گوڵەنار ئەوەندە بوو کە نەیئەتوانی دەری نەبڕێ.. گوڵەنار لەسەرەتاوە باسی فەرهادی بۆ کرد کە چۆن لەم ماوە کەمەدا ناسی و سوودی زۆری لێوەرگرتووە.. بەڵام مەست بوون و سەرخۆشیی و سەرجێگەییەکانی باس نەکرد.. تەواوی پرۆژەو پێشنیازو ڕاسپاردەکانی گێڕایەوە، پرسی بە نەزاکەت کرد کە ئەو کارانە بکات یان نا.. نەزاکەت کە هەموو سەردانەکانی فەرهادی پێ گەیشتبووەوە، دڵکرمێ بوو تا ئەو کاتەی گوڵەنار بە بێ شاردنەوە هەموو شتێکی بۆ باسکرد.. زیاتر دڵنیا بووەوە لە ڕاستگۆیی گوڵەنار:
_هەوڵی نەئەدا لێت نزیک بکەوێتەوە؟
_دوور لە قسەی جەنابت، ڕای ئەوەی نییە، بە گوللەیەک مێشکیم ئەپژاند.
_بە دڵمە.. من ئەمزانی هامشۆت ئەکا، کەمێکیش دڵم کرمێ بوو، هەتیوەکە جوانەو وتم ڕەنگە بتوانێ کارت تێ بکا، تۆ گەر ڕاستگۆ نەبوویتایە ئەتتوانی باسی هاتنەکەشی نەکەی، لە تۆ دڵنیام گوڵی گیان، بەڵام وریابە پیاو ئامانی نییە، بە قسەی خۆش و چاکەکردن دێتە پێشەوە بۆ ئەو مەرامەی نیازی بووە.
_گەورەم هەرکاتێ بیستت لاشەکەی لە ماڵی من برایە دەرەوە، سوور بزانە

دەستی بۆ بردووم.
_زۆر چاکە.. من هاوکاریت ئەکەم لە هەموو ئەو پرۆژانەتدا کە ئەو باسی کردوون، دیارە پیاوێکی هۆشمەندو دەوڵەتمەدارە.. خۆم تۆوی خاشخاش و زەوییەکی ساردی باشیشت ئەدەمێ و کڕیاریشت لەسەر من.. کارێکی باشی کردووە لەو بیری ڕەش و ڕووت پەرستیی و عەوام بە شت زانینەی دوور خستوویتەوە.. من ئەمویست خۆت ڕات بگۆڕی.. با پێت بڵێم، ئەو هەژارانەی تۆ سەواو مامەڵەت ئەکردن، بەس بۆ پڕ کردنەوەی سەنگەرەکان و زیندان و کێڵگەکان کەڵکیان هەیە، خزمەتیان بکەیت یان بیانکوژی و بیانبڕی، لای ئەوان هەر یەک شتە.
_تەواو گەورەم! ئێستە ئەگەر بتەوێ بیانجنی، منیش هاوکارتم.. من ئەزانم لەسای میهری تۆوە لە هیچم کەم نابێ، هەر تۆم هەبی من ئاسوودەم.. دەی ورەش بدەرە بەر خۆت زوو چاک ببەوە.
_منیش وەک تۆ پەلەمە گوڵە گیان! چی بکەم ئازار کوشتمی، لە پڕا ئەم بەڵایەم بۆ نازڵ بوو.. پزیشکەکە ئەڵێ دوای مانگێک ئەگەڕێیتەوە ژیانی ئاسایی خۆت، نابێ تا ئەو کاتە بخۆیتەوەو هەموو جوڵەیەکی نائاسایی قەدەغەیە.
_زۆر زۆرە پاشای گەورەم!

گرنگترین ئومێدی هەژاران، سەلامەتیی مناڵ و خانەوادەیەتی، پەیوەندی باشی لەگەڵ شتەکانی تردا نییە تا ببێتە مەراقی و ئومێدی لەسەر هەڵچنێ.. هەر هەمووشیان چاویان لە دەرووی ڕوون و کرانەوەی بەختیانە.. هەر لەگەڵ گوڵەنار جاڕی ئەوەی دا، کە ئەیەوێ هەژارو نەدارانی گەلەکەی بخاتە سەرکار، ئەمەشی وەک هەنگاوێکی بچوک بۆ چاککردنی بارو گوزەرانی خەڵک لە قەڵەمدا.. هەژارانی مەملەکەت پەیتا پەیتاو دەستە دەستە ئەچوون بۆ خۆ ناونوس کردن و ئەوەیان بە دەروویەک زانی لێیان کرابێتەوەو قسەیەک سەری هەڵدا بوو، لەوەدا بوو ببێ بە دروشم:
"ئەی چۆن؟ بەری تەنگانە کورتە، تۆ بڵێی تا مردن هەر وا بین"
جموجوڵی گوڵەنار، نەزاکەتشای تەنگەتاو کردبوو، پێی وابوو ئەبێ ڕابگیرێ، ئەگینا کەسی بە دەستەوە نامێنێ و دواتریش خەیاڵی تریش ئەکەوێتە سەری. . شەوێ کە گوڵەنار گەڕایەوە بۆ لای، لێی پرسی:
_چەند ئیشت بە فەرهاد ماوە؟
_بەقەدەر توێکڵە سیرێ.
_دەی بە پێی تیۆرەکەی خۆی ئەبێ چی لێ بکرێ؟ ئەبێ تڕۆی بکەی.
_فەرمانتە گەورەم.
_نا ئەمە فەرمان نییە.. دەی خۆ ئەبێ خۆت شتی لێ فێر بووبی و جێ بەجێشیان

بکەی.. ئەوەش بیروباوەڕی ئەو کابرایەیە.
_ڕاستە گەورەم! ئەبێ تڕۆ بکرێ و ئیتر توخنی من نەکەوێ.
هەرچەند گوڵەنار لای نەزاکەت بەسەر خۆی نەهێنا.. بەڵام شکستێکی چاوەڕواننەکراو بوو بۆ ئەو.. پەنجەی پەشیمانی گەست دوای ئەوەی هەموو نهێنییەکی خستە بەردەمی نەزاکەت.. تازە کار لە کار ترازاوەو پریاریدا ئەمە بکاتە وانەیەک و پەندی لێوەربگرێ.. بەزەیی بە فەرهاددا ئەهاتەوە، ئەیێت لە چەند ڕۆژی داهاتوودا فەرهاد دوور بخاتەوە، بۆی هەبوو بیر لە کوشتنی نەکاتەوە، بەڵام لەو نهێنییە ئەترسا کە لە نێوانیاندایە، بە درکاندنی گوڵەناری بە شێنەیی ئەکوشت..
ناچار بوو مەولان بانگ بکات و داوای کوشتنی بکات لە ماوەی دوو ڕۆژدا.. شەویش کە فەرهاد گەڕایەوە لای هەستی بە هیچ نیگەرانییەکی گوڵەنار نەئەکردو هەر وەک شەوانی تریان بەسەر ئەبرد.
کاتێ مەولان هەواڵەکەی بە وەزیری پاسەوانیی گەیاند، وەزیر داوای لێکرد ئەو ڕۆژە دوای بخات بۆ سبەی.. دواتر مەولان لای وەزیر هاتە دەرەوەو بەرەو ماڵی خۆی کەوتەڕێ.. لە ڕێگەیدا سێ کەس بوون بە هاوشانیی و بێدەنگیان کردو دواتر چاویان بەستەوەو بەرەو ماڵی جەربەزەی دەمامکداریان برد.
ئەو شەوە ماڵە هەژارەکان نەبێ، هیچ شوێنێک ئارام نەبوو، فەرهادیش هەستی بە نیگەرانیی گوڵەنار کرد کە پاسەوانەکەی دیار نییە.. زۆر سەرودڵی نەگرت و زوو جێی هێشت.. پاشاو وەزیریش نیگەران بوون ..
جەربەزە لێکۆڵینەوەی وردی لەگەڵ مەولان کردو تەواوی باسەکە تێگەیشت..
هەندێک تەکنیکی لێکۆڵینەوەی بەکارهێناو گەیشتە ئەنجامێکی ترسناک.. (( لەو کاتەدا کە تەقە لە یاوەرسین کرا، مەولان سوێندی خوارد ئەو تەقەی نەکردووەو تەنها پاسەوانیی تەقەکەرانی کردووە، ئەوەش بە سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی وەزیرو چاودێریی پاشا کرا.. )) ناوی تەقەکەران و سەرپەرشتیارە مەیدانییەکەشی پێ وتن.
سەبارەت بە هەوڵی کوشتنی فەرهاد، هیچی لەبارەوە نەزانی تەنها ئەوەندە نەبێ، خاتون فەرمانی پێداوەو ئەویش بە بێ ئاگادارییی خاتون، پرسی وەزیری کردوە.. دوای لێپرسینەوەی تەواو، مەولانیان ڕەوانەی گوندێکی دوورە دەست کرد.
هەواڵی شەڕگە تەنها سەرکەوتنێکی بچوکی سوپای مەملەکەتە، دوای ئارامییەکی درێژخایەن.. کاکەلاس نایەوێ بگەڕێتەوە بۆ ئاوەدانیی و بەردەوام پلانی نوێی بۆ شەڕکردن دائەنا، لەم شەڕەدا پلانێکیانی بەکارهێناو سەرکەوتنەکەی مسۆگەر بوو.. نەزاکەتشا کەسی خۆی بۆ چاودێریی کردنی دانابوو، تا ئاگاداری هاتوچۆو گەڕانەوەی بێ بۆ ئاوەدانیی، ئەم هەواڵە لە ڕێگەی خەسرەوی ناو

ئەنجومەنی وەزارەتی پاسەوانییەوە بە دەمامکدار گەیشتبووەوە.. لەبەرئەوە بۆ سەلامەتیی گروپەکە، کاکەلاس نەئەگەڕایەوە.
گروپی دەمامکدار بۆ پاراستنی خاتون و ئارامیی وڵات لەناو ڕەعیەتدا لە هەڵکشاندا بوو، دامودەزگاکانی میریشی گرتبووەوە، زۆر کەس لە فەرامۆشکراوەکان و ئەوانەی ناعەدالەتیی زۆریان لەناو حوکمڕانیدا ئەبینی، ژێر بە ژێر پەیوەندییان بەم گروپەوە کردبوو، هەر دەمامکداریش بە سەرۆکی گروپەکەش ناسرابوو.. کار گەیشتە ئەوەی سیخوڕێکی وەزیریش چووە ناو گروپەکەوە، بەڵام تەنها چایچییەکی ئەناسیی و لە فڕوفیشاڵ زیاتریش هیچی لێ نەئەبیست، لەبەرئەوە وەزیر بە هەندی وەرنەگرت، بەڵام چاودێریشیان خستە سەر.
دەمامکدار هەستی بە مەترسییەکی گەورە کرد لەسەر خاتون، بەڵام پێویستیی بەوە بوو هۆی هەوڵی کوشتنی فەرهادی بۆ ڕوون بکاتەوە.. بۆ پاراستنی زیاتری خاتون لە تێوەگلانی گلانی بە کوشتنی فەرهاد، بڕیاری دوورخستنەوەی فەرهادی دا بە فڕاندنی بۆ کوێرە دێیەک، بە بێ لێپرسینەوە.
هەواڵی فڕاندنی فەرهاد لە مەملەکەتدا دەنگی دایەوە.. خەڵات دیاریکرا بۆ هەر کەس زانیاری لەبارەوە بداتە میریی.. چەندین ڕاگەیاندنی پروپووچ و بێ نرخ بڵاوکرانەوە.. جگە لە دزەکە، بۆ تەواوی خەڵک جێی بایەخ و گرنگیی پێدان نەبوو.. شەوانە پاشا هەواڵی لە گوڵەنار ئەپرسی، لە دڵەوە گوڵەنار پاشاو پاشا گوڵەناری بە ئەنجامدەرەکە ئەزانی و کەسیشیان دەریان نەئەبڕی.. پاشا مەترسی زیاتری لە گوڵەنار لێ نیشتبوو، هەستی ئەکرد مەولان و فەرهادیشی شاردووەتەوەو نایدرکێنێ، کەواتە هێزی هەیەو پێویستە زوو سنوردار بکرێ، چاودێریی وردتری خستەسەر.. گوڵەناریش بە شاردنەوەی ئەو دووانە هەستی بە مەترسیی کرد لەسەر ژیانی خۆی و هەستی کرد پاشا لەوەدا کە دەستکراوەی کرد بۆ کۆکردنەوەی سەرمایە، ڕاستگۆ نەبوو لەگەڵیا.. لەبەرئەوە هەموو ئەو بانگەوازانەی بۆ کۆکردنەوەی دەستی کار کردبووی، بە ڕاگەیەنراوێک دوای خست بۆ کاتی دیاریی نەکراو.. کاتێ پاشا پرسیاری لێکرد:
_تاقەتی هیچم نەماوە گەوەرم، من دەستم بەکار نەکردووە جارێ، پاسەوانەکەم و فەرهاد لە چاو دیار نەمان.. داخۆ دەست بەکار بکەم، چی ڕوو ئەدا؟

نەزاکەتشا بە وردیی دیقەتی ڕوخساری گوڵەناری ئەدا، هەستی بە ڕاستگۆیی کرد لە بیانوی کشانەوەی دەست پێکردنی پرۆژەکانی:
_ڕاستت پێ ئەڵێم گوڵەنار، تا ئێستە هەستم ئەکرد تۆ لە پشت ون بوونی فەرهادو پاسەوانەکەوە بی، دیارە زەینم بە هەڵەیدا بردبووم.. کەواتە من و تۆ ناحەزێکی شاراوەمان هەیە .

_گەورەم من مەولانم ڕاسپارد بۆ کوشتنی فەرهاد وەک ڕێککەوتین، ئیتر بۆ ئەبێ ئەو بشارمەوە؟ " بە زەردەخەنەوە" بەڵام منیش گومانم کرد جەنابت هەردوکیانت فت کردبێ.
_پێم وتی پەیوەندیم بە کاری تۆوە نییە، من بمکردایە ڕاستەوخۆ پێم ئەوتی.. گرنگ ئەوەیە دوژمنەکەمان بدۆزینەوە، نەک یەکتری تاوانبار بکەین..
گوڵەنار لە ژێر فشاری پاشاشدا، نەچووەوە ژێر باری ئەوەی دەست بکات بە پرۆژەکانی، هومای بانگ کردەوەو لە سست کردنی چالاکیی پرۆژە بچوکەکان ئاگاداری کردەوە.. بەڵام گوڵەنارو پاشا هەندێ وردە بیرۆکەیان خستە بەردەمی یەکتر، بۆ ڕاوکردنی ناحەزەکانیان.
بەیانی زوو بوو، شار بەسەر هەواڵێکی دڵخۆشکەردا کەوت.. بایزی کۆنە سەر دەستەی چەکدارەکانی پیروەیس و جێبەجێکاری کوشتنە نهێنییەکانی نەزاکەتشا، لە ماڵەکەی خۆیدا لەگەڵ یەکێک لە یاوەرەکانیدا، لە قەنارە درابوون.. هەرچەند خەڵک نەیئەزانی ئەمە لە پای چییەو کێ هەڵیواسیون، بەڵام خۆشحاڵ بوون کە دوو پیاوی پیروەیس و هەڵخەڵەتێنەری ئەو هەموو گەنجەی بریندارو سەقەت و سقوت کران، بەم دەردە چوون.. پاشا دڵنیاتر بوو لە بێ تاوانیی گوڵەنار.. فەرمانی دا بە وەزیری پاسەوانیی:
_باجەکەی هەر چییەک و هەرچۆنێک بووە، من بکوژەکانم لە تۆ ئەوێ.
چایچی داماو یەکەمین کەس بوو گیراو بە زەبری لێدان، ناوی خورشیدی درکاندو خورشیدیش کە لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانی سپارد، هیچ ناوێکی تری نەدرکاندو چایچییەکەش ناچار کرا دان بەوەدا بنێ کە بکوژی بایز و یاوەرەکەی بووە.. بۆ بەیانی ڕۆژی دووەم تەرمی خورشیدی کوژراوو چایچی بە ناوجەرگەی بازاڕدا هەڵواسرا بوون و لێی نوسرابوو بکوژەکانی بایزو یاوەرەکەی.. هەرچەند پاشا لە دڵەوە باوەڕی بەوە نەبوو ئەو دووانە بکوژە ڕاستەقینەکە بن، بەڵام کەف و کوڵێکی دامرکاو ئافەرینی وەزیری پاسەوانیی کرد، ئەیزانی گەر بکوژی ڕاستەقینە بدۆرایەتەوە، بە زیندوویی ئەهێنرانە بەردەمی.. لە مەملەکەتیشدا خەڵکانێکی زۆر بەم کارە تووڕە بوون.
خاتون خۆی چووە ناو کارگە بچوکەکان و هوماش پێی گەیشت و پێداویستیی و داهاتەکەی بۆ ڕوون ئەکردەوە.. خاتون قسەوباسی بەسەردا ئەهێناو خۆشحاڵیی خۆی دەرئەبڕی بەرامبەر بە کوشتنی بایزو یاوەرەکەی و خەڵکەکەش بە هەمان شێوە.. ئەو ئەیویست سەرەداوێکی دەست بکەوێ بۆ ناسینی بکوژەکان، هیچی دەست نەکەوت تا لە کارگەیەکیاندا کچێکی هەرزەکار وتی ئەڵێن گروپی دەمامکدار کوشتویانن، خاتون زۆر بە دوای قسەکەیدا چوو لە کێی بیستووەو کێ ئەیانناسێ، بەڵام هیچی لێ هەڵنەکڕاند.. گەرچی کچەکە یان هەر کەسێکی تر شتێکی

بزانیبا، خاتون ئەوەندەی متمانە هەبوو پێی بڵێن ..
بەرە بەرە پاشاو خاتون دەستیان کردەوە بە خواردنەوەی مەی.. جۆرەکەی پێ گۆڕی، گوڵەنار هەموو جۆرە بادەیەکی تاقی ئەکردەوە.. نەزاکەت لەسەر هەواڵەکەی خاتون فەرمانی دەرکردبوو بۆ دۆزینەوەی گروپی دەمامکدار.. هەموو مەبەستی گوڵەنار دۆزینەوەی فەرهاد بوو، چون لە درکاندنی نهێنییەکانی ئەسڵەمییەوە.
ئارانو نیگەرانیی زۆری پێوە دیار بوو، هەموو خەمی ئەو ببووە چاودێریی کردنی خاتون، چاودێریی کردنەکەی بە زەقیی هەست پێ ئەکرا.. گوڵەنار ئەم بارەی ئارانوی پێ ئاسایی نەبوو، بانگی کردو بە شێنەیی کەوتە هەڵڕشتنی خۆشەویستی خۆی بۆ ئەو و داوای لە ئارانوش کرد، هۆی نیگەرانییەکەی خۆی پێ بڵێ.. سەرەتا ئارانو ویستی نکووڵیی لە نیگەرانییەکەی بکات.. بەڵام دواتر ئەرکی خۆی وەک ئەمەکێک بۆ خاتون باس کرد:
_من ئەمەوێ هەر شتێکی نائاساییم بینی، ئاگادارت بکەمەوە.. ئەم ڕۆژانەش کەمێک مەترسیی هەیە، نامەوێ وەک جاران لێت بێخەم بم.
_کێ پێی وتووی مەترسیی هەیە؟ کوا؟ هیچ شتێک ڕووی داوە؟
ئەی چۆن خاتون؟ هەموو خەڵک باسی فڕاندنی پاسەوانەکەت و کوشتنی بایزو یاوەرەکەی و بکوژەکانی ئەکا.
_ئاوا لەناو خەڵکا باس گەرمە؟
_بەڵێ هەموو مەملەکەت دەستەو نزایانە تۆ لەناو ئەم بەڵا بارینەدا سەلامەت بیت.
گوڵەنار کە زانی هەمان قسە سواو و دووبارەکانە، قسەکانی بە هەند وەرنەگرت و ڕایسپارد کە زیاتر وریابێ و ڕاستە ئەبێ لە هەموو شتێ بە گومان بن.. بەڵام هەر لە ڕووی خۆپارێزییەوە، یەکێک لە ژنەکانی ڕاسپارد چاودێریی ئارانو بکا.
ئارانو نامەیەکی درایە دەست، لێی نوسرابوو:
))دوای خوێندنەوەی، نامەکە لەناوبەرە.. چاودێریی تەواوی کاتی نوستنی خاتون بکە)) تا کارەکەرەکە چوو خاتونی لە نامەکە ئاگادار کردەوە، ئارانو نامەکەی سوتاندو پاشماوەکەی فڕێدا.. خاتون پرسیاری ئەو نامەیەی لێکرد.. ئارانو نەیئەتوانی درۆی لەگەڵ بکا، چون ئەیزانی خاتون پێی زانیوە.. داوای کرد هەردووکیان تەنها بن، ئەو کاتە باسی ئەکا:
_خاتونی گەورەم، تکایە نهێنییەکەم بپارێزە.
_پارێزراوە بێخەمبە ئارانوی جوان، دەی بزانم ئەو نامەیە چی بوو؟
_لەگەڵ ئەو کورەی نامەکەی بۆ هێنام پەیوەندی خۆشەویستیمان هەیەو داوای لێکردووم کەس نەزانێ، تا ئەوەندە پارە کۆ ئەکاتەوە بتوانێ هاوسەرگیرییەکەی پێ بکا..

خاتون کە حەزی بە بیستنی ئەو چیرۆکانە بوو، داوای لە ئارانو کرد بۆی باس بکاو ئارانوش چیرۆکی کچێکی هاوڕێی کۆنی خۆی، کرد بە چیرۆکی خۆی و زۆریشی پێوە نا، گوڵەنار بەڵێنی پێدا کە یارمەتیان ئەدا بۆ هاوسەرگیرییەکەیان.

ڕوحی سەرکردایەتی کردن لە مرۆڤدا خولیایەکی گشتییە، ئەو کەسانەی پێی ناگەن، لە درەنگانێکی ژیاندا بێهوودەیی چۆکیان پێ دائەدا.. خاوەنی دەروونە سادەکان، یەک دیوی ژیان ئەبینن و پێیان وایە بە ئاسانیی ئەتوانن ئەوانی تر ڕام بکەن، کە هەر لە بنەڕەتەوە ئەم جۆرەی مرۆڤ ڕامکراوەکانن.. گوڵەنار ئەیزانی لە ڕێگەی گەیشتن بەو ئامانجەدا هەورازو نشێوی زۆری تێ ئەکەوێ، لەم ماوەیەدا وای بە باشتر زانی بێهوودەیی خۆی نیشان بدات و وەک خۆ بە دەستەوەدەرێک خۆی بۆ پاشا نمایش بکا.. نەزاکەت درکی بە نائومێدییەکەی کردبوو، ئەمشەو کە درەنگانێ گەیشتەوە لای، بە پەلە مێزی خواردنەوەکەی ڕازاندەوەو بە پاشای وت، ئەمشەو سەما ئەکەم، سەمای بێزاریی، سەمایەک هەموو خانەکانی جەستەم بگرێتەوە، بچێتە خوێن و ئێسکمەوە.
نەزاکەت زەردەخەنەیەکی کردو ئاماژەی کرد دانیشێ:
_پێش ئەوەی مەست بی بەرنامەی بەیانیت کۆ کردنەوەی خەڵکەو ئەیانهێنیتە بەر کۆشکەکەم، داوای چاوەنوسی پاسەوانەکەت بکە، تا خەڵکە پشتیوانەکەت زیاتر بن باشترە.. دوو سەرکردەی سەربازیی پرچەک و، سەد سەربازت ئەدەمێ ، هەر کەسێکی تریش خۆبەخشانە دوایان ئەکەوێ، چەکدار ئەکرێ.. شوێنی شاردنەوەی پاسەوانەکەت دۆزراوەتەوە، ئەوان کە هێرشیان برد، هەم پاسەوانەکەت بۆ ئەهێننەوە، هەم شوێنی فەرهادیش ئەدۆزنەوە.. دوای ئەوەش هێزێکی باشت ئەدەمێ بۆ پارێزگاریی کردنی خۆت و کۆشکەکەت.. تۆ ئەزانی من ناتوانم ئەو دیوی کۆشکی ئەفسوناویی فەرامۆشکەم، هەر دزە کردنێک سەرلەبەری وڵات ئەشێوێنێ.
_چۆن جەنابی پاشا؟ مانای ئەوەیە من لەشکرەکە بە ڕێ بخەم؟
_بەڵێ، کە لەشکرەکە هاتە بەردەگات، خۆت نزای سەلامەتییان بۆ بکەو بەڕێیان بکە .
گوڵەنار نەیئەزانی لە خۆشیا چی بکا؟ تا دانیشتنەکەی تەواو بوو، گەشکەی خۆشیی هەبوو، خەندە لێوی بەرنەدا، جارێکی تر ڕوحی پێشڕەویی تێگەڕایەوە.
کاتێ دەمامکدار بیستی خاتون خەریکی خۆ سازدانە بۆ خۆپیشاندان، ترسێکی زۆری لێ نیشت، هەستی کرد ئەم کارەی یاری کردنە بە ئاگر.. بە پەلە زۆر کەسی لە گروپەکە ئاگادار کردەوە، خاتون بپارێزن و نەهێڵن توشی هیچ بەڵایەک ببێ..
دەوروبەری نیوەڕۆ لەناو دڵەڕاوکێی خەڵک و گروپی دەمامکداردا، خەڵکێکی زۆر

کۆبوونەوەو بەرەو کۆشکی پاشایەتی کەوتنە ڕێ.. خاتون خرایە ناوەڕاستی خەڵکەکەوەو نەیانهێشت پێشڕەو بێ، تا ئەو کاتەی نوێنەری نەزاکەت هات و داوای دەمڕاستێکی لێکردن.. کەوتنە وتووێژو بە گەڕانەوەی نوێنەر، ئەوی شەو نەزاکەت بە گوڵەناری وتبوو جێبەجێ کرا.. ئاستی جەماوەریی خاتون گەیشتە ترۆپک و دەمامکداریش ئاهی بەبەردا هاتەوە.. کۆبوونەوەیەکی خێرای لەگەڵ ئەندامانی تر کردو بە پەلە کەسێک ڕەوانە کرا جێی فەرهادو مەولان بگۆڕن و دوور بخرێنەوە لەو ناوچەیە.. بڕیاریشیاندا بە فڕاندنی خاتون، لەبەرئەوەی ئەبێتە سەرچاوەی مەترسیی بۆ سەر خۆی و گروپەکەش.. چون ئاگاداری بەرنامەی گروپەکە نییەو نازانێت لە بنەڕەتەوە بۆ پارێزگاریی خۆی دانراوە ..

بۆ سەرلەبەیانی ڕۆژی ئاینده، سوپاکە بە فەرماندەیی دارکۆ و ئەردەشێر ئامادەکرا، جگە لە خەڵکێکی تری گیانفیدای خاتون، دەمامکدار سی کەسی تری ناردبوو بۆ خۆ پڕ چەک کردن و ئەوانیش چوونە ڕیزی هێرشبەرانەوە.. خاتون لەبەردەمی کۆشکەکەی خۆیدا ماڵئاوایی کردن و هیوای سەرکەوتنی بێ زیانی بۆ خواستن.. ئارانو ڕاپۆرتی خۆی دا، کاتی نوستنی خاتونی دیاریی کردبوو.. بەسەرهاتەکەی خۆیشی بۆ گێڕابوونەوە، داوای کردبوو تەنها ئەو کەسە نامە ئاڵوگۆڕ بکات کە وەک خۆشەویستم ناسراوە.

گوڵەنار لە خۆشیی خۆیدا مەست بوو، ئەم پشتگیرییەی خەڵکی بە سەرکەوتنێکی گەورەو دەگمەنی ژیانی زانی.. وەک سیمبۆلی میللی گەورەی مەملەکەت و ناڕازیی بە دەسەڵاتی پاشا دەرکەوت، ئەم سەرکەوتنەشی بە دیاریی نەزاکەتشا زانی.. بیرۆکەیەکی نوێی خستە بەردەمی پاشا:

_گەورەم تۆ ئەزانی ئەو خەڵکە لە حوکمڕانیی مەملەکەت بە گلەیین.. من داوا ئەکەم ڕێگەم پێ بدەی هەموویان کۆبکەمەوەو دواتر پێشنیازێک بخەمە بەردەمی بەڕێزت بۆ گفتوگۆ دەربارەی ژیان و گوزەرانی خەڵک.. جەنابیشت ئەوە نیشان بدە کە من نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵکم، داوا بکە وەزیفەیەک لە میرییدا وەربگرم، ئەوکاتە هەندێ وردەچاکسازیی ئەکەین و هەموو خەڵکەکەش ئەهێنمەوە ژێر ڕکێفی جەنابتان و هەرچی ورتەش بکا ورتەی ئەبڕم.

_بیرۆکەیەکی جوانە.. بەڵام ئێستە زووە، با پاسەوانەکەت بۆ بهێننەوەو سەرکەون، ئەوکاتە ئەوەش ئەکەین، وەزارەتێکت ئەدەمێ و ئیتر بە ئاشکراو بە قاچاغیش ئەتوانین یەکتر ببینین.

_سوپاس گەورەم من لە میهرەبانییت ڕائەبینم، لەبەرئەوە پێشنیازەکەم بۆ کردی.. تۆ با جارێ هەستیتەوە.. بەزمی شەوانمان گەرمکەین، با بڕژێینە ناو یەکەوە.. ئەو کاتە دەست پێ ئەکەین.. بەڵێ جارێ زووە، تا هەڵنەسیتەوە هیچ ناکەین، ئەزانی

چەند دەمێکە چاوەڕوانم.
_ئای گوڵە نازانی بە بینینت چ بڵێسـەیەکم لێ بەرز ئەبێتەوە، ئیتر وا جارێ بەڵاو دەرد و دوو ناهێڵێ.
گوڵەنار گەڕایەوە دۆخی هەڵپەی جارانی، لە ئێستـەوە هەموو خو و ڕەوشـتی گۆڕا، بەڵێنی چوونە ناو حوکمڕانیی وەرگرت، بەڵێنی شـەوی سوورو پاشاژنیی ژێر بە ژێریی وەرگرت.. ئیتر لە ئاکارو کارو کردەوەیدا وەک شاژن هەڵس و کەوتی ئەکردو لەگەڵ تەواوی کاربەدەستانی بەردەستیشیدا لوت بەرزیی پێوە دەرکەوت.
هومای بانگکردو داوای لێکرد پرۆژەکان چالاک بکاتەوە:
_تۆ شـەوان کارت چییە؟ بۆ شـەوانە نایەی لێرە تا درەنگان پێکەوە بین و گەنجێتیی خۆمان بە با بدەین؟
_ڕاسـتییەکەی ئەبێ پرس بە باوک و برام بکەم، نازانم ئەوان ڕێم ئەدەن یان نا؟! هەرچەند جەنابتیان زۆر خۆش ئەوێ، لەو باوەڕەدا نیم ڕێگیرییم لێ بکەن.
گوڵەنار ویسـتی شـەوانی ڕەیهان دووبارە بکاتەوە، هەرچەند لە هوماشـی ئەڕوانی کچی ئەو بەزمانە نەبوو، لەبەرئەوەی کەسـی تریشـی بۆ پێش چوونە لای نەزاکەت شـک نەئەبرد.. بیری لەوە ئەکردەوە بەرە بەرە بیخاتە سـەر سـیک و سـەودای سـەماو خواردنەوە.

ئەردەشێر فەرماندەی بەلادا خستنی شـەڕەکان بوو لەبەرەی پاشادا.. گەر مەولان لە شـوێنی خۆی نەجوڵێنرایە، شـەڕێکی گەورە ئەقەوما، بە تایبەت سـی چەکداری دەمامکدار لە پشـتەوە چاودێریی ڕەوشـی هێرشـەکەیان ئەکردو لە ئان و ساتدا بوو دەست بکەنەوە، چون ئەیانزانی ئەردەشێر لە شـەڕدا بەزەیی نییەو کوشتن تەنها چارەسـەری ئەوە.. دارکۆ نەخشـەی بۆ داڕشـتن و بەو پێیە پلانی گرتنی ڕفێنەرەکانی دانا، کاتێ ئەردەشێر هێرشـەکەی کرد، تەنها هەندێ پاشـماوەی بینی کە ئاماژە بوون بۆ بوونی دەسـتبەسـەرێک لەو ماڵەدا، ماڵەکەش چۆڵکرابوو.
کەسێکیان ناردەوە بۆ لای وەزیری پاسـەوانیی و بارودۆخەکەیان تێگەیاند، ئەویش فەرمانی بۆ ناردنەوە تەواوی ناوچەکە، گوند بە گوند بپشـکنن، پێی وابوو زۆر دوور نەکەوتوونەوە.
شـەو هوما هاتە لای خاتون و خۆشـحاڵیی ماڵی باوکی پێ ڕاگەیاند کە خاتون کچەکەیانی هەڵبژاردووە ببێ بە دەستە خوشـکی.. گوڵەنار کارەکەرەکانی نارد بۆ پشـوو هەر خۆی و هوما مانەوە.. دەسـتی کرد بە شـەراب خواردنەوەو داوای لێکرد بەشـداریی بکا، بەڵام هوما تەنها یەک پێکی بە درێژیی دانیشـتنەکە خواردەوەو حەزی پێی نەبوو، لەبەر دڵی خاتونیش نەئەکرا ڕەتی بکاتەوە.. لەبەر ئەوەی یەکەمین جاری بوو مەی بخواتەوە، بۆ تاوێک کەمێک سـەری گەرم بوو.. بە خاتونی

وت شتێکی سەیری بەسەر هاتووە لێی تێ ناگا چییە.. خاتون باسی مەستیی و دڵخۆشیی بۆ کرد:
_هەر ئەوەندەی ڕاهاتی، ئیتر دەستی لێ هەڵناگری.
_بەڵام خاتون ببورە ناخۆش بوو.
_کە ڕاهاتی خۆش ئەبێ، یەکەمجارە هەروا ئەبێ.
سێ کەس هاتن بۆ فڕاندنی خاتون.. لەبەر دەرگاوە ئارانو ئاگاداری کردن بکشێنەوە، لەبەر ئەوەی هاوڕێیەکی لەوێیە.. ئەوانیش کاتەکەیان گۆڕی بۆ دوای نوستنی خاتون.
هوما باسی ماڵی باوکی بۆ گوڵەنار کرد، کە باری داراییان خراپەو لەوەتای ئەم ئیشەکانی گرتووەتە دەست و موچەی زیادی کردووە، کەمێک بوژاونەتەوە، هەر ئەو هۆیەش ماڵی باوکی خۆشحاڵ کردووە بە هاوڕێیەتییەکەیان.. گوڵەناریش بۆ زیاتر هاندانی ماڵی باوکی دواتر چەردەیەک پارەی بۆ هێنا بۆ پڕ کردنەوەی پێداویستییەکانیان، هەرچەند هوما زۆر ویستی وەری نەگرێ و پێی وت ئێستە زۆر باشین، بەڵام گوڵەنار بۆ خۆش کردنی دانیشتنەکانی خۆی و بەردەوامیی هامشۆی هوما، زۆری لێکردو بە زۆر پێی قبوڵکرد.
جەربەزەی دەمامکدار پەرۆش بوو بۆ بینینی گوڵەنار، ڕایسپاردن ئەمشەو لێیگەڕێن، میوانی هەبووەو ماندووە، کارەکە بخەنە سبەی.. داوای چۆنێتیی دروست کردنی کێلونی دەرگاکانیشی لێکردن تا لە ڕێی ئارانووەوە دەستیان بکەوێ.. بە مەبەستی ئەوەی گەر سبەی شەویش میواندارییەکەی دروست بووەوە، چەکدارەکانی کەرەستەی پێویست ببەن لەگەڵ خۆیان بۆ کردنەوەی دەرکەکان.
شەو لە کاتی کێوماڵ کردنی ناوچەکەدا، هەریەک لە ئەردەشێرو دارکۆ بە جیا ڕۆیشتن هەر یەک بە لایەکدا.. کۆمەڵەکەی دارکۆ ژمارەیان نزیکەی حەفتا کەسێک ئەبوون، لە ڕێگەیاندا چاویان بە کاروانێک کەوت، داوای وەستانیان لێ کردن بە مەبەستی پشکنین و خۆناساندنیان، کاروانچییەکان قاچاخچیی تفەنگ بوون و ژمارەیان زیاتر لە بیست کەسێک ئەبوو، لە بری ڕاگرتنی کاروانەکە بە تەقە وەڵامیان دانەوەو هەر لە دەسڕێژی یەکەمدا دارکۆو دووان لە پاسەوانە تایبەتییەکانی پێکران.. قاچاخچییەکان ئەیانزانی ئەمە سوپای میرییەو هەر بارەکەیان بگیرایە، لەناو شاردا هەڵئەواسران.. لەبەرئەوە شەڕیان هەڵبژارد.. شەڕێکی گەرم دەستی پێکرد، ئەوەی سەربازی مەملەکەت بوو لە چاوتروکانێکدا هەڵاتن، گروپی دەمامکدار کە دابەش بوون بەسەر هەردوو بەرەی دارکۆو ئەردەشێردا، پانزە کەسیان لەگەڵ دارکۆ بوون و شەڕێکی ڕووبەڕوویان کرد، ئەوانیش سیانیان لێ کوژراو بەناچاریی کشانەوە..
قاچاخچییەکانیش بارەکەیان گواستەوەو بە لاڕێیاندا بردو لە کەندێک شاردیانەوەو بەو

شەوە سنوری مەملەکەتیان جێهێشت.. تا دنیا ڕوون بووەوەو ئەردەشێر گەیشتە شوێنی ڕووداوەکە، هیچ جوڵەیەک لەوناوەدا نەمابوو، تەنها تەرمی دارکۆی هەڵگرتەوەو بە کەسێکدا ناردیەوە بۆ وەزیری پاسەوانیی.
نەزاکەت و گوڵەنار لە قسەوباسی گەرمی سەرخۆشیی و جاروبار سەماو باوەشی توندا باکیان بە باسکردنی لەشکرەکەو خەڵک نەمابوو.. گوڵەنار لە میانەی گفتوگۆی چڕیدا داوای لە نەزاکەت کرد هومای بۆ بکات بە سەرکاری گشتیی، بەو مەرجەی لە کارەکانی گوڵەنار دانەپڕێت و لە ڕۆژێکدا تەنها سەعاتێک بچێتە سەر وەزیفەکەی و بگەڕێتەوە بۆ سەر کارەکانی خۆی.. ئەویش بەڵێنی پێدا سبەی دایئەمەزرێنێ.. وا ڕێککەوتن سبەی گوڵەنار هوما بباتە ماڵی خۆی و پاشا کەسێک بنێرێ بە دوایداو بیبینێ.. گوڵەنار ئەم کارەی بۆ ئەوە کرد تا پێگەی کۆمەڵایەتی هوماو باری گوزەرانی چارەسەر بکات و دانیشتن لە گەڵیا ئاسایی بێت.
بەیانی هەر کە دەرکی ژووری نوستنی ترازاند، ئارانو پێی وت ئەمڕۆ ڕۆژێکی خۆش نییە، باسی کوژرانی دارکۆو کەسەکانی تری بۆ کرد.. گوڵەنار پەشۆکا.. بە پەلە خۆی گۆڕی و چووە دەرەوە.. ڕاستەوخۆ بۆ لای وەزیری پاسەوانیی و ئەویش پێی ڕاگەیاند کە سێ کەسیش لە خۆبەخشەکان کوژراون.. گوڵەنار بێ ئومێد بوو، تێگەیشت فەرهاد لە لە کێوێکی سەختدایەو ڕزگار کردنی ئەستەمە.. گەڕایەوە ماڵەوەو ناردی بە شوێن هومادا.. ئاگاداری کردەوە کە دوور نەکەوێتەوە، ڕەنگە پاشا بنێرێ بە دوایداو وەزیفەیەکی گەورەی بداتێ:
_دوێنێ نامەیەکم بۆ ناردو ئەمڕۆ وەڵامەکەیم دەستکەوتەوە کە پاشا بانگت ئەکاو بۆ وەزیفەیەکی باشت ڕائەسپێرێ.. بەڵام دنیا وا بە قوڕ گیراوە، ڕەنگە هەر بیریشی بچێتەوە.. گرنگ ئەوەیە تۆ لێرەبە.
هوما باوەشێکی توندی پیاکردو ماچی کرد:
_خاتون گیان شەرمندەی لای تۆم، ئەو هەموو میهرەبانییەت لە کوێ بوو؟
_بۆ تۆ هیچ بە زایە ناچێ هوما گیان، تۆ خوشکی منیت.
_خەجاڵەتم ئەکەی بەو قسانە، تۆ هەر گەورەی هەمووانی.. سوپاس خاتونی گەورەم.
نەزاکەتشا کوشتنی دارکۆی لە دڵ گران بوو، فەرمانی دا هێزێکی گەورەی تر بە فەرماندەیی خۆرەنگیز بنێرن بۆ بە هاناوە چوونی هێزەکەی ئەردەشێرو وەزیری پاسەوانیی ڕاسپارد بۆ ڕێورەسمی بەڕێ کردنیان.
شاندێکی دوژمن بە نهێنیی داوای بینینی نەزاکەتشایان کردبوو، نەزاکەتیش بە هەندێ مەرجی پێشیین ڕازی بوو بیانبینێ.. ئەم نیوەڕۆیە وادەی بینینیان بوو..
نەزاکەت کە ناردی بە داوای هومادا، داوای گوڵەناریشی کردبوو.. گوڵەنار ئەوەی پێ

سەیر بوو، سەرسوڕمانی خۆی بۆ هوما دەربڕی:
_من حەزم بە چارەی نییەو هەر بۆگەنی ناوگەڵی ئەمکوژێ، کەچی ئەو داوای کردووم، نازانم چی بکەم؟ ئەڵێم نەیەم باشترە!
_ببورە ڕای ئەوەم نییە قسەی تیا بکەم، بەڵام خاتون نەهاتنت کێشە بۆ هەموو لایەک دروست ئەکا.
_ڕاست ئەکەی، باوەڕ بکە بە تایبەت لەبەر تۆو ئینجا لەبەر خەڵک کە دێم.
هوما لوتفی بۆ نواندو دواتر پێکەوە چوونە لای پاشا، وەزیری پاسەوانیی و دیوان و پڕوپاگەندەش لەوێ بوون.. نەزاکەت جگە لە ستایش کردنی خاتون، کەمێک بە باڵای هوماشدا هەڵیداو دەستخۆشیی لە خاتونیش کرد بۆ هەڵبژاردەکەی..
فەرمانی بە وەزیری دیوان کرد دەستبەجێ لە وەزارەتی پیشەو کارگەکان، بە سەرکاری گشتیی دایبمەزرێنێ.. دواتر بەرنامەی کۆبوونەوەکەی بۆ باس کردن و پێی ڕاگەیاندن خاتونیش وەک نوێنەری خەڵک بەشدار ئەبێ لە دیداری شاندەکەی دوژمن، هوما ویستی پرواێ، پاشا خۆشحاڵیی خۆی نیشاندا لە بوونی دوو ژن لەو کۆبوونەوەیەدا.. دوژمن خوێندنەوەی بۆ بارودۆخی شەڕ کردبوو، چەند ناوچەیەکی لە دەست دابوو، خوێنی بەر ببوو، پارێزگاری کردنی زیاتریشی لە ناوچەکانی تر بە خوێنی زیاتر دەستەبەر ئەبوو، لەبەرئەوە لە کۆبوونەوەکەدا داوای ڕاگرتنی شەڕیان کرد بۆ ماوەی سێ مانگ، تا لەو ماوەیەدا بتوانن بگەنە ئەنجامێک بە یەکجارەکیی کۆتایی بەشەڕی نێوانیان بهێنن.. نەزاکەت پێش ئەوەی بە مەرجەکە ڕازی بێ، وەک کەسایەتیی سەرکەوتوو لە شەڕەکەدا هەندێک مەرجی قورسی سەپاند، ئەوانیش بەشێک لەو مەرجانەیان خستە سێ مانگەکەی شەڕ ڕاگرتنەوەو هەرچی پەیوەندی بە خەسارەبژێریی و پول و پارەشەوە بوو، هەر لەوێدا ڕازیی بوون.. بەمجۆرە وەزیرەکان ڕاسپێرران هەر یەکیان بە ئەرکی خۆی هەڵبسێت و ڕەعیەت ئاگادار بکەنەوە.. خاتونیش بە ئەرکی خۆی ڕەزامەندیی نواند.. وەزیری پڕوپاگەندە هەلەکەی قۆستەوەو داوای لە پاشا کرد فەرمان بدات خاتون جاڕی ئەم سەرکەوتنە بدات و وەزیری پاسەوانیی و خۆیشی لەگەڵیا ئامادە بن.. پاشا پێشنیازەکەی پێ جوان بوو، خاتونیش ڕازی بوو.. دوا نیوەڕۆ خەڵک کۆکرایەوەو خاتونی بە مەرامگەیشتوو، بە دڵخۆشییەکی زۆرەوە هەواڵەکەی بە خەڵک گەیاندو هومای جوانی سەرسام لەو دۆخەدا، بە جلوبەرگێکی زۆر سەرنجڕاکێشەوە لە دەستە ڕاستیدا وەستابوو، دوو وەزیرەکەو هەندێک کاربەدەستیش لە لای چەپ و لە پشتییەوە.. ئاهەنگ و خۆشیی دەستی پێکردو هەر وەک ئەوەی بە تەنها خاتون شەڕی کردبێ و بڕیار بەدەست بووبێ، هەموو دروشمەکان بە باڵای ئەودا ئەوتران. ئاهەنگ بەرەو ماڵەکەی خاتون کەوتەڕێ، ئەویش داوای لە هوما کرد، بە جوانترین

شێوە خۆیان پڕازێننەوە، ئەیزانی خەڵکەکە دڵیان بە بینینی خۆشە، چەند بۆ سەرکەوتنەکەیە ئەوەندەش لەبەر جوانییەکەی ببوون بە شوێنکەوتەی، بە ماکیاژی نایاب و جلی کراوەوە دەرکەوتن، ئیتر کوروکاڵ کردیان بە بەزمێک تا ئەو کاتە مەملەکەت خۆشیی وای بە خۆیەوە نەبینیبوو، جاروباریش دائەنەویەوە بۆ هەڵگرتنەوەی دەسڕۆکەکەی و بە خێراییەک سنگی دەرئەکەوت، ئەوەندەی تر گەنجەکانی خرۆشاند.. جوانیی هوماش هیچی لە خاتون کەمتر نەبوو، پێکەوە دەستیان ئەگرت و ئەچوون شان بەشانی گەنجەکان و هەر دەمەی لە گروپێکیاندا ڕەشبەڵەکیان گەرم ئەکرد.. گروپی دەمامکدار بە بەردەوامیی چاویان لەسەر خاتون بوو، نەک کەسێک ڕاسپێررا بێ لەم کاتەدا زەفەری پێ بێنێ، دووانیان وەک هەرزەیەکی سەرسام بە جوانییەکەی هەر لێی نەئەبوونەوە، گوڵەنار هەستی پێکردبوون و وایئەزانی سەرسامیی و خرۆشانی ئەو دوو گەنجە ڕەنگە دەست بۆ بردنی لێ بکەوێتەوە، لەبەرئەوە لاتریسکەی لێ ئەگرتن و ئەوانیش هەر بە شوێنییەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆر حەزی بە تێکەڵییەکە بوو، بەڵام بۆ خۆپاراستن چووەوە ماڵەکەی خۆی و لە بەرزاییەکەوە تەماشای ئەکردن، سەر لێواری دیواری حەوشەی دەمودەست بە چەکدارە نهێنییەکانی گروپی دەمامکدار داپۆشراو تا درەنگانێک خاتون چووە ژوورەوە هەر بەسەر دیوارەکانەوە بوون.

گوڵەنارو هوما هەستیان بە ماندوێتیی و برسێتیی ئەکرد، خواردن ئامادە کرابوو، ئارانو هێنای، دوای پشوویەک ئارانوی نارد بۆ پشوو دان و دەرک و بانی مەحکەم داخست و مێزیان ڕازاندەوە.. هوما ئەمشەو گەیشتە سێ پێک و تەواو مەست ببوو.. هەر کەسێک بەو شێوەیە ببینیایە ئەیزانی چ باسە.. شەوێکی خۆشیان بەسەربردو دواتر گوڵەنار ئارانوی بانگ کردو ڕایسپارد بچێتە ماڵی باوکی هوماو بڵێت ئەمشەو لە خزمەتی خاتوندایە.. ئەوانیش کە بە خەویش بیریان لەوە نەکردبووەوە کچەکەیان ببێتە کاربەدەستی گەورەو دەوڵەمەند بن، زۆر بە خۆشحاڵییەوە قبوڵیان کردو وتیان هەرکات خاتون حەز بکا لەلای بێ، هەموومان لە خزمەتیداین.

لەگەڵ ئارانو ژوورێکیان بۆ هوما ڕێکخست، ئارانو ئەیزانی هوماو خاتونیش مەستن، بەسەر خۆی نەهێناو دوای ئەوەی ئەویان خستە سەر جێی خۆی، گوڵەناریش ئارانوی ڕاسپارد ئاگاداری ماڵ بێ و خۆی بەرەو ژووری نوستن ڕۆیشت و دەرگای توند داخست.. ئارانو ئەمەی بە چەکدارەکان وت و دوای پرس و جۆی جەربەزەی دەمامکدار، بڕیارەکە وایە: لە نوستنی هوما دڵنیابن و خاتون بهێنن.

خۆرەنگیز گەیشتە ئەردەشێرو ڕووداوەکانی وەرگرت، ئەو ڕای وابوو خەڵکە گوند نشینەکە ئاگاداری هەموو شتێکن و نایانەوێ قسە بکەن، بەو شەوە پاسەوانی نارد چەنین ژن و پیرو گەنجیان هێناو پاش نکوڵیی کردنیان کەوتە وێزەیان، ئازارو

ئەشکەنجەیەکی زۆری دان، بەڵام بە بێ سوود، لەبەرئەوەی هیچیان لەبارەی شەڕەکەوە نەئەزانی و ئاگادار نەبوون چ گروپێک شەڕەکەی دامەزراندووە، ئەوەی چەند کەسێکیان ئەیانزانی ئەوەبوو کە دەستی گروپی دەمامکداری تیا نییە، لەبەرئەوە بە هیچ جۆرێک ناوی ئەوانیان نەهێناو خۆڕاگر بوون.
جەربەزە لەلایەکەوە چاوەڕوانی گەڕانەوەی کاکەلاس و لەلایەک هێنانی گوڵەنارو لەلایەکی تریشەوە تەتەری بەردەوامی هەبوو، بۆ ئاگادار بوون لە بارودۆخی خەڵکی ئەو ناوچانەی خۆرەنگیزی بۆ چوو بوو، ئەیزانی ئەرک ئەخەنە سەر خەڵکەکەو ڕەنگە ئازاریشیان بدەن.
خاتون ئەمشەو ویستی تەواوی جوانیی خۆی نیشانی پاشا بدات، وەک کاردانەوەیەک بۆ ئەو هەموو کارە باشانەی لەگەڵی ئەکا.. جلی نوستنی کراوەو ماکیاژی پێویست و بۆن و بەرامەشی لە خۆی دا.. بەرەو کۆشکی ئەفسووناویی و ڕاڕەوی درێژ لە ژووری نوستنی یەکەمی دەرچوو.

ئەمشەو ئارانو هەر سێ کارەکەرەکەی تری خاتونی لە ژوورەکەی خۆیاندا هێشتبووەوەو دەرکەی لەسەر کلۆمدابوون.. دوو کەس لە گروپی دەمامکدار هاتن و لە هوما دڵنیا بوونەوە.. گوڵەنار سەعاتێک زیاتر بوو چوو بووە ژووری نوستنەکەی.. چەند جارێک ئارانو بانگی کردو هیچ وەڵامێکی نەبوو.. دوو چەکدارەکە ئامرازی پێویستیان پێ بوو بۆ کردنەوەی دەرکەکان، ژووری نوستنی خاتونیان کردەوەو چوونە ژوورەوە لەوێ نەبوو.. داوای دڵنیاییان لە ئارانو کرد، ئەویش دڵنیای کردنەوە کە خۆی بینی چوو بۆ نوستن و هەر لەو بەر دەرکەیەش بووەو دڵنیایە لەوەی نەهاتۆتە دەرەوە.. زۆر گەڕان و کاتێ چوونە پێشاوەکە دەرکەیەکی کراوەیان بینی و بە وریاییەوە چوونە ژوورەوە، لەوێوە بۆ ژووری دووەمی نوستن و دووبارە لە پێشاوی ئەو ژوورەشەوە خۆیان پیاکردو لە پێشاوی کۆشکی ئەفسوناوییەوە هاتنە دەرەوە.. ئەو سەروەت و سامانەی لەوێدا بوو، هەردوو چەکدارەکەو ئارانویان هەژاند.. دوای گەڕانێکی زۆر کە نەیانئەزانی بە چ لایەکدا بچن، بڕیاریان دا بمێننەوەو خۆیان حەشار بدەن تا خاتون ئەگەڕێتەوە.. دەمەوبەیان خاتون بە جلی نیمچە ڕووتیەوە گەڕایەوەو دوو چەکدارەکە پێشیان لێگرت و بە شڵەژاوییەوە بردیان بۆ ژووری نوستن و داوایان لێکرد جلێکی داپۆشراو لەبەر بکا، لە کاتی خۆ گۆڕیندا گوڵەنار ویستی پەلاماری چەک بدات و ئەوان بەدەستتر بوون، زوو چەکەکەیان لێوەرگرت. گوڵەنار لە ترسی ئەوەی پاشا نەزانێ نهێنیی کۆشکی ئەفسوناویی درکێنراوە، داوای لێکردن هەموو دەرکەکان دابخاتەوەو ئەوەیان کرد.
جەربەزە کە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ گوڵەنار ئەکرد، بە جۆرێک دەنگی خۆی گۆڕی بوو، بە ئاشکرا هەستی پێ ئەکرا.. گوڵەنار لە وەڵامی کۆشکی ئەفسوناویی و دوو

ژووری نوستن و دەرچوونی بە ناپۆشتەیی درۆی پێ نەئەکرا، هەمووی بە ڕوونی باس کردو عەشقەکەی خۆی و نەزاکەتشاش کەوتە ڕوو:
_تۆ زانیت من کێم و ئەوەی هیچ کەسێکیش نایزانێ، ئێستە تۆ ئەیزانی، ئەی تۆ سڵ لە چی ئەکەیتەوە وا بە دەنگی ڕاستەقینەی خۆت قسە ناکەی؟
" _پاش وەستانێک" باش نییە کەسی وەکو تۆ لەناو ببرێ، ئەوەتای ئەم مەملەکەتە مەملەکەتە، فێڵبازو جانانەی وەک تۆی تیا هەڵنەکەوتووە.. چۆن توانیت بە ناو ئەم هەموو ئاگرەدا ئەو هەموو یارییە بکەی؟ فێڵ لە پاشاو لە میللەتێکیش بکەی؟
_بۆ گەیشتن بە هەر مەرامێ، نابێ کەس بخوێنیتەوە، لەبەرئەوەی یەکجار ئەژیم، ئەبێ بزانم ئەوەی ئەمەوێ چییەو چۆن بە دەستی ئەهێنم.
_ئافەرین، زۆری نەمابوو بە مەرام بگەیت.
_نەخێر، من ئەبووایە بچمە شوێنەکەی نەزاکەت، دڵنیام هەر ئێوەش فەرهادتان کوشتتووە، ئەو بمایە، هەر پێی ئەگەیشتم.
_بەڵام تۆ مەولانت ناردبوو ئەو بکوژێ؟!
_ئەوەشم چارەسەر کردبوو.. تازە تێپەڕی، باس کردنی لە زیادەیە.
_ئەی یاوەرسینت خۆش ئەویست؟
" _بە پێکەنینێکی قوڵەوە": هەموو شتەکان کۆتاییان هات و وا منیش لەسەر دەستی تۆ بەرەو کۆتایی ئەچم، ئیتر بۆ باسی ڕابردوو ئەکەی؟ پێم سەیرە!
_باشتر وایە لەو ژیانە جەنجاڵەت دوور بخەمەوە.. گەر تۆ بچیتە جێی نەزاکەت، کۆشکی ئەفسوناویی هەر وەک خۆی ئەمێنێتەوە لە نادیارییدا و پاشا هەر تێرو برسیش هەر برسیی ئەبێ.
_هەر کەسێک بچێتە ئەوێ، هیچ لە بابەتی تێرو برسیی ناگۆڕێ، تۆیش بچی هەروا ئەبێ.. دەی بڕیاری خۆتان بدەن و کاتی زیاتر بە فیڕۆ مەدەن .
جەربەزە دوو کەسی ناردو هومایان لە شیرینیی خەودا بە ئاگا هێنایەوەو دەموپلیان هەڵپێکاو بردیانە بەردەمی جەربەزە.. زۆری لێ نەکۆڵییەوە، تەنها ئەوەندەی هەستی کرد کەسێکی داماوەو تەفرەی گوڵەناری خواردووە.. ئەوی نارد لە دەرەوەی شار لە ماڵێکدا دەست بەسەربێ.. گوڵەنار مایەوە.
خۆرەنگیز لە گەڕانیدا کەوت بەسەر کەندەڵانەکەی چەکەکانی تیا شاردرابووەوە.. هەموو چەکەکانی دەرهێناو لە کێوماڵ کردنەکەش هیواپڕاو بوون، کەسیان بۆ نەدۆزرایەوە، خۆی پێشبینیی ئەوەی کرد هێرشبەرەکان قاچاخچیی چەک بووبن و دواتر هەڵاتبن.. بەخۆی و لەشکرەکەیەوە بڕیاری گەڕانەوەیاندا ..
بەیانی بوو تازە خۆر کەوتبوو، هێشتا تەواو خۆی دەرنەخستبوو، کرێکارێکی چێشتخانە بەرەو سەرکارەکەی بە بەردەمی ماڵی خاتوندا تێپەڕی، خاتونی بە

کۆڵەکە بەرزەکانی کۆشکەکەیەوە بینی هەڵواسرابوو.. سەرەتا نەیئەویست باوەڕ بە چاوی خۆی بکا، دواتر دڵنیا بووەوەو دەستی کرد بە هاوار کردن و دنیای شڵەژاند.. جەربەزەی دەمامکدار لە کۆشکی ئەفسوناوییدا خۆی حەشاردابوو، سێ کەسی لەگەڵ بوو.. خەڵک هەموو ڕژانە سەر شەقام و ناو کۆڵانەکان.. تورەیی خەڵک خوێنڕژانێکی زۆری بەدەمەوە بوو، نە پاسەوانیی ئەیتوانی سەرکوتیان بکات و نە کەسیش هەبوو بەرەو ئامانجێک ڕێکیان بخات، تەنها ژاوەژاو و گریان و بەخۆدا کێشان و جنێودان بە پاشاو دارو دەستەکەی ئەبیسترا.. میریی چەندین ڕاگەیەنراوی لەسەر یەکی دەرکرد بۆ هێور کردنەوەی خەڵک، هیچ دادی نەبوو، بەرد ئەگیرایە هەموو دامودەزگایەکی میریی، هێرشێک کرایە سەر بنکەی پاسەوانیی یەک و بە هۆی خۆ ئامادەکردنی پێشووترەوە و ناڕێکیی پەلامارەکە، لە ماوەیەکی کەمدا هەموو دەستبەسەر کران، گەیشتنەوەی خۆرەنگیز بە لەشکرەکەیەوە، ترسی خستە دڵی خەڵکەوەو هەندێک گەڕانەوە ماڵەکانی خۆیان، وایانزانی ئەو لەشکرە بۆ ئەوە هاتوون بەر بدرێنە گیانی خەڵک.. بەرە بەرە خەڵک هێمن ئەبوونەوە، بە تایبەت چەند پیاوماقووڵێک داوای بکوژەکەیان لە میریی کرد و کەسیش نەیئەتوانی ڕاستەوخۆ نەزاکەت تاوانبار بکا.. بۆ یەکەمینجار نەزاکەت لە بەرزایی بەردەمی کۆشکەکەیەوە قسەی بۆ خەڵک کردو زۆر بە پەرۆشەوە داوای هاوکاری خەڵکی کرد بۆ دۆزینەوەی بکوژەکەو باسی ڕابردووی جوانی خاتونی کرد.. باسی ژیریی و دانایی ئەو شۆرە ژنەی کردو زۆر کەس قەناعەتی گۆڕا.

پێش ئەوەی پریاری لە قەنارەدانی گوڵەنار بدا، گوڵەنار دانی بە هەموو فێڵەکانی دا نا، کە لە خەڵک و لە نەزاکەتیشی کردووە.. سەبارەت بەخۆی پرسیاری کرد:

_ئەی چارەنوسی من؟... تۆ کێیت بۆ پێم ناڵێی؟

_تۆ ئەبێ بمری، لەبەردەمی ماڵەکەی خۆت هەڵتئەواسین.

_بە دڵی خۆتان، بەڵام باوەڕ ناکەم خەڵک ئەوەتان لێ قبوڵ بکا!.

_خەڵک هەر کە منی بینی، تۆی بیر ئەچێتەوە، بەر لە مردنیشت ئەوە بزانە کە نەزاکەتشا پێ لێ هەڵبڕینی زیادو خەڵک کۆکردنەوەی لە کەس قبوڵ نەکردووە، تا لە تۆی بکا. ئەمانە هەموو پلانی پاشای گەورەمانەو ئێمە تەنها جێبەجێی ئەکەین ..

_ئەمانە قسەی پوچن، وا نەزاکەتم گەوج نەکردبوو، شتی وام لەگەڵ بکا، ئادەی بزانم تۆ چ دڵسۆزێکی پاشای، من نەمبینیویت؟

دەمامکدار ڕووپۆشەکەی سەری خۆی لابرد، گوڵەنار تۆقی و قیژەی کرد:

وەک ئەڵێن سیاسەت ئەوەیە هەرچییەکت بۆ لوا بیکە.. نە ئاشنایەتی و نە وەفاو نە مۆراڵ و نە خوێندنەوەی بۆ هیچ شتێک هەیە.. تەنها بەرژەوەندیی و کێ زۆرزان و بلیمەتتر بوو، ڕێککەوتەکان لە بەرژەوەندیی ئەودا بوو، پیرۆزی بێت.. بەو عەقڵیەتەوە

ئەو شەوە گروپی دەمامکدار بە ڕاگەیەنراوێکی نهێنیی کە فڕێ ئەدرایە ماڵانەوە.. خەڵکیان هان ئەدا بۆ تۆڵە کردنەوەی خوێنی بە ناهەق ڕژاوی خاتونی گەورەی نیشتیمان.. داوایان لێکردن ئەبێ نەزاکەت بە خۆی و دەستەودایەرەکەیەوە لەناو بچن و خەڵک دەسەڵات بگرێتە دەست و ئیتر زوڵم و سەرکوت کردن کۆتایی پێ بێت و سەرەوەت و سامانیی گشتیی بگەڕێتەوە بۆ خەڵکی ستەمدیدە .
دەمامکدار ویستی پێش کوشتنی گوڵەنار خەمێکی گەورەشی لێ بار بکا، بەوەی پاشا فەرمانی کوشتنی داوە، بەڵام گوڵەنار زانی ئەمە هەوڵێکی پووچی دەماکدارە، کاتێ کە دەمامکدار خۆی ئاشکرا کرد، گوڵەنار ترسێکی زۆر دایگرت و ڕاچڵەکی:
_یاوەرسیییییییییین!!!!!
_بەڵێ! وەک خۆت دانت پیانا، تۆ ویستت من بکەیتە قوربانیی و خۆت بگەیتە دەسەڵات، کەچی وا گەیشتینە ئێستەو قوربانییەکەش تۆ ئەبی. ئیتر ئەوە ژیانە!
ئەو کاتەی هێرش کرایە سەر یاوەرسین، زۆرابی پیاوماقووڵ یاوەرسینی هەڵگرتەوەو پیاوەکانی خۆی ڕاسپارد بیگەیەننە ماڵی ئەوان، لە ماڵەوە پزیشکی شارەزای هێناو بینیان نەک هەر نەمردووە، بەڵکو فیشەکەکان شوێنی زۆر کاریگەریان نەگرتووە، تەنها شۆک و بەرکەوتەیەکی دەروونییە لێی داوە، دەرەنجامی ئەوەی جاری تریش بە برینداریی لە هۆشی خۆی چووە، دوو سێ فیشەکیش ناو سکی گرتبوو، کە بە نەشتەرگەرییەکی خێرا چارەسەر کرا.. دارەمەیتی گرانبەهای بۆ هێنراو نەعشێکی خاڵیی خرایە گۆڕەوە.. بۆ ماوەیەکی زۆر زۆراب یاوەرسینی شاردەوەو داڵدەی دا، تاوەکو ئێستەش بۆ سەلامەتیی خۆی و کوڕەکەی، نەیویستووە کەس بزانێ کە ماوە.. تەنها کەسێک کە بزانێ جەربەزە یاوەرسینە، ئەویش کاکەلاسە.. یاوەرسین لەم ماوەیەدا بۆنێکی ناخۆش لە بن باڵیەوە سەری هەڵداو هەرچەندی ئەکرد نەیئەتوانی بنبڕی بکا.
لەگەڵ خۆر هەڵاتنی ڕۆژیی دواییدا پەیتا پەیتا خەڵک ئەهاتن و لە شێوەی گروپ کۆ ئەبوونەوە.. یاوەرسین هەر لە کۆشکی ئەفسووناوییدا مابووەوەو فەرمانی بە هەموو لایەکدا بڵاوئەکردەوە لە ڕێگەی یەکێک لە پیاوەکانییەوە، ڕایسپاردبوون ئەم شوێنە بە نهێنیی بمێنێتەوەو کەس نەیدرکێنێ ..
چێشتەنگاو هێرش کرایە سەر کۆشکی نەزاکەتشا، هێرشەکە بێ چەک بوو، داوا لە پاسەوانەکان ئەکرا خۆ بە دەستەوە بدەن و دژایەتی خەڵک نەکەن.. هەر پاسەوانێکیش دەستی بکردایەتەوە، لە دوورەوە کەللەی سەریان ئەپژاند.. وەزیری پاسەوانیی لەگەڵ ئەو حەشاماتەدا هیچی بۆ نەکرا، هەڵات بۆ لای پاشاو ڕەوشەکەی تێگەیاند، ئەویش لەو کاتەدا کە وەزیر پشتی تێکرد، فیشەکێکی نا بەسەریەوە.. خۆیشی جل و بەرگی گۆڕی و بە پەلە ڕیشی تاشی و بەرەو دەرگای

کۆشکی ئەفسوناویی تێی قوچاند.. کاتێ گەیشتە کۆشکی ئەفسوناویی، یاوەرسین ڕێی پێگرت:
_ئەوە چییە تۆ ماوی؟! هەڵە مەکە یاوەرسین، من گوڵەنارم نەکوشتووە، ئەو پەیوەندیی گەرمی لەگەڵ من هەبوو، هەموو شەوێک بە سەرخۆشیی لە باوەشما ئەنوست، چۆن من شتی وا ئەکەم؟!
یاوەرسین نەیهێشت لەوە زیاتر دەم بە یەکدا بداو کوشتی.. تەرمەکەی ڕاکێشا بەرەو کۆشکەکەی خۆی و لە ناو کۆشکەوە تەقەی لە پاسەوانەکان کردو ئەوی خۆی نەدا بە دەستەوە کوژرا.. تەرمی نەزاکەت نیشانی خەڵک دراو بینینی یاوەرسین خەڵکی هێنایە جۆش و خرۆش و خۆشییەکی زۆریان دەربڕی.. وڵات کەوتە سەردەمێکی ترەوەو یاوەرسینشا بوو بە پادشای مەملەکەت.
یاوەرسین دوابەیەکی وەزیرەکانی شەلاڵی خوێن کردو یەک پاسەوانیش لە کۆشک و وەزارەتەکان نەگەڕایەوە ناو ماڵ و منداڵیی و خەڵک دەستخۆشیی زۆریان لێکرد.. ئەوانەی گوڵەناریان هەڵواسیی، هەر ئەو سێ کەسە بوون کە بە نهێنیی کۆشکی ئەفسووناویی و ڕاڕەوەکەیان ئەزانی، لەگەڵ ئارانو کە ئەویش بە نهێنیی کۆشکی ئەفسووناویی ئەزانی، هەر چواری ناردن بۆ شوێنێک و بە ناوی ناپاکییەوە تیرباران کران.. خوشکە بچوکەکانی ئارانو و مامە نابیناکەی و سێ کارەکەرەکەی تر لە کۆشک دەرکران.. هومای جوانی هێنایە کۆشکەکەی گوڵەنارەوەو بە هەمان دەستووری گوڵەنار شەوانە بە ڕاڕەوەکەدا ئەگەیشتە یاوەرسین و لە مەستیدا ئاوێزانی یەک ئەبوون، کوڕە بچکۆلەکەی بە سەدان کارەکەرو خزمەتکاری بۆ دانرا..
جگە لە هوماو یاوەرسین کەسی تر نەما بە نهێنیی کۆشکی ئەفسوناویی بزانێت و دەستی بەسەر هەموو سامانەکەدا گرت.. تەنها شتێک هومای بێزار کردبوو، بۆگەنی زۆری بن باڵی یاوەرسین بوو.. هومای کرد بە وەزیری پیشەو کارگەکان.. فەرهادی هێنایەوەو کردی بە ڕاوێژکاری خۆی، مەولانیان هەر لە جێی خۆیدا کوشت.. کاکەلاسی لە سەنگەرەکانەوە هێنایەوەو کردی بە وەزیری پاسەوانیی، وەزارەتەکانی تریشی بە شوێنکەوتووە نزیکەکان و خزمە نزیکەکانی سپارد..
باوەیاسی بەخێوکەری کوڕەکەی، بوو بە سەرۆکی شورا، گۆڕەکەی پاکیزییان بە جوانیی نۆژەن کردەوە.. زۆرابی ڕاسپارد وەک پیاوماقڵێکی حەقپەرست لەناو خەڵکدا بێت و هەرکات ناڕەزایی دروست بوو، ئەو کۆیان بکاتەوە، بەو مەرجەی هەر بە نهێنیی بمێنێتەوەو کەس بە پەیوەندییان نەزانێ.. هومای ڕاسپارد ڕۆڵی گوڵەنار بگێڕێ و ناو خەڵک چۆڵ نەکات و هەر دەنگێکی ناڕەزایی دروست بوو ئەو کپی بکاتەوە، بە مەرجێک نهێنیی بێت و کەس بە پەیوەندیی گەرمیی ئەو و پاشا نەزانێ.. ژوورە کۆنەکەی نەزاکەتی بە سێ کەس نوێ کردەوە بە دەستوری تازەو

ئەوانیشـی دواتر تیر باران کرد، ئیتر خۆی و هوما نەیێت، هیچ پاسـەوانێکیش بۆی نەبوو ئەو ژوورە ببینێت.
خۆرەنگیزو ئەردەشێر پاکانەی خۆیان کردو سـەرەتا لێیان وەرگیراو دواتر کەس نەیزانی چۆن کوژران.. یاوەرسـینشا بڕیاری دەرکرد هەرکەسێک دژی مەملەکەت هەر هەڵوێسـتێک بنوێنێ، بە ناپاکیی ئەژمارد ئەکرێ و سـزاکەی کوشـتنە.. خەڵک کەوتنەوە سـەر کاروکەسـابەتی خۆیان و شـەڕ بە تەواوەتی کۆتایی پێهات و ناوی مەملەکەتیش گۆڕا بۆ مەملەکەتی یاوەرسـینشا.
برسێتیی هەر وەکو جاران و کێڵگەی خاشخاشـەکان هەر وەکو خۆی خزمەت ئەکران.. دڵخۆشـیی خەڵکەکەش لەوەدا بوو توانییان کۆتایی بە حوکمی نەزاکەتشا بهێنن.. بە فەرمانی یاوەرسـینشا پەیکەرێکی گەورەش بۆ خاتونی نیشـتیمان دروسـتکرا.